ڕۆمان..

# دوو ژن.... لەژنێکدا

نوسینی

د. نەوال ئەلسەعداوی

وەرگێڕانی

دڵنیا عەبدوڵڵا

PDF4Kurd

د. نوال السعداوي

امرأتان في امرأة ...

دار الاداب - بيروت

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

- ناوی کتێب: دووژن لە ژنێکدا
- نووسەر: نوال سعداوی
- وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: دڵنیا عەبدوللا
- پیتچنین و دیزاین: نەورۆز فوئاد عزیز
- دیزاینی بەرگ: زانا کەمال
- تیراژ: ١٠٠٠
- زنجیرە: ١٦٣
- ژمارەی سپاردن (٣٤٥) ساڵی (٢٠٠٧)
- چاپ:
- چاپی یەکەم

## پێشکەش بە:

هەموو کوڕو کچێك لەبەهاری تەمەنیاند، خۆزگە پێش ئەوەی کات بەسەربچێت بزانن کەرێگەی خۆشەویستی بەگوڵ نەرازاوەتەوە، ئەو گوڵە نەپشکوتوەی کەبۆ یەکەم جار لە رووناکی خۆردا دەکرێتەوە، لمۆزی هەنگ دەکەوێتەسەری و گەڵا ناسکەکانی هەڵدەمژێت، جا گەر بێتو ئەو گوڵە ملکەچ بکات، ئەوا لەناودەچێت و ئەگەر بەرەنگاری کردو گەڵا ناسکەکانی گۆڕی بەدڕکی نوك تیژ، ئەوا دەتوانێت لەنێوان ئەو هەنگە برسیانەدا بژی....

**نەوال ئەلسەعداوی**

**مارت١٩٧٥**

ڕۆژ چواری مانگ بوو، مانگیش ئەیلول بوو، قاچی ڕاستی خستبوە سەرلێواری مێزێكی مەڕمەڕ و قاچی چەپشی لەسەر زەوی بوو، وەستانێك لەگەڵ ئەوەدا نەدەشیا كە ئافرەتەكە(هێشتا لە چاوی كۆمەڵدا ئافرەت نەبوو)،كچێك بوو تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، لەوكاتەدا جلوبەرگی كچانە ڕێگەی بەم جۆرە وەستانەی ئەو نەدەدا، ئەوان جلێكیان لەبەردەكرد ناوی(جێب) بوو كە لەدەوروبەری ڕاندا توندو لەلای ئەژنۆكانەوە تەسك بوو، قاچەكان هەمیشە پێكەوە نوسابون، لەكاتی دانیشتن و وەستانو بەڵكو لەكاتی ڕۆیشتنیشدا، هەرگیز ئەو قاچانەی لێك جیانەدەبونەوە لە جوڵەی ئەو هەنگاوە ناسراوانەدا كە مرۆڤ دەینێت، بەڵكو جوڵەیەكی دەوری سەیربوو، كە قاچەكانی كچی پێ دەجولا بەسەرزەویدا، وقاچو ئەژنۆكانی بە نوساوی بەیەكەوە دەمانەوە، وەك ئەوەی لەنێوان ڕانەكانیدا پەستان بخاتەسەرشتێك لەترسی ئەوەی نەكەوێتە خوارەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا كە كچ بوو سەری سوڕدەماو حەزی دەكرد بزانێت ئەوشتە چییە كەلەوانەیە لەهەركچێك بكەوێتەخوارەوە ئەوساتەی كە قاچەكانی لێك دوردەخاتەوە، بەچاوگێڕانێكی سروشتی هەمیشە دەگەڕاو سەیری ئەو جوڵە كرمیەی دەكرد كە هەركچێك پێی دەڕوات.

روكەشی دەرەوەی زۆر لەكچەكانی دیكە جیاوازنەبوو بێجگە لەوەی كە ئەو پانتۆڵی لەپێدەكرد، وقاچەكانی درێژوئیسكەكانی ڕێكو ماسولكەكانی بەهێزبوون، دەیتوانی لەكاتی ڕۆیشتندا پێ بڕوا بەسەر زەویداو قاچەكانی بەسەربەستی بجولێنێتو بەمتمانەشەوە لێكیان جیابكاتەوە، هەمیشە خۆی لەنیوان كچان و قوتابخانەی كچانو پۆلەكانی كچاندا دەبینیەوە، ناویشی لە





لیستی كچاندابوو، بەهیە شاهین ، ئەوتا خڕەی بۆ ناوەكەی زیادكراوە وەك پشتێنێكی چەرم بەلیستی ناوی كچەكانەوە دەیبەستێتەوە.

لەبەرئەوەی عەقڵی مرۆیی دەستەوەسانە لەپێزانینی ڕاستی شتەكان، ئەوا لەلای هەموان بە بەهیە شاهین ناسرابوو، بەڵام ڕاستیەكەی كەس نەیدەزانی، خەڵكی سەری سوڕدەما كە ئەو دەڕۆیشت بەڕێگادا، ماوەیەكی بینراو لەنێوان ئەژنۆكانیدا هەبوو، ئەویش دەیبینی كە سەیری ئەو ماوەیەی نێوان ئەژنۆكانی دەكەن، بەڵام خۆی وا دەردەخست كە نایانبینێت وبەردەوام دەبوو لەسەر ڕۆیشتن، قاچەكانی دەجولاندو لەیەكی جیادەكردنەوە، و هەر پێیەكی بەجیا دەكێشا بەزەویدا بەهێزێك كەبەهۆیەوە دەیزانی ئەو بەهیە شاهین نییە.

ئەو ڕۆژە تەمەنی بوو بەهەژدە ساڵ، بەوەستانە سروشتیەكەی خۆی وەستابوو(لەچاوی كۆمەڵدا ناوازەبوو) ، قاچی ڕاستی لەسەر لێواری مێزە مەڕمەڕەكە و قاچی چەپیشی لەسەر زەوی، وەستانێك كەهیچ كچێك بەڵكو هیچ كوڕێكیش لەوكاتەدا نەیدەتوانی بەوشێوەیە بوەستێت، چونكە ئەوجۆرە وەستانە پێویستی بەدوو قاچە كەماسولكەكانی زۆر نەرمو ئیسكەكانی بەهێزو ڕێك بن.

لەزۆربەی كاتدا كوڕان قاچیان خوارو خێچە(بەهۆی بەدخۆراكی لەكاتی منداڵیدا)، هیچ كام لەو كوڕانە ناتوانێت قاچ بەرزبكاتەوەو بیخاتە سەر لێواری تەختەیەكی بەرزو قاچەكەی دیكەشی لەسەر زەوی دابنێت، زۆرترین شت كە بیتوانیایە بیكردایە ئەوەبوو كە تەنها قاچێكی بخاتەسەر مێزێكی تەختەی نزم، بەهیە دەیبینی كە زۆربەی كوڕان ئەو وەستانە دەوەستن كە

تەنها بۆ ئەوان ئاساییەو رێپێدراوە.

تەنها کەس کە دەیتوانی قاچی زیاتر بەرزبکاتەوەو بیخاتە سەرلێواری مێزەکە دکتۆر عەلوی مامۆستای(توێکاری) بوو، کە بەپاڵتۆ سپی و چاویلکە سپیەکەیەوە بەناو مێزەکاندا تێدەپەڕی، هەر کاتێك لای هەر مێزێکەوە دەوەستا قوتابیەکان قاچە بەرزکراوەکانیان لەسەر کورسیەکانەوە نزم دەکردەوە و لەسەر دوو قاچ کە خەریك بوو بەیەکەوە دەنوسان لەبەردەمیدا دەوەستان، بەڵام ئەو قاچی لەهەوادا بەرزدەکاتەوە زۆر بەمتمانەوە دەیخاتە سەر لێواری مێزەکە، و راستەوخۆ بە دووچاوە شینەکانی بێ ئەوەی بیانترۆکێنێت سەیری چاوی قوتابیەکانی دەکات، کاتێك لای مێزەکەی بەهیەوە رادەوەستا بەهیە قاچەکانی نزم نەدەکردەوە، و کاتێکیش چاوە شینەکانی دەبڕیە چاوە رەشەکانی ئەویش چاوەڕەشەکانی تێدەبڕی‌و دەیزانی کە رەنگی رەش زۆر بەهێزترە وەك لە رەنگی شین بەتایبەتی لەچاواندا، رەش بنەڕەتە و ئەو رەگە قوڵەیە بەناوجەرگەی زەویدا درێژبۆتەوە، لەنێوان پەنجە سپیەسوربووەوەکانی دکتۆر عەلویدا مقاشێکی کانزایی دەردەکەوت، کە دەیخستە ناوسکە کراوەکەی لاشە مردەوەکەوە یان دەیخستەسەر قاچ یان قوڵ یان ملی، و هەرشتێکی بەدوو لێوارە تیژەکەی مقاشەکە دەگرت هاواری دەکرد ئەمە چییە؟ هەمیشە بچوکترین و وردترین شتی دەگرت، خوێنبەرێکی بچوك لەژێر ماسولکەیەکی بچوکدا خوێنی پیادا دەڕۆیشت، خوێن هێنەرێکی باریکی شاراوە لە توێژاڵی پێستدا، دەمارێکی ورد وەك موو کە بەزۆر بەمقاشەکە دەگیرا.

هەشت کچ لەدەوری یەك لاشەی مردوبون، لە نێوان ئەو کچانەدا یەکێك





یان زیاتر ناوی خوێنبەرو خوێنهێنەرو دەمارەکانی بەجوانی لەبەربوو، هەرکە دکتۆر عەلوی پرسیاری دەکرد دەیوت ئەمە چییە؟ لە توێکارگەکەدا دەنگێکی مێینەی تیژو نزم بەرزدەبووەوە.

لەهەموو جارێکدا سەیری بەهیە شاهینی دەکردو چاوەڕێ دەکرد کە جارێك وەڵامبداتەوە و بۆی بسەلمێنێت کە وەڵامی پرسیارەکەی دەزانێت، بەڵام ئەو رەتی دەکردەوەو حەزی نەدەکرد تاقیکردنەوەی بکات، ئەو رۆژە، چواری ئەیلول، هەستیدەکرد کە شتێکی ترسناك لەژیانیدا روودەدات، هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا ئەو هەستەی بۆدێت، لەبەیانیدا چاوەکانی دەکاتەوە دەبینێت خۆر بەشێوەیەکی ئاسایی هەڵهاتوە، و چاوەکانی دایکی تیژترو بریقەدارترن، بەهێواشی بەخۆی دەوت ، لەم رۆژەدا شتێکی ترسناك لە دایکمدا روویدا کە ئەویش منی بوو، هەموو جارێك واهەستی دەکرد کەشتێکی ترسناك لەو رۆژەدا روودەدات، زۆر لەدایك بوونی ئەو ترسناکترە. کاتێك کە بەگوێی دایکیدا دەچرپێنێت‌و ئەو خەیاڵەی پێدەڵێت کەلەمێشکیدایە، دایکی بە پێکەنینە مێ یینە ناسراوەکەی ئەو کاتە کە کپکراوو لەشێوەی هەناسەیەکی بچڕبچڕدا بو پێدەکەنێت‌و دەڵێت: بەهیە ئاقڵ بە

دایکی لێی تێنەدەگەیشت، و کاتێك بەهیە دایکی دەبینی لەجێگاکەی خۆیدا پاڵ کەوتوە، بەهێواشی بۆی دەکشاو لەلایەوە پاڵدەکەوت‌و جێگەی باوکی دەگرتەوە. دەستە بچوکەکانی دەکردە ملی دایکی وەك چۆن باوکی دەستی دەکردەوە ملی دایکیەوە، بەهەستێکی راستەقینەوە دەیزانی کە تەنها جەستەی دایکی لێی تێدەگات، دایکی بە قۆڵە گەورەکانی بەهەموو

هێزی باوەشی پیادادەکرد کە خەریك بوە دەیپلیشانەوە. ئەو کاتە ئەو چیرۆکی منداڵان و داستانە خەیاڵیەکانی دەخوێندەوە، لەیەکێك لەو داستانانەدا خودایەکی مەزن هەبوو، خەڵکی لەشارێکی ئەفسوناویدا دەیانپەرست، ئەو خودایە دەیتوانی بەتاقەدەستەکەی هەموو شتێکی رەق بگرێتو بیگوشێ، پاشان کە دەستەکەی دەکردەوە بەتاڵ بوو.

لەبەردەم ئەو هێزەدا بێزاردەبوو کە هەڕەشەی لەبونی دەکرد، بێزاریەکەشی سروشتی بو لەمنداڵیدا لێی تێنەدەگەیشت، بەڵام ئێستا وردە وردە لێی تێدەگات، لەدوایدا بۆی دەردەکەوت کە ئەو هەر لەسەرەتاوە لێی تێدەگەیشت، لەوساتەوە کە بۆی دەرکەوتوە ئەم جەستەیەکی تایبەتی هەیەو جیایە لەجەستەی دایکی.

ئەو ساتەی لەیادناچێت، تیایدا ئازارەکەی وەك چەقۆیەك وابوو کە گۆشت ببڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئازارێکی راستەقینەنەبوو، کاتێك کە دەستی بەسوڕێکی تەواو بەدەوری جەستە سەربەخۆکەیدا جوڵاند بازێکی بەرزی بەهەوادا هەڵدا، وەك چۆلەکەیەك لەخۆشیدا دەفڕی، بەڵام ئەو چۆلەکە نەبوو،بۆیە کەوتەوە سەر زەوی (بەهۆی هێزی کێشکردنی زەویەوە). لەو کەوتنەخوارەوەیەوە کێشی جەستە تایبەتیەکەی خۆی دەزانێت، دەزانێت کە کێشی زەوی لەو قورسترەو زەوی بەهێزێك رایدەکێشێت کەلەهێزی خۆی زیاترە، وەك قۆڵەکانی دایکی کە جارێکی دیکە بۆلای خۆی رایدەکێشێتو بەهەمو هێزی هەوڵدەدات جەستەی خۆی و ئەو بکاتە یەك جەستە، بێ سودە، چونکە جیابونەوەی هەتاسەر لەساتێکدا رویداوە کە تێپەڕیوەو ناگەڕێتەوە، هەرلە منداڵیەوە هەست بە نەهامەتیەك لەسەر جەستە





تایبەتیەکەی خۆی دەکات، لەهەمو هەنگاوێکداو لەناو هەمو خانەکانی لەشیدا هەڵیدەگرێت، ئارەزویەکی زۆرتوند بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتوە، ئارەزو بۆ دەرچون لەکێشکردنی زەوی، بۆ ئەوەی ببێتە جەستەیەك بەبێ بارستایی، کە ڕووی هەیە، سنوری دەرەکی هەیەو لە چواردەوری جیادەکاتەوە، ئارەزویەکی زۆر توند بۆ تواندنەوە وەك گەردەکانی هەوا لە گەردوندا، و نەمانو لەناوچونی تەواوو کۆتایی.

لەوێنەی خودا ئەفسانەییە کە ورد دەبوەوە، سەیری پەنجە گەورەکانی دەکرد کە دەیتوانی هەموو شتێك بە یەك چەپۆك بپیشێنێتەوە، کاتێك لەشەودا کە لەترسا بەئاگادەهاتەوە دزەی دەکرد بۆ جێگەکەی دایكوباوکی، وجەستە بچوکەکەی دەخستە نێوان هەردوو جەستە روتەکەیانەوە، بەڵام باوکی بەدەستە گەورەکانی پاڵیپێوەدەناو دوری دەخستەوە، دایکیشی بەچاوە رەشەکانی کەلەچاوەکانی خۆی دەچوو سەیری دەکردو بەدەنگێکی نەرمونیانەوە پێی دەوت: بەهیە کاتی ئەوە هاتوە کە بچیتە جێگەکەی خۆتەوە، ئیدی گەورەبویت.

دەنگی دایکی نەرمونیان بوو، هەستی بەسۆزی دەکرد کە وەك پەنجەیەکی نەرمونیان بوو لەسەر جەستەی، کە بەسۆزو ناسكو نەرمیەوە دەیهێنا بە جەستەیداو سوڕێکی تەواوی دەکرد، وەك یەکێك کە هێڵەکانی جەستەی ئەو بکێشێت،و لەگەردونی دەرەوە جیای بکاتەوە، بەهیە بەتەنیا لەجێگەکەیدا دەگری بەهۆی ئەو سۆزەوە کە بەنەرمونیانی بەریدەکەوێتو جەخت لەسەر بونی سەربەخۆ،و قەوارە تایبەتە جیاکەی دەکاتو، دەداتە پرمەی گریانێکی کپکراو کە خۆیو جێگەکەی دەلەرێنێتەوە، زۆر حەز

دەکات ئەو پەنجانە وازبێنن لەو سۆزە هەڵخەڵەتێنەرە،و هێزێکی زۆریان بخاتە سەرو تاسەر لەجەستەیدا نەیانهێڵێت، وا لەخۆی و دایکی بکات کەببنە یەك شت.

چاوەکانی نوقاند بۆ ئەوەی بنوێت، بەڵام نەنوست ترس دایگرت بەهۆی بیرۆکەیەکی سەیرەوە کە بەخەیاڵیدا هات، ئەویش ئەوەیە کە هەموو ژیانی بەختەکات لەپێناوی گەڕان بەدوای ئەو ساتەدا یان لێی هەڵدێت.

لەترساندا سەری خستە ژێر لێفەکەوە، ژورەکەی پڕبون لە خێوی داستانەو خودا خەیاڵیەکان. کەفشار دەخەنەسەر جەستەی و دەیانەوێت لەناوی بەرن، ئەویش بەهەموو هێزی بەرهەڵستی دەکاتو لەقەیان لێدەداتو گازیان لێدەگرێتو هاوار بۆ دایكو باوکی دەکات.

قیژەکەی ترسێکی راستەقینە نەبو، فێڵێك بو دایکی پێ هەڵدەخەڵەتاند کە لەوەوە فێری ببو، چونکە دایکی درۆی لەگەڵدا دەکرد، لەجێگەکەیدا لەگەڵی دەنوست و پێی دەوت بەتەنیا جێت ناهێڵم، لەنیوەشەودا هەستیدەکرد دایکی بەدزیەوە لەجێگەکەی ئەو دێتە دەرەوەو دەچێتەوە جێگەکەی باوکیەوە بۆیە ئەمیش چاوی لەدایکی دەکرد، دەیزانی چۆن بەدەنگێکی لەرزۆك و جێگە بەزەییەوە هاواربکات و دایکی بێنێت بۆ لای خۆی و لەگەڵیدا بخەوێت.

دایکی لەحەزو ئارەزوی بەهیە تێنەدەگەیشت، کە دەمی پڕدەکرد لە خواردن، کاتێك ئاوڕی دەدایەوەتفی دەکردەوە ناوقاپەکە، بەهیە سەیری لێدەهات کە چۆن دایکی لێی تێناگات لە کاتێکدا کە وەك خۆی وایە، جارێکیان پرسیارێکی لەدایکی کرد، لەوەڵامدا وتی کە هیچی بیرنەماوە،





بەهیە بۆی دەرکەوت کە خەڵکی بەئەنقەست یادگاریە راستەقینەکان لەبیردەکەن،و یادەوەریان پڕدەکەن لەوشتانەی کە رویان نەداوە. بەپاك و بێگەردی منداڵەوە بەدایکی وت، بۆی دەرکەوتوە کەئەو کچەو کوڕ نییە، پاشان جلەکانی هەڵدایەوە بۆ ئەوەی ئەو راستیەی بۆ بسەلمێنێت، دایکی کێشای بەدەستیداو قیژاندی و پێی وت: بڵێ تۆبە ئیتر واناکەم! بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە، دایکی جارێکی دیکە لێی داو پێی وت: بڵێ تۆبە ئیتر واناکەم، هەر وەڵامی نەدایەوە، دایکی دەستی بەرزکردەوەو وشەپازلەیەکی کێشا بە دەموچاویدا، هەر دەمی نەکردەوە و بڵێ تۆبەم کرد، چونکە بیروهۆشی لەسەر راستیەکی سەیر کرابونەوە، بۆیە لێوەکانی گەزینو سەری دانەواند بۆ سەر زەوی بۆی دەرکەوت کە خەڵکی تەنها حەزو ئارەزوە راستەقینەکان قەدەغەدەکەن چونکە ئەو ئارەزوانە بەهێزن، بەڵام ئارەزوە نا راستەقینەکان لاوازن و پێویستیان بە یاساکانی قەدەغەکردن نییە، بۆیە بەدوای هەموو ئەوشتە قەدەغەکراوانەی چواردەوریدا دەگەڕا، بۆ ئەوەی ئارەزوە راستەقینەکانی مرۆڤ بدۆزێتەوە.

ئەو گەڕانە گەڕانێك بو بەدوای زانینی راستی شتەکاندا، ئەویش لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکەی نەدەویست.

کاتێك کە دکتۆر عەلوی بەئوتۆمبیلە درێژەکەی بەلای ژوری تۆێکاریدا تێپەڕدەبوو، چاوی هەر حەوت کچەکەی هاوڕێی دەبریقانەوەو هەمویان گلێنەی چاویان بەیەك ئاڕاستەی دیاریکراو دەجوڵاند، بەڵام گلێنە رەشەکەی چاوی ئەو بۆ ئەو هەستە سەیرە رایدەکێشا و وریایی دەکردەوە کە هەموو شتێکی رێپێدراوو ناڕاستەقینەیە، یەکێك لە هاوڕێ کچەکانی یەنجە تیژەکەی

كرد بە شانیدا و پێی وت سەیربكە !

بەهیە سەری بەرەو پەنجەرەكە هەڵبڕیو ئۆتۆمبیلێكی درێژی بینی، سەرێكی لێهاتبووە دەرەوە كە دووچاوی شینی كەمێك زەقی تێدابوو، هاوڕێ كەی جارێكی دیكە پەنجە تیژەكەی كرد بەشانیدا و وتی:

– بەهیە رات چییە؟

بەهیە لەوەڵامدا وتی، نیگاكەی راستەقینە نییە. هاوڕێكەی بەبەری لەپی دەكێشێت بە پشتی بەهیەدا و بەدەنگێكی گاڵتەجاریەوە دەڵێت:

– رەزات خواتەوە.

دەمی هەر حەوت هاوڕێ كچەكەی بەپێكەنینێكی مێینەی كپكراوی بچرپچردەكرێنەوە، وەك هەناسە یەك كە بەبێ بەشكراوی هەڵدەكێشرێت و هەتا هەتایە تێرنابێت.

بەهیە لەبێ بەشكراویدا زیاتر تورەبوو وەك لە پێكەنینیان، بۆیە خوێن بەرزبووەوە بۆ دەمو چاوی، مقاش و ئامێرەكانی تویكاری كۆكردەوەو خستیە جانتا چەرمەكەیەوە، و ژوری تویكاری بەجێهێشت كاتێك كە هاتەدەرەوەو، بۆنی فۆرماڵین و لاشە مردوەكانی لە لوتدا نەما بۆی دەركەوت كە ئەو لەبێ بەش بون و پێكەنینی ئەوان تورە نییە، بەڵكو ئەو دەیەوێت بە گوێی یەكێكدا بچرپێنێت و باسی ئەو هەستە سەیرەی بۆ بكات كە لەناخیدا وەك كۆرپەلەیەك بەدرێژایی ساڵ پەنگی خواردۆتەوە، رۆژ لەدوای رۆژ كەڵەكە دەبێت و بەرزدەبێتەوەو زیاد دەكات، تا لە رۆژی چواری ئەیلولدا دەگاتە تینی و بەراستی بۆی دەسەلمێنێت كە ئەو بەهیە شاهین نییە لە كۆلێج هاتەدەرەوەو بەرەو شەقامی(قەسرئەلعەینی) كەوتە رێ،





سەیری دەمو چاوی خەڵكەكەی دەكرد وەك ئەوە لەنێوانیاندا بۆ دەمو چاوە راستەقینەكەی خۆی بگەڕێت، لەشوێنی وەستانی ترامەكەدا وەستا بۆی دەركەوت، كە ئەو بەدوای هیچدا ناگەڕێت، بەڵكو ماندوە و برسیەتی.

لەترامەكەدا دانیشت، پشتی بە پشتی پیاوێكەوەو روی بەڕوی پیاوێكەوەبوو، لەلای راستو چەپیشیەوە پیاوی لێبوو، لەبەردەمیشیدا ریزێك لەپیاو بەبێ دەنگی دانیشتبون، بەشی خوارەوەیان لەسەر كورسیەكان جێگیرو وەك بەرد وا بوو، بەشی سەرەوەشیان بە جوڵەیەكی هیواشی رێك وەك جوڵەی ترامەكە دەجوڵا. كاتێك ترامەكە دەوەستا بە توندی سەریان دەچوە دواوە، و لەترسانا چاوەكانیان دەكردەوە، و كاتێكیش دڵنیادەبون كە سەریان لەجێگەی خۆیاندایە چاوەكانیان دەنوقاندو دەنوستن. هەموویان كارمەندبوون، چونكە شەقامی (قەسر ئەلعەینی) پڕبوو لە وەزارەت و دیوانەكانی حكومەت، ئەو كارمەندانە هەموویان یەك شێوەیان هەبو، روخسارو قاتو پەنجە و پێڵاوەكانیان هەمویان یەك شێوەیان وەرگرتبو، وەك ئەوەی حكومەت لەسكەی دابن وەك چۆن پارە لەشێوەی قوچەكی لێكچوو لەسكەدەدات، شانیان هەمووی پێكەوەنوسابوو، كەمێك داچەكاوبو (هەرچەندە كە بەرگی ناوەوەی قاتەكانیان ئەستوربوو) وەك ئەوەی كە بارێكی هەتاهەتاییان لەسەر شانیان هەڵگرتبێت كە بەچاو نابینرێت، بەڵكو بوەو هەر هەیە، بەڵگەش بۆئەوە كە جار بەجار شانەكانیان دەجوڵاند، بەشێوەیەك ئاماژەی بەوە دەدا كە ئەو بارەقورسە لەشانێكەوە دەخەنەسەر شانەكەی دیكەیان لەگەڵ ئەوەشدا كە ئەو پیاوانە نوستبون بەڵام جوڵەی چاویان لەژێرپێڵوەكانیاندا ئەوەی

دەردەخست کە ئەو خەونانەیان راستەقینە نییە، کاتێکیش کەچاویان دەکردەوە و سەیری ئەویان دەکرد دەیزانی کە بەئاگا بونەکانیشیان راستەقینە نییە، بەمەش هەموو شتێك تیایانداو لەچواردەوریاندا ناڕاستەقینە دەبێت، کاتێك کە دەمیان دەکەنەوەو ددانەکانیان دەردەکەوێت نازانیت کە زەردەخەنە دەیانگرێت یان مۆڕەدەکەن، و کاتێك سواری ترام دەبن یان لێی دادەبەزن و پەنجەکانیان دەجولێنن، نازانیت کە سڵاو دەکەن یان هەڕەشەدەکەن، بەمەش هەموو شتێك تیایاندا تێکەڵوپێکەڵ دەبێت، چونکە هەموو شتێك لەگەڵ دژەکەیدا وەك یەك دەبێت، زەردەخەنە وەك مۆڕەکردن، سڵاو وەك هەڕەشەکردن، راستی وەك درۆ، چاکە وەك خراپە، خۆشەویستی وەك رق‌و کینە.

جوڵەو روخسارو ماناکان هەمویان لێکدەچن تاڕادەیەك کە هەناسە تونددەکەن، بەهیە ملی لە ترامەکە هێنایە دەرەوە بۆ ئەوەی هەوایەکی پاك هەڵبمژێت، و کاتێك هەناسەدانە هێمنەکەی بۆ دەگەڕێتەوە ئەو تێکچونەی بۆ دەردەکەوێت کە حکومەتەکان لە مرۆڤەکاندا دروستی دەکەن، پیاوی گەورە لە قەبارەی منداڵێکدا دەبێت، بەڵام ئێسکی جومگەکانی تەمەنە راستەقینەکەی دەردەخات، ئەوقات و بۆینباخەی لەبەریدایە وای دەردەخات کەلەچینی دەستەڵاتداربێت بەڵام رۆیشتنەکەی بونی راستەقینەی دەردەخات کە لەچینی حوکم کراوەکانە.

لە هەموو شوێنێکدا دەیبینین، کە شەقامەکانیان پڕدەکردەوە، قەڵەبالغیان دەخستە ناو ترامەکان، لە دەرگاکانەوە بەجەستە بچوك و، شانە پڕوپان و کەللەسەرە زل، و پشتە چەماوە، ودەمە هەمیشە کراوەکانیان بە





پێکەنینێك کە لەمۆڕە دەچو، و مۆڕەیەکیش لە پێکەنین دەچو، دەهاتن و دەچوونە دەرەوە.

بونەوەری مرۆیین بە توانای خودا دروستبون، بەهێزێکی مەزنی نامرۆیی، کە مرۆڤ دەکاتە بونەوەری دیکەیی نامرۆیی.

بەهیە لە ترامەکە دابەزی و بەرەو ماڵەوە رۆیشت، لەدورەوە پیاوێکی بینی کەلەهەموو پیاوێکی دیکە دەچوو، دوو شانی پان‌و کەللەسەرێکی گەورە وپشتێکی چەماوەی هەبو، سەیری نەکردو خێرا رۆیشت بۆ ئەوەی بچێتە ماڵەوە، بەڵام پیاوەکە بەناوی خۆیەوە بانگیکردو ئەمیش ئاوڕی بۆدایەوە روخساری باوکی بینی، باوکی لەوەدەچو کە ترسێکی زۆری لەسەردەموچاوی بەهیە بینیبێت، چونکە چاوەکانی داچەقاو بەسەرسوڕمانەوە وتی:_

بەهیە چیتە!

بەهیە بەدەستی هەردوو چاوی شاردەوە و خێرا پێش باوکی خۆی کرد بەژووردا، دەموچاوی زەرد هەڵگەڕابوو کاتێك کە دایکی دەرگاکەی لێکردەوە بەڵام تێبینی نەکرد، بەهیە هەمیشە رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بۆ ئافرەتێکی وەك دایکیشی کارێکی گرانە کە پلەی زەرد هەڵگەڕانەکەی جیابکاتەوە، چونکە توانایەکی دەگمەنە و پێویستی بەسەیرکردن و وردبونەوەیەکی دورودرێژ هەیە، دایکی نەیدەتوانی سەیری دەموچاوی بەهیە بکاتو چاوەکانی ببڕێتە چاوی، بۆیە بەهیە ئەمەی کرد بەبەڵگەی ئەوەی کە دایکی هەر لەمنداڵیەوە هەڵی دەخەڵەتێنێت، هەروەها باوکیشی هەر هەڵیخەڵەتاندوە، کە لەماڵەوە لەبەردەمی ئەودا بەجەستەیەکی درێژی زل و

ناوشانێكی پان و دەستێكی گەورەی بەهێزەوە دەردەكەوت كە دەیتوانی شەپازلەی لێبدات، لەگەڵ ئەوەی كە تەنها یەكێك بو لە هەزاران كارمەندی حكومەت.

هەژدە مۆمی داگیرساو لەسەر مێزێكی سپی دانراوە دایكی دەمی بەهیە پڕدەكات لەشیرینی ، كاتێك كە ئاوڕدەداتەوە تفی دەكاتەوە ناوقاپەكەو، باوكیشی بەڕویدا پێدەكەنێت، بەڵام ئەو گومانی لەو پێكەنینەیە ، باوكی هەموو شتێكی بۆتە راستیەكی گومان لێكراو، گومان وەك مۆم وایە تیشكێكی سورو چزانێكی تیژی وەك دەرزی هەیە، تائێستاش ئەوچزانەی بیرە، مێزەكەش هەمان مێزە، بەڵام ئەوسا یەك مۆمی لەسەر بوو، ئەوكاتە تەمەنی یەك ساڵ بوو، تیشكە سورەكەی مۆمەكەی وەك بەشێك لەخۆی لەچاوەكانیدا دەبینی، جەستە بچوكە نەرمەكەی بەسەر زەویدا دەخشاندكە پێوەی نوسابوو وەك بەشێك بێت لە خۆی و هێشتا لە گەردون جیانەبوبێتەوە، دەستەكانیشی نەیاندەتوانی خولێكی تەواوبكەن بەدەوری جەستەیدا، دەستی بچوك و لەشی گەورەو زلبوو كەروبەری نێوان بنمیچ و زەویەكەی داگیردەكرد، كاتێك دەستی درێژدەكردو بۆقاچەكانی دەگەڕا نەیدەزانی كە ئایا قاچەكانی خۆیەتی یان قاچەكانی كورسیەكەیە، كاتێكیش كە تیشكەسورەكەی لەچاوەكانیدا دەبینی نەیدەزانی كە تیشكی مۆمەكەیە یان تیشكی چاوەكانیەتی، كەوتە گومانەوەو ویستی دڵنیا بێت،بۆیە پەنجەی درێژكرد و چزا بەئاگری مۆمەكەدا، ئەوسا جیاوازی نێوان ئاگرو چاوەكانی زانی، لەرێگەی گومانو ئێش و ئازارەوە سنوری جەستەی دروست دەبونو ئەندامەكانیشی شێوەیەكی تایبەتیان وەردەگرت، گوێی لەدەنگی دایكی بوو





لەسەر مێزە سپیكەوە دەهات كە هەژدە بڵێسەی باریكی ئاگری لەسەربوو، پێی وتی: هەموو ساڵێك بەخۆشی بەهیە. بەهیە واقی وڕماو بڕوای نەدەكرد كە تەمەنی بوەتە هەژدەساڵ، ئایا گەردون هەژدە ساڵ بە دەوری خۆیدا سوڕاوەتەوە ؟، نەیزانی چۆن ئەم پرسیارەی لە خۆی كرد، بەڵام دەزویەكی ئاوریشمی نەبینراو سوڕەكەی ئەو دەبەستێتەوە بەسوڕی گەردونەوە، كاتێك كە سەیری پەپكەی مانگی دەكرد دەزولە ئاوریشمییەكان وەك وایەر لەنێوانیاندا بەرەو یەكتری رادەكێشان بەڵام كێشكردنی زەوی بەهێزتر بوون بەهیە لەنێوان مانگ و زەویدا وەك ئەوە وابوو كەلەسەر رویەك وەستا بێت، بەڵام ناخی وەك گەردەلولی دەریا قوڵپی دەدا، بەرهەڵستی كێشكردنی دەكرد لە هەموو لایەكەوە، لەناوەوەیدا شتێكی بچوك وەك میزەڵدانێكی فوتێكراو دەتەقیەوەو، هێلكەیەكی بچوكی وردی بە قەبارەی سەرە دەرزیەكی خڕی لێدەهاتە دەرەوە، كە لەسەریدا یەك چاو هەبوو سەیری دەكرد، بەرەوپێشەوە دەسوڕایەوەو دەیڕوانی و بەدوای ساتی بەیەك گەیشتنی هەتاسەردا دەگەڕا، بۆ ئەوەی لە گەردوندا و وردوخاش ببێت و بە تەواوی لەناوبچێت.

بەهیە دەمو چاوی لەبەر روناكی مۆمەكاندا سورهەڵگەڕابوو، باوكیشی وایدەزانی كە وەك هەمو كچێكی تەمەن هەژدە ساڵان شەرم دەیگرێت، بەڵام ئەو تەمەنی هەژدە ساڵ نەبوو، كچیش نەبوو، كچ مانای چییە ؟ ئەم پرسیارەی لەدایك وباوك و هاوڕێكانی ناو ژوری توێكاری كرد، كاتێك دكتۆر عەلوی گوێی لە پرسیارە بوو مقاشە كانزاییەكەی كر بە سكێكی هەڵدراوی ئافرەتێكدا و مناڵدانی گرت كە سێگۆشەیەكی بچوك لە گۆشت بەقەبارەی

هەرمێیەکی بچوك بوو، روەکەی ساف و لوس، و لەناوەوە چرچ و لۆچ، بنکەکەی بۆ سەرەوەو سەرەکەشی بۆ خوارەوە بوو.

دکتۆر عەلوی چاوە شینەکانی بڕیە چاوە ڕەشەکانی بەهیەوەو زەردەخەنەگرتی، بەڵام ئەو زەردەخەنە نەیگرت، دەستی بەهیەی گرت و بردیە سەر مێزەکەی بەرامبەریان و بەشێوەزاری مامۆستاوە پێی وت، ئەمە پیاوە، و بەمقاشێك ئەندامی نێرینەی گرت، ئەویش پارچە پێستێکی رەشی چرچو لۆچی بینی وەك سلەگویەکی کۆن وابوو، کاتێك کە گەڕایەوە بۆماڵەوە لەبەردەم دایکیدا دانیشتو داوای لێکرد کە سەیری دەمو چاوی بکات و لێی وردببێتەوە، پاشان پرسیاری لێکرد: ئایا من بەهیەم؟ دایکی هەناسە مێینە کپکراوە هەتا هەتاییەکەی هەڵدەکێشێت و دەڵێت: کچم ئاقل بە !، دایکی لێی تێنەدەگەیشت، بەڵام ئەو لەدایکی تێدەگەیشت، کاتێك کە زور سەیری چاوەکانی دەکرد دەیتوانی مناڵدانی ببیبنێت، کە لول بووە و لەبنی سکیدا جێگیربوە، و جومگەکانیشی گرژدەبن و خاودەبنەوە، گرژدەبن و خاو دەبنەوە، بەترپەیەکی خێراو یەك لەدوای یەك، وەك ترپەلێدانی گەردون لە خامۆشی شەودا، و بەهێزێکی نەبینراوی هەست پێنەکراو وەك جوڵەی زەوی دەجولا، حەزی دەکرد بە هەموو هێزی فشار بخاتە سەر ئەو مناڵدانە بۆ ئەوەی هەتاهەتا لە جوڵە شێتانەکەی بکەوێت، بەڵام دایکی چاوەکانی شۆڕدەکاتەوە بۆ سەر زەوی و ناتوانێت زۆر سەیری چاوەکانی ئەو بکات، دایکی لەناخیدا شتێك هەیە کەلەوی دەشارێتەوە، و لە قولایی دەرونیدا دەینیێژێتو هەناوی چین لەسەر چین تێوەدەپێچێت، بۆ ئەوەی نەبینراوبێت، جوڵەکەی شاراوەو ناکۆتا و نهێنی بێت تاکو سەر.





هەتا هەتایی وشەیەکە کە ئەو ماناکەی نازانێت، رۆژ لەدوای رۆژ تێپەڕدەبێت، و سوڕی مانگ بەدوای سوڕی خوێندا دێت لە جەستەیدا، و خانە هەڵئاوساوەکانی ناخی لەهەمان ساتدا دەتەقن، هێلکە ووردەکە سوڕانێکی خێراو شێتانە وەك سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بەیەك چاو لە گەردون دەڕوانێتو بەدوای لەناوچونی خۆیدا دەگەڕێت، بێ سودە، بێ سودە هەموو جارێك شکستهێنان دوبارەدەبێتەوە، لەگەڵ سوڕی بێ سودی مانگدا، توڕەیی لەناخیدا وەك قوڵپ دانی خوێن کەڵەکە دەبێت، کۆدەبێتەوەو کەڵەکە دەبێتو لەگەڵ سوڕی کاتدا لەناو بواری جەستەیدا دەخولێتەوە، لەخانەکانیدا بەراستی هەستی پێدەکات، هەستێکی زۆرە ملێیە، پێش بینی ئەوەی بۆدەکات کە رۆژێك لەرۆژان، رۆژێکی تایبەت و دیاریکراو توشی شتێکی ترسناك دەبێت، لەخوونەنەریتی ئەودا نەبوو کە رۆژژمێر هەڵبگرێت، وهەرگیز سەیری ئەو رۆژ ژمێرەی نەدەکرد کە لەژورەکەی باوکیدا هەڵواسرابوو هەموو رۆژێك لاپەڕەیەکی لێدەکردەوە، کەبەهەمان رێگەو لەهەمان ساتدا هەموو بەیانیەك لاپەڕەیەك لێدەکاتەوە، لێیدەکاتەوەو لە دەستیدا لولی دەکاتو دور فرێی دەدات، ئەویش بەڕوی باوکیدا هاواردەکات: وازی لێبێنە ! پێش ئەوەی باوکی دەستە گەورەکەی لەلاپەڕەکە هەڵبگرێت، بەهیە واهەست دەکات کە هەڵەی کردەووە و خۆر بەپلەیەکی نائاسایی هەڵنەهاتوەو چاوەکانی دایکی هەر ئەو چاوانەی هەموو رۆژێکن،و ئەو هەستە نامۆیەی کە بۆی هاتوە لە خەیاڵێك لە خەیاڵە زۆرە جۆراوجۆرەکانی ئەو زیاتر نییە، ئاوڕ دەداتەوەو واز لەباوکی دێنێت بۆ ئەوەی وەك رۆژانی دیکە لاپەڕەکە لێبکاتەوە، بەڵام لێی

ناکاتەوە، گوێی لە دەنگی باوکی دەبێت لەدواوە پێی دەڵێت: بەهیـە هـەموو ساڵێك بەخۆشی، ئەویش بـە جوڵەیـەکی تونـدو خێـرا ملـی بـادەداتو چـاوی دەکەوێتـە سـەر ژمـارە چـوار(٤) وەك هێڵێکـی شووشـەیی رەش لەسـەر لاپەڕەیـەکی سـپی،و خـوێن لـەدەمو چـاویدا نامێنێـتو رەنگـی زەرد هەڵدەگـەڕێت. کاتێـك بەشـەقامەکەدا دەڕوات بـە چـوار دەوری خۆیـدا ئـاوڕ دەداتەوەوکە گوێی لەدەنگێك دەبێت لەدوایەوە دەوەستێتو ئاوڕدەداتـەوە وەك ئەوەی یەکێك بانگی بکـات، پـاش سـاتێك دەزانێـت کـە بـانگی نـاوێکی دیکە دەکات لەسەرکێشی بەهیە، یـان کوفیـە یـان وەفیـە، یـان نەجیـە یـان عەلیە یان زەکیە، کاتێك سـواری ترامەکـە دەبێـت وا هەسـت دەکـات یـەکێك لەدوایـەوە سـوار دەبێـت و دوای دەکـەوێت کاتێـك لـە شـەقامی (قەسـر ئەلعەینی) دادەبەزێت، بەئەستەم گـوێی لـەدەنگی هـەنگاوەکانێتی لـەدواوە، کەدەشچێتە نـاو دەرگـای کۆلێجـەوە، ئـەویش بەدوایـدا دەچـێتە ژورەوە.لـە هەیوانـە فراوانـە قەڵەباڵغەکـەی کۆلێجـدا بـە دوایـدا دەگـەڕێت، دەنـگو روخسارەکان تێکەڵ دەبن، وا هەست دەکات کە خۆی بەتـەنیا لەدەریایەکدا نقـوم دەبێـت، بـێ ئـەوەی کـەس بیبینێـت و بیناسـێتەوە، دەموچـاوی وەك دەمو چاوی هاوڕێکانی لێهاتوە هیچ جیاوازیەك لـەنێوان بەهیـە یـان عولەیـە، یان سعاد یان ئیڤۆندا نییە، لەو ساتەدا هەسـت بـەمانای راسـتەقینەی مـردن دەکات، لەنێولاشە مردوەکانی نـاو ژوری توێکاریـدا بـەدوای مردنـدا دەگـەڕا، بـەڵام مـردن وەك ژیـان وایـە لـە لاشـە مردوەکانـدا نـاژێ، مـردن بەتـەنها لەبیروهۆشـی زینـدودا دەژێ، ژیـانێکی زۆر بـەهێز، کـە توانـای وەرگرتنـی بچوکترو شاراوەترو نهێنیترین هەستەکانی هەیە، هەروەها هەست بەو ونبونە





دەکـات کـە گـەردێکی هـەوای سـوڕاوە بـەناو گەردونـدا هەسـتی پێـدەکات و بەرەنگاری  ونبون دەبێتەوە لەنێوان ملیۆنەها گەردا، یان وەك ئـەو ئـارەزوە شکستخواردوەی گەردێکی ئاو هەستی پێـدەکات کـە بەرهەڵـستی تواندنـەوە دەکـات لـەئاوی دەریـادا. بەرهەڵـستیەکی شـێتانەی نائومێـدی لەلوتکـەی شکستهێناندا، کە خۆدان بەدەستەوەیەکی تـەواوی وەك خامۆشـییەکی هـەتا هەتایی دروست دەکات، لەو ساتەدا هەرکەسێك سەیری دەموچاوی بەهیـەی بکردایە وایدەزانی کە کوێر یان لاڵە، وجەسـتەی جـێگیرەو ناجوڵێـت، لەگـەڵ ئەوەی کە قاچەکانی بەسەر زەویـدا قـاچ لـەدوای قـاچ دەڕۆیـشتن، شـتەکان لەپێش چـاوەکانیدا یـەك رەنـگو یـەك شـێوەیان هەیـە، شـتەکانیش هـەموو لێکدەچـن، جوڵـەو دەنگـەکانیش هـەمو لێکدەچـن، سـەیری کـرد کـە بـەبێ ئاگایانـە دەڕوات، لـەگۆڕەپانی کـۆلێج هەڵـدێت،و لـەو لێکـچونە بکوژانـەی ناوەوەو دەرەوەی جەستەیداو لەجیهانی دەرەکی هەڵدێت.

بەهیـە لـە تەنیـشت دیـواری کۆلێجـەوەو لـەدواوەی بینـا گەورەکـەدا سوچـێکی بـچوکی جیـاکراوە و جیـای هـەبوو، تیایـدا لەسـەر کورسـیەکی تەختـەی بـێ پـشت دادەنیـشت و بـەرەو پێـشەوە دەچـەمایەوە، سـەیری پارچەیەکی بچوکی زەوی دەکرد کە بەقەدەر قەبارەی لەپی دەست دەبـو و هیچ گیایەکی سەوزی لەسەر نـەڕوا بـوو، جیـا لـە زەوی دەوروبـەری رەنگـی قـوڕی بـو، و شـەقو درزی بردبـوو، لـەنێوان ئـەو درزە باریکانـەدا ملیۆنـەها بونەوەری وردی وەك مێرولە دەهاتنو دەچونە دەرەوە.

–بەهیـە ناوەکـە لـە گوێیـدا وەك نـاوێکی نـامۆ و نـاوی یـەکێکی دیکـە دەزرنگایەوە، لەسەر کورسیەکە رادەچڵەکێتو لەڕاچڵەکینی جەستەیدا بـۆی

دەردەکەوێت کە جەستەیەکی تایبەتی هەیە و دەتوانێت بیجولێنێتو بیلەرێنێتەوە بێ ئەوەی جەستەکانی دیکەی لەگەڵدا بجولێنەوە، هەروەها دەزانێت کە ئەو ناوێکی تایبەتی هەیە، کاتێك لە هەوادا دەزرنگێتەوە سەری بەرزدەکاتەوەو سەری سوڕدەمێنێتو پرسیار دەکات، کێ بانگم دەکات؟ هەموو جارێك کە گوێی لەو بانگکردنە دەبێت سەری سوڕدەمێنێت، بەهەستێکی شاراوەوە دەزانێت کە یەکێك بەناوی خۆیەوە بانگی دەکات، جەستەی خۆیشی لەنێوان ملیۆنەها جەستەدا دەناسێتەوەو دەتوانێت لە بلیۆنەها جەستەی ئەو بونەوەرانەی جیابکاتەوە کە لە گەردوندا دەسوڕێنەوە.خوێن لە دەمو چاویدا نامێنێت و ڕەنگی زەرد هەڵدەگەرێتو لەشێوەی مرۆڤدا نامێنێت،وەك زەرد هەڵگەڕانی ئەو پەیکەرانەی لەبەرد هەڵکەندراون یان وەك دەمو چاوی ئەو مردوانەی لاشەکانیان لەسەر مێزە مەڕمەڕەکەی ناو توێکارگە سەفتەکراون، ڕەنگی دەموچاوی خۆی بینی کاتێك کە سەیری ئاوێنەی ژوری قوتابیە کچەکانی کرد، و کە پەنجەکانیدا لەپێستیەوە هەستی کرد کە ساردە و بۆتە سەهۆڵ، بەڕاستی دەیزانی کە ئەو دەترسێت و دەیەوێت لەو دەنگە رابکات کە بانگی کردوە، ئەو بانگکردنەی کە تەنها مەبەستی ئەوە، هەروەها لەو هێزە لەرادە بەدەرەی کە توانی لەوانی دیکەی جیابکاتەوە، ویستی بەخێراییەك رابکات کە قاچەکانی پێی رانەهاتبون، خۆی کرد بە ناو هاوڕێ کچەکانیدا و جەستەی لەنێوان جەستەیانو سەری لەنێوان سەریاندا شاردەوە، کاتێك سەرەکان دەجولێنران ئەویش سەری لەگەڵیاندا بەلای راستو چەپ و بۆ دواوەو پێشەوە دەجولاند، وەك قەڵغانێك لەنێوان ئەو سەرانەدا خۆی دەپاراستو





سەری دەشاردەوە، نەیدەوێرا سەری بهێنێتە دەرەوە، چونکە لەدەرەوەدا هێزێکی لەڕادە بەدەری سروشت هەیە دەتوانێت لەنێوان ئەو قەڵەباڵغیەدا بیگرێت، جەستەی لەنێوان جەستەکاندا جیابکاتەوە، هێزێکی بەتوانای مەزن کە هەر ئەو سەری بهێنێتە دەرەوە بە موگناتیسێك رایدەکێشێت بۆ لای خۆی کەلەهێزی کێشکردنی زەوی بەهێزترە،و کە راشی کێشا دەیخاتە بوارە کارەباییەکەیەوە،و لە خولگەکەیدا وەك هەنگێکی شێت کە شاخەکانی لێکرا بێتەوە بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە تا ئەو خولانەوەیە لەناوی دەبات هەستی بەو مەترسیە دەکرد کە لەناخیدا گەشەی دەکردو گەورە دەبو، ئەو مەترسیەی هەڕەشەی لێدەکات کە ئەو هەر لەناودەچێت، و جۆرە میکرۆبێك لە جەستەیدا دەژێ، بەوریایی و بەهێمنی دەیخواتو بەشێنەیی لەناوی دەبات بێ ئەوەی خۆی پێی بزانێت، یان لەپڕداو لەساتێکی کورتدا لەنێوان هێڵەکانی ترام، یان لەژێر تایەکانی پاسێکدا دەپلیشێتەوەو هیچ کەسێك فریای ناکەوێت، و کاتێك گوێی لە قیژەیەك دەبێت سەری لە ترامەکە دێنێتە دەرەوە و لاشەیەکی پارچەپارچە بوو لەسەر هێڵەکانی ترامەکە دەبینێت وا هەست دەکات کە جەستەی خۆیەتی، ئەو دەمو چاوە زەردهەڵگەڕاوە هی ئەوە، وئەو خوێنە سورەی لەسەر قیڕەکەیە خوێنی ئەوە، پاشا ترامەکە جارێکی دیکە دەکەوێتە جوڵە ئەوسا دەزانێت کە جەستەی لە شوێنی خۆیدایە لەسەر کورسیەکە ساغ و سەلامەتە و خوێنەکەی هەر لە لەشیدایە و نەهاتۆتە دەرەوە، بەهەستێکی شاراوەی راستەقینەوە دەزانێت کە هێشتا ئەو رۆژە نەهاتوە، تائێستاش بەهیە شاهین قوتابیە کۆشکەرە خوڕەوشت جوانو بەرزەکەیە،و کچی محەمەد شاهینە کە بەڕێوەبەرە

لەوەزارەتی تەندروستی بەهیە هەموو ڕۆژێك بە جوڵەیەك دەچێتە ناو كۆلێجەوە كە لە جوڵەكەی خۆی دەچێت، و بەرەو پلیكانەدارەكەی عەلی پاشا ئیبراهیم دەچێت و لەسەر ئەو كورسیە دادەنیشێت كە هەموو ڕۆژێك لێی دادەنیشێت، لەكورسی دوواوەو لەدوا ریزدا لەلای چەپەوە، هەركەسێك ببینێت وا دەزانێت لە جێگەكەیدا نوستوە، لەگەڵ ئەوەی كە زۆر بەئاگایە، قوتابیەكان زۆربە رونی و لەهەموو كاتێكی دیكە رونتر دەیانبینێت، كاتێك كە لەدەرگاكەوە پاڵ بەیەكترەوە دەنێن و دێتە ژورەوە و قاچ دەنێن بەقاچی یەكتریدا، و جانتاكانیان كە پڕە لە كتێبەكانی توێكاری خستۆتە ژێر باڵیانەوە، چاویلكە سپیە ئەستورەكان لەسەر لوتیان دەلەقێننو دەستی چەپیان دەیگرێت و نایەڵێت بكەوێتە خوارەوە بەدەستی راستیشیان بۆ پێشەوە پاڵ بە جەستەی ئەوانی دیكەوە دەنێن و لەرێگەكە لایان دەبەن و خێرا رادەكەن بۆ ئەوەی ریزی پێشەوەی كورسیەكان بگرن، و كەیەكێكیان لەسەر كورسیەكەی دادەنیشێت هەناسە بڕكێی پێدەكەوێت، بەپەنجە سورهەڵگەڕاوە هەڵئاوساوەكانی (بەهۆی خۆ هەڵواسین بە ترامەكەدا) كەشكۆڵی دەستكۆتارەكان دەكاتەوە و پاشان بەجوڵەیەكی خێرا دەستەكانی لێك دەخشێنێتو دەیخاتەوە ناو گیرفانیەوە، یان سەری دەخاتە ناو، كەشكۆڵەكەوەو بەسەر دەست گوتارەكانی پێشودا دێتەوە، یان ملی بەلای راستو چەپدا درێژدەكاتەوەو بەگوێی هاوڕێكەیدا دەچرپێنێت و نوكتەی بۆ دەكات (لەزۆربەی كاتدا ئەو نوكتانە ناشرینن)، كاتێك مامۆستا دێتە ژورەوە بێ دەنگی دەكەوێتە ناو پلیكانەدارەكەوە هەریەكێكیان دەتوانێت گوێی لە قۆڕە قۆڕی سكی ئەوی دیكەیان بێت(بەهۆی نان



دووژن... له ژنێكدا

نەخواردنی بەیانیەوە پێش ئەوەی بێت بۆ دەوام) ،مامۆستا لە بەردەمیاندا و لەسەر تەختە بەندەكە بەهەنگاوی هێواشو هێمنانە دەجوڵێت، دەنگی هێمنەو جەستەشی هێمنە، وئەندامەكانی لەشی حەواوەن و خانەكانیشی ئارامن، هەروەها ئەو حەوانەوەیەش كە خانەكانی گەدەی هەستی پێدەكەن پاش نان خواردنێكی چەور، یان خانەكانی چوارپەلی پاش پشودان لەسەر كورسیەكی نەرم وشك بەو حەواندنەوەیەی ئەو قوتابیەكان چاویان دەنوقێننو خەو دەیانباتەوە، وە دەزانن كە خەونێكی كۆنی منداڵییە، لەوكاتەوە كەبریقەیان لەچاوانی دایكو باوكیاندا دەبینی كاتێك كە ناوی پزیشك لە گوێیاندا دەزرنگایەوە. بەهیە لە كورسی دواوە دادەنیشت، چاوی قوتابیەكانی نەدەبینی، بەڵكو پشتیان دەبینی، كە هەموویان بۆ پێشەوە بەسەر دەستگوتارەكاندا نوشتابونەوە، وای بەخەیاڵدا دەهات كە ئەوان هەتاسەر بە نوشتاوەیی و دەموچاوە شاراوەیی دەمێننەوە، سەری سوڕدەما كە دەیبینین (پاش كۆتایی هاتنی وانەكە) دەجوڵێن، و بەخێرایی هەڵدەستنە سەرپێ و بەرەو دەرگاكە رادەكەن، وقاچ دەنێن بە قاچی یەكتریدا، و بەقۆڵ و ئانیشكە تیژەكانیان پاڵ بەیەكترەوە دەنێن، كاتێك كە ئانیشكی كوڕێك دەچێت بە مەمكی یەكێك لە كچەكاندا بە جوڵەیەكی نەبینراو لێوەكانی كچەكە دەكرێنەوە كەبەئەستەم لێوی لە لێوەكەی دیكەی جیادەبێتەوەو بە دەنگێكی كپكراوی نەبیستراوەوە دەڵێت:ئاه ! و جانتا پڕلە كتێبەكەی دەنێت بەسنگیەوە، لەوكاتەدا ئەو بەركەوتنەی ئەو مەمكە تەڕە وەك تلیاك وایە كەلە ئانیشكی ئەو كوڕەوە دەچێت بۆ شانی و بۆ ملی و ماسولكەكانی گرژدەبن، مل و روخساری گرژدەبن، چاوەكان لەبەر زۆر

شڵەژاویان وەك گرێی ناوەڕاستی پەتێکی لێدێت کەلەهەر دوسەرەوە راکێشرابێت، و ڕوی سەرەوەی جێگیربێت، بەڵام خانە قوڵەکانی بە جوڵەیەکی نەبینراو شەپۆل دەدەن جوڵەیەکی توندی شێتانە بەرهەڵستی راکێشان دەکەن، ماسولکەکانی چاو بەرەو هەرشتێکی تەڕو بڕە دەجوڵێن کە لە گۆشت بچێت،و جیاوازی ناکات لەنێوان مەمك یان ران یان جانتایەکی چەرمدا، یەکێك لەو کوڕانە بێ ئاگایانە بەدانەکانی پەستانی دەخاتەسەر جانتا چەرمەکەی‌و پارچەیەکی لێدەکاتەوەو دەیکرۆژێت، وکاتێك بۆی دەردەکەوێت کە پارچەیەك چەرمە شەرم دایدەگرێت و بەدەستەکانی ئەو کونانەی جانتاکەی دەشارێتەوە، لەترامەکەدا هەموو شتێك لەسەرو توانای ئەو کوڕەوە دەبێت، کە بەبێ مەبەست دەکەوێتە نێوان دوو مەمکی ژنێکەوە، لەنیوەشەودا کتێبەکانی توێکاری دادەخاتو لەجێگەکەیدا دەنوێت، بەڵام جەستەی نوستن رەتدەکاتەوە، چونکە ئەوتلیاکەی چۆتە لەشیەوە لەیەك شوێنی دیاریکراودا کۆدەبێتەوە ،و سەرێکی تیژی وەك سەری دومەڵی هەیە، کە بەدەست پیانانێك دەتەقێت.بەهیە بەرون و ئاشکرا دەیزانی کە ئەو قوتابیانەی خۆشناوێت،و رقی لێیان دەبێتەوە کە بەچاویلکە ئەستورو چاوە زەق بوەوەکانو ئانیشکە تیژەکانیانەوە پاڵ بەیەکەوەدەنێن و لە دەرگاکەوە دێنە ژورەوە و ریزی پێشەوە داگیردەکەن، رقی لەپشتە چەماوەکانیان دەبێتەوە کەبەردەم و چاوی دەگرێت،و ئەویش لەدواوە سەیری ملیان دەکات کەلەسەر لێواری یەخەی کراسە سپیەکانیانەوە پێستە بۆرە کونیلە گەورەکانیان و ئەو موەقژانەی کەبڕاونو سەریان دەرهێناوەتەوە و چەند دومەڵێکی بچوك دەبینێت.





بە گوێی هاوڕێ کچەکەیدا دەچرپێنێتو شتێکی پێدەڵێت، ئەویش بەپێکەنینە مێینە کپکراوەکەی پێدەکەنێتو دەڵێت: بەهیە ئاقڵ بەو بیر لە دوارۆژبکەرەوە هەستێکی شاراوە، بەڵام بەهێزە، پێش بینی ئەوەی بۆ دەکات کە پاشەڕۆژی ئەو لەنێوان ئەو دەستگوتارە دورودرێژە بێزارکەرانەدا نییە، ولەوەرگرتنی بڕوانامەی پزیشکی و هەڵواسینی لەوحەیەکی درێژدا نییە کە لە گۆڕەپانێکدا لەسەری نوسرابێت(دکتۆر بەهیە شاهین)،و لە حەواندنەوەی چوارپەلی لە کوشنێکی نەرم وشلی ناو ئۆتۆمبیلێکی کەشخەدا نییە، بەهەستێکی شاراوەوە ئەمانە هەموو بەلایەوە بێ مانان، وەك لاپەڕەیەکی سپی کە هیچ نوسینێکی تێدا نەبێت، وەك شەوێکی تاریك کە تەنیا ئەستێرەیەکی تێدا نەبێت، وەك گەردونی مەزن کە هەموی رەش یان سپی بێت هیچ جیاوازی نابێت، کە هەمووی یەك رەنگن. ئەوسا گاڵتەپێکردن دەزانێت، گاڵتەپێکردنی گەردون لەچواردەوریدا، گاڵتەپێکردنی ژیان، گاڵتەپێکردنی ئەو مامۆستایەی لە سوچێکی دەمیەوە جگەرەدەکێشێت، گاڵتەپێکردنی ئەو وانەبێژە کچە، گاڵتەپێکردنی ئەو پشتانەی بۆ پێشەوە چەماونەتەوەو ملیان لەدواوە هەموی دومەڵە.

کتێب و لاپەڕەی وانەکانی دەخاتە ناو جانتاکەیەوە، بەجوڵەیەکی لاتەنیشتدا جەستەی لە کورسیەکە جیادەکاتەوە،و بەجوڵەیەکیش بۆدواوە لە دەرگای دواوەی پلیکانەدارەکەوە دێتەدەرەوە،و لەکەمتر لەساتێك خۆی بەتەنیا لە هەیوانە فراوانەکەی کولێجەکەدا دەبێت کاتێك کە لە رۆیشتنە ئاساییەکەیدا قاچەکانی دەجوڵاند پرسیاری لە خۆی دەکرد، ئەو چی دەوێت لەژیاندا، ئەو پرسیارە بەبێ وەڵام و بەهەڵواسراوی لەبەردەمیدا و لە بۆشایدا

بەجێ دەهێڵێت، هەواش وەك بەندولی كاتژمێر لەبەرچاویدا دەیجولێنێت، یەك پێی بەقایمی بەزەویدا دەكێشێت، و بە راستی دەزانێت كە ئەو لەژیانیدا یەك شتی دیاریكراوی دەوێت، شتێك كە دەتوانرێت بەیەك خاڵی دیاریكراو دیاریبكرێت،و دەتوانێت بە نوكی پەرێك لەسەر لاپەڕەیەكی سپی بیكێشێت و سەری پەنجەی لێنوەبدات، بە تەواوی بەهەمان ئەو راستیەی كە دەستی پێ لەجەستەیەوە دەدات، و لەژێر جلەكانیەوە هەست بەسنورە دەرەكیەكەی دەكات، دەتوانێت لە هەموو جەستەكانی دیكەی جیابكاتەوە،و هەروەها بە جوڵەیەك لە پێیەوە لە زەوی جیابكاتەوە.

بەهیە لەسەر جێگەكەیی و لەژورە بچوكەكەیدا پاڵكەوت بوو سەیری بنمیچەكەی دەكرد، خۆی دەهاتەبەر چاوی كەلەسەر كورسیە سورە بچوكەكەی دانیشتوە و مێزە سورەكەی لەبەردەمدایە، كە سیپارە و كتێبی خوێندنەوە بەسودە بەرگ شینەكەی لەسەرە، كەلەناوەڕاستیدا لەسەر بلیتێكی سپی نوسرابو، ناو: بەهیە شاهین، پۆل: یەكەمی سەرەتایی: لاپەڕەیەكی سپی لە سیپارەكە دەكاتەوە،وبەجوڵەیەك لەدەستە بچوكەكەیەوە بە نوكی پەرێك هێڵێكی ئاشكرا دەكێشێت، لەشێوەكەیەوە دەزانێت كە دەستو خەتی خۆیەتی،و ئەو دەستەش دەستی خۆیەتی، ئەو پەنجانەی دەوری پەڕەكەش هی خۆیەتی، بەخواستی خۆی دەیجولێنێت و لەسەر لاپەڕە سپییەكە چەند هێڵێكی جیاواز دەكێشێت، بازنەیەكی گەورە دەكێشێت و دوو بازنەی بچوكیش لەناویدا بەمەش دەموچاوێكو دووچاوی رەشی گەورە وەك چاوەكانی خۆی كەلەئاوێنەدا دەیانبینێت لەبەردەمیدا دەبێت، لەو هێڵانەی كە كێشابونی ورد دەبوەوە وەك چۆن لەروخساری





خۆی دەڕوانێت، دەیانناسێتەوە وەك چۆن دەم وچاوی خۆی دەناسێتەوە و لەگەڵ دەموچاوەكانی دیكەدا لێی تێكەل نابێت، دەتوانێت جیای بكاتەوە،و بە تەواوی پەنجەی بدات لە هێڵەكانی سەر لاپەڕەكە، بەهەمان ئەو راستیەی كە دەستی پێی لە جەستەیەوە دەدات،و لەژێر جلەكانیەوە هەست بەسنورە دەرەكیەكەی دەكات.

باوكی دەرگاكەی كردەوە، ئەویش لاپەڕەكەی لەژێر كتێبی خوێندنەوەكەدا شاردەوە، بەڵام پەنجە گەورەكانی باوكی كتێبەكەی بەرزكردەوەو لاپەڕەكەی راكێشا كە هێڵەكانی لەسەر كێشرابوو، دەستە گەورەكەی كێشا بەدەستە بچوكەكەیدا و وتی: كاتی سەعی كردنت بەشتی بێ ماناوە بەفیڕۆ دەدەیت؟ لاپەڕەكەی لەدەستیدا لولكرد و فڕێی دایە تەنەكەی خۆڵەكەوە. كاتێك بەهیە دەچێتە دەرەوە، سەیری هێڵە جوانەكانی دەكات كە لولكراوەو لای تەنەكەی خۆڵەكەوەیە، هەرسەیری دەكات وەك چۆن لە ئاوێنەدا سەیری دەمو چاوی دەكات لاپەڕەیەكی نوێ لێدەكاتەوە،و بەجوڵەی خۆویستی دەستی هێڵەكانی دەكێشێت، لەگەڵ ئەوەشدا كە منداڵە هەست بەوە دەكات كەشتێك بەو هێڵانەوەی دەبەستێتەوە، وەك وایەرە كارەباییە نەبینراوەكان یان دەزوو لە ئاوریشمە باریكەكان كە رەنگی هەوایان هەیە،و لەنێوان ئەو ولەنێوان هێڵەكانی سەر لاپەڕە سپیەكەدا درێژدەبنەوە و بەرەو لای یەكتر كێشیان دەكەن، و جەخت لەسەر توانای ئەو لەناسینەوەی جوڵەی دەستی،و شێوەی پەنجەكانی،و بەرزی لوتی، رەشی چاوەكانیدا دەكەنەوە، گوێی لە دەنگی باوكی دەبێت، كە لە هۆڵەكە دانیشتوە،و خزاوەتە ناو كورسیە ئەسیوتیەكەی ، ئەویش لاپەڕەكە لەژێر

کتێبی خوێندنەوەکەدا دەشارێتەوە، لەکتێبەکەدا بەدەنگی بەرزشت دەخوێنێتەوە کە لەگوێیدا وەك دەنگی یەکێکی دیکە دەزرنگێتەوە، ناویشی لەسەر بەرگی کتێبەکە لەژێر چاوەکانیدا نامۆیە، وەك ناوی قوتابیەکی دیکە، گوێرایەڵ و بەرەوشت، کە گوێ لە قسەدەگرێت و هەوڵ و کۆشش دەکات و، ناخی راستەقینەی خۆی لە قەوەکانی لاپەڕە شاراوەکەدا دەنێژێت.

لەوکاتەوە کە چاوی بەژیاندا هەڵهێناوە و لێی تێگەیشتوە، ئەو پرسیارە لەخۆی دەکات: بۆچی گشت ئەو شتانەی کە ئەو حەزیان لێدەکات قەدەغەکراون؟ تا خواردنیش چەند جۆرێکی بۆدادەنێن کە ئەو حەزیان لێ ناکات، و دایکی بە زۆر دەیکات بەدەمیدا، کاتێك کە ئاوڕدەداتەوەتفی دەکاتەوە ناوقاپەکە، باوکیشی لەگەڵ ئەو هێلانەدا کە ئەو دەیانکێشێت دوژمنایەتی هەیە، کە هەر لەسەر لاپەڕەکە بیانبینێت یەکسەر دەیدڕێنێت و لولی دەکات و فڕێی دەداتە تەنەکەی خوڵەکەوە، باوکی وەك بەربەستێکی گەورەو درێژ لەنێوان خۆیو خودە راستەقینەکەیدا دەوەستا، بەجەستە زل، و دەنگە گەورە گڕەکەی،و دەستە گەورەو دوچاوە گەورەکەی کە لەراڕەوی ماڵەوەدا خزاون لەیەکی جیادەکردنەوە، کاتێك کە دەنگی باوکی دەدرێتەوە: بەهیە! دەزانێت کە ئەو یەکێکی دیکە بانگ دەکات ، بەڵام وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: بەڵێ ، پرسیاری لێدەکات ئەرکەکانی قوتابخانەت جێبەجێ کردوە؟ ئەویش بەدەنگێکی گوێڕایەڵانەی بەڕێزەوە وەڵامدەداتەوە : بەڵێ، کە دەنگی بە وشەی بەڵی دەکاتەوە گوێی خۆی بەراستی دەزانێت کە ئەوە دەنگی ئەو نییە، کاتێك باوکی لە هۆڵەکەدا نامێنێت ،و ئەویش بەتەنیا لە ژورەکەیدا دەبێت دەتوانێت گوێی لە دەنگە راستەقینەکەی خۆی





بێت، روخسارو ئاوازە تایبەتەکەی دیارییبکات، هەروەها روخساری دەموچاوی دیاریبکات، بەپەنجە نەرمەکانیشی دەتوانێت ئەو بلیتە سپیەی سەربەرگە شینەکەی کتێبەکە لێبکاتەوە کە ناوە دەستکردەکەی لەسەر نوسراوە، بەنوکی پەڕێکیش لەسەرلاپەڕە سپیەکە هەموو ئەو شتانە دیارییبکات کەراستەقینە دەیانبینێت، وکاتێك کە وێنەی باوکی دەکێشێت دو چاوی سورو سمێلێکی رەشی درێژو دوو دەستی گەورەو ئەو پەنجانەی بۆ دروست دەکات، کە دەوری دارێکی درێژیان داوە باوکی سمێڵی رەش و درێژنەبوو، بەڵام هەموورۆژێك لەکاتی رۆیشتن بۆ قوتابخانە و گەڕانەوەیدا پۆلیسێکی دەبینی لەناو کۆشکێکی تەختە لەسەر سوچی شەقامەکە دادەنیشت، لەدەموچاویدا تەنها سمێلێکی رەشی درێژی دەبینی،و کاتێك لەشوێنەکەی نزیك دەبوەوە خێرا دەڕۆیشتو هەندێك جاریش رای دەکرد، هەر ڕای دەکرد تا دەگەیشتە ماڵەوە.

هەموو بەیانیەك کەلەپشت کورسیە تەختەکەوە لە پۆلەکەدا دادەنیشت دارە درێژەکە لە پێش چاوەکانیدا دەجولایەوە، دەنگی مامۆستا ژنەکە وەك دەنگی باوکی بەلەرینەوەیەکی گەورە لە گوێیدا دەدرایەوە کە پرسیاری لێدەکرد: بەهیە شاهین! ئەرکەکانی قوتابخانەت جێبەجێکردوە، لەساتی یەکەمدا وا دەزانێت کە مامۆستاکەی یەکێکی دیکە بانگ دەکات، بۆیە بەبێ دەنگی لێوەکانی دادەخات، بەڵام دەنگە تیژەکە جارێکی دیکە بانگی دەکات، بەهیە شاهین ئەویش دادەچڵەکێت و هەڵدەستێتە سەرپی و بە دەنگێکی گوێرایەڵانەی بەڕێزەوە دەڵێت: بەڵی ئەو تەنیا رۆژەی کە بەهیە حەزی لێبو رۆژی هەینی بوو، چونکە ناچێت بۆ قوتابخانە، لەجێگە

بچوكەكەیەوە بەهێواشی دێتە دەرەوە و دەچێتە سەر كورسیە سورەكەی، لەناوەڕاستی سیپارەكەوە لاپەڕەیەك لێدەكاتەوە، پەنجەكانی دەئاڵێنێتە پەڕێك، ودەستی لەسەر لاپەڕەكە دەجولێنێت و هێڵەكانی دەكێشێت، هەندێك جاریش قەڵەمێكی سور یان شین یان سەوز لە ناوەوەی جانتاكەی دەردەهێنێت، كە بەپارەی ڕۆژانەكەی لەدوكانەكەی بەرامبەر قوتابخانە كڕیویەتی یان لە هاوڕێیەكی وەریگرتوە، هێڵەكانی پێ ڕەنگ دەكات، گەڵای درەخت بەرەنگی سەوزو ، ئاوی دەریا بەرەنگی شین‌و، خوێن بەرەنگی سور دەكێشێت،چۆن زانیویەتی كە خوێن رەنگی سورە ؟

یەكەم پەڵەسوری خوێن لەژیانیدا لەسەر دەرپێ بچوكە سپیەكەی بینی، كەوەك بازنەیەكی سوری ئاڵ لەناوەڕاستی لاپەڕە سپیەكەدا،و دووچاوی كیژۆڵە بچوكەكە وەك دووبازنەی فراوانی ترساو، وجەستەی بچوك‌و باریك وەك جەستەی چۆلەكەیەك لەدوای دیوارێكەوە بلەرزێت‌و، هەروەها چەند چاوێكی زۆریش كە دەڕوانن وەك بازنە فراوانەكان دەكێشێت، بەپەنجە بچوكە هەڵئاوساوەكانی دەرپێكەی لە چاڵێكی پشت دیوارەكەدا دەخنێت‌و دەشارێتەوە، بەبێ دەرپێ بەسەر شەقامەكەدا دەڕوات، بایەكی سارد بەناو قاچەكانیدا دێت‌و هەوڵ دەدات كراسەكەی لەسەر ڕانەكانیەوە هەڵبداتەوە، بەڵام ئەو بەهەردوو دەستی كراسەكە توندەدەگرێت‌و بەرهەڵستی باكە دەكات،و بەسەر شەقامە قیرەكەدا دەڕوات‌و لەنێوان پەنجە بچوكە سورەكانیەوە جانتایەكی چەرم شۆڕدەبێتەوە كە پڕە لەسیپارەو كتێبی بیركاری و دەخوێندنەوە.

كاتێك لە كۆشكە تەختە كە نزیك دەبێتەوە دڵۆپێكی سوری ئاڵ لەنێوان





هەردوو قاچیەوە دەكەوێتە خوارەوە بۆسەر قیرەكەو، لەشێوەی بازنەیەكی سوردا بەزەویەكەدا بڵاودەبێتەوە، فراوان و گەورە دەبێت تا بە قەدەر قەبارەی پەپكەی خۆری لێدێت، پۆلیسەكە بەسمێڵە رەشە درێژەكەی سەیری دەكات و لەدوای كۆشكەكەوە لوتی درێژدەكات و بۆنی خوێنەكە دەكات، ئەویش جانتاكەی فڕێ دادەتە سەر زەوی و ڕادەكات بۆ ماڵەوە.

بەهیە سەرە قورسەكەی لەسەر سەرینەكە جوڵاندو جانتا چەرمەكەی بینی كە پڕ بوو لە كتێبی توێكاری‌و لەسەر مێزە بچوكەكەی دانرابوو، هەروەها سەر مێزەكە كەللە سەرێك‌و، كەشكۆڵی دەستگوتارەكان‌و پەرداخێك ئاوی لێبو كە گوڵێكی سوری تێدابوو، هەستاو لوتی لە گوڵەكە نزیككردەوە، بە لاچاوی ئەو بەروارەی بینی كەلەسەر دیوارەكە هەڵواسراوە كاتی تاقیكردنەوەكەی بیركەوتەوە، كەشكۆڵی دەستگوتارو كتێبەكانی رێكخست‌و لەبەردەمیدا داینان‌و دانیشتو دەیڕوانیە كەللەسەرەكە، كەللەسەری مرۆڤێك چەند ساڵێكە مردوە، كە بەسێ جونەیە بوو لە كارگوزاری توێكارگەكەی كڕیوە، ساڵی پار بەیەك جونەیە بوو، بەڵام نرخ بەرزبۆتەوە و لاشەی مردوش كەم بۆتەوەو لەبازاڕی رەشدا دەفرۆشرێت، گۆڕهەڵكەند لەگەڵ كارگوزاری توێكارگەو لەگەڵ پاسەوانی گۆڕستانەكاندا رێك كەوتون، كاتێك كە ترامەكە جەستەی یەكێكی نەناسراو دەكات بەژێرەوە كە ژیاوەو مردوە بێ ئەوەی دایك‌و باوكی بناسێت(پێی دەڵێن بێ كەسە) یەكسەر گۆڕهەڵكەند دەردەكەوێت كە باوكی ئەو كەسەی بەدەستەوەیە، چ باوكێك، بەكاتژمێر بەكرێ دەگیرێت، باوكەكە خۆی دەدات بەسەر لاشە مردوەكە داو بەفرمێسكی درۆینە دەگری، وەك فرمێسكی باوكە

راستەقینەكان، لاشە مردوەكە وەردەگرێو بەناوی خۆیەوە ئیمزای لەسەردەكات و دەبێتە موڵكی خۆی، بەئارەزوی خۆی چی بوێت لێیدەكات، بەتەواوی وەك باوكێك كە كوڕی خۆی بێتو چی بوێت لێیبكات.

ئەو باوكەش لاشەی كوڕەكەی بەپاسەوانی گۆڕستانەكە دەفرۆشێت، ئەویش بە گۆڕهەڵكەندەكەی دەفرۆشێتو گۆڕهەڵكەندیش بە كارگوزاری توێكارگەكەی دەفرۆشێتو كارگوزاریش بە راگری كولێژی پزیشكی یان بەو قوتابیە دەوڵەمەندانەی دەفرۆشێت كە لەماڵەوە دەخوێننو رقیان لەوە دەبێتەوە كە هەموو رۆژێك بچنە ژوری توێكاریەوە، بەهیە لە كەللەسەرەكە ورد بوەوە، ودرزە درێژەكانی نێوان ئێسكەكان كە لەبرینێكی قوڵ دەچون و ئێسكە بەرزەكانی روومەتو، چاوەكان كە دووچاڵی قوڵ بون لەڕوداوە هەروەها دوو شەویلگەی تیژی بینی كە كونە قوڵەكانی دانەكانی لەسەربون.

وەك دەموچاوی ئەو منداڵەی بەجلە دڕاوەكەیەوە سواری ترامێك دەبێتو پاكەتی شقارتەو شانەی قژی بەدەستەوەیەو بەدەنگە نوساوەكەی هاواردەكاتو، لە ترامێكەوە بۆ ترامێكی دیكە بە تەنیا قاچەكەی بازدەداتو، بەچاوە قوڵەكانی سەیری خەڵكەكەدەكاتو، لەدەم وچاوەكاندا بەدوای دەموچاوێكدا دەگەڕێت كە روخساری دایكو باوكی هەبێت، یەكێك دەستیدەكات بەگیرفانیداو قرشێك یان دوو قرش دەردێنێتو شانەیەك یان پاكەتێك دەرزی لێدەكڕێت.

بەڵام لەو دەموچاوانەی لە ترامەكەدا دانیشتون باوكودایكی ئەوی تێدا نییە، ئەو دەمو چاوانە بەهێزو توانای خودا لێكدەچن، كە وەك پارە بە چەكوشی حكومەت لەسكە دراون، دانیشتون بە بێ دەنگی بەیەكەوە





نوساون، بەشی خوارەوەیان جێگیرەو لەسەر كورسیەكان بوە بەبەرد و بەشی سەرەوەیان بە جوڵەیەكی هێواشی رێكوپێك وەك جوڵەی ترامەكە دەجوڵێت، كەللە سەرە زلەكانیان وەك بەندوڵی كاتژمێر دەلەرێتەوە، شانەپانەكانیان (بەهۆی ناوپۆشە ئەستورەكەی قاتەكانەوە) بەیەكەوەنوساون ، بۆینباخەكان وەك پەتی قەنارە لەملیان ئاڵاوە، لەپڕدا كە ترامەكە دەوەستێت سەریان بە قایمی دەگەڕێتەوە دواوە و بەرترامەكە دەكەوێتو، لەجێگەی خۆیاندا رادەچڵەكنو بەدەستیان سەریان دەگرن بەچاوە زەرد هەڵگەڕاوەدا چەقاوە ترساوەكانیانەوە سەیری چوار دەوریان دەكەن، لەهەوادا دەنگی منداڵێك دەزرنگێتەوە، ئەو چاوانە وەك بازنەی زەرد دەكەونە سەر جەستە لەت و پەت بوەكەی ژێر ترامەكە، كە لەچوار دەوریدا دەرزیو پاكەتی شقارتە شانەپەرشو بڵاوبونەتەوە، لەسەر قیرەكەش پەڵە سورەكان دەبریسكێتەوەو، بەزەویەكەدا بڵاودەبنەوەو ئەو بازنە سورانە وەك پەپكەی خۆر فراوان دەبن، چاوەقوڵەكان لەژێر تایە ئاسنەكاندا وەك دووچاڵی قوڵی ناوجەرگەی زەوی دەردەكەون.

هەریەكێك لەو نەفەرانەی ناو ترامەكە دەستدەدات لە سەرومڵو قوڵو رومەتەكانی، كاتێك كە دڵنیادەبێت لەوەی هەموی لەجێگەی خویدایەو جەستەشی لەسەر كورسیەكەیەو خوێن بەناویدا هاتوچۆدەكات، لێوی بە هەناسە هەڵكێشانێكی قولو درێژدەكرێتەوەو، چاوەكانی بە خۆشیەكی شاراوەوە دەبریقێنەوەو، هەندێكیشیان تەوقە لەگەڵ یەكدا دەكەن و سوپاسی خودا دەكەن كە ساغ و سەلامەتن و لاشەی یەكێكی دیكە لە ژێر ترامەكەدا لەتوپەت بوە كە لاشەی ئەوان نییە، دەستیان بۆ ئاسمان

بەرزدەكەنەوەو لە خودا دەپاڕێنەوەو سوپاسی دەكەن، بەمەش وا دەزانن كە رتیل بەخوا دەدەن كە ئاگای لێیان بێت و هەرگیز توشی هیچ شتێكی خراپ نەبن‌و هەتا هەتایە سەریان هەر بەملیانەوە بەمێنێتەوە.

بەهیە دەستی درێژكردو كەللەسەرەكەی جوڵاند بەمەش چاوە قوڵەكان رویانكردە دیوارەكە، و كتێبی توێكاریەكەی داخست‌و دەستی درێژكرد بۆ دواوەی جێگەكەی‌و تابلۆسپیەكەی راكێشا، و لەسەردیوارەكە راگیری كردو خۆشی لەسەر دۆشەكێكی بچوك دانیشت و فڵچە و رەنگەكانیش لەچواردەوری بون.

ژورەكەی بەتەواوی تاریك بو تەنها بازنەیەكی سپی لە روناكی نەبێت كە لە گڵۆپێكی بچوكەوە كەوتبوە سەر تابلۆكەو، ئاسمانیش لە پەنجەرەكەوە رەش دیارە، شەو خامۆشەو باوكیشی نوستوە، هیچ دەنگ و جوڵەیەك نابیسترێت، تەنها خشەخشی فڵچەكە نەبێت كە بەسەر رووە سافەكەدا دێت‌و دەچێت‌و، بەو جوڵە هێواشەی پەنجەكانی‌و، بەخواستی خۆی دەستی بە هەمولایەكدا دەجوڵێنێت‌و، بە هەموو هێزی پێڵوەكانی سەرچاوی بەرزدەكاتەوە بۆ ئەوەی خەوی لێنەكەوێت‌و، هەر سەیری هێڵەكان‌و پەڵە رەنگەكانی دەكات و واز لە سەیركردن ناهێنێت، جارجارێكیش بەو جوڵە خۆویستە دەستیدرێژدەكات و بەفلچەكەی دەكێشێت بەدەم و چاوە لێكچوەكانداو، بەپەنجەكانی روپۆشی گۆشتە لەتوپەت بوەكە لادەبات، و جەستەلەت‌و پەت بوەكەی ژێر تایەكان رادەكێشێت‌و، كەللەسەرە باریكەكەی پی پڕدەكات لە گوشت بەمەش دووچاڵە قوڵەكە دەبنە دوچاوی رەش كەلەچاوەكانی خۆی دەچن، لەبەیانیدا لەدەنگە تیژەكەی باوكی





كەوەك زەنگ وایە بەئاگادێت و چاوەكانی دەكاتەوە، پانتۆڵە رەش‌و بلوزە سپیەكەی لەبەردەكات، و جانتا چەرمە پڕ لە كتێبەكەی هەڵدەگرێت وبەرەو ترامەكە دەكەوێتەری‌و، پێكانی دەكێشێت بەزەویدا و لەهەنگاوەكەیدا قاچەكانی لەیەكتر جیادەكاتەوەو، كاتێك دەم‌و چاوە لێكچوەكان لەترامەكەدا دەبینێت لێوەكانی لەتوڕەیدا دەگەزێت‌و، كاتێك هاوڕێ كچەكانی دەبینێت بەقاچە بەیەكەوە نوساوەكانیان بەو جوڵە بەسوڕە سەیرە دەڕۆن دەزانێت كە ئەوان لە رەگەزێكن ئەویش لەرەگەزێكی دیكەیە، لەناو ژوری توێكاریەكەدا دەوەستێت‌و قاچێكی بۆسەر لێواری مێزە مەڕمەڕەكە بەرزدەكاتەوەو قاچەكەی دیكەشی بۆسەر زەوی درێژدەكاتەوە رێك دەیوەستێنێت، ئێسكەكانی رێك‌و جومگەكانی بەهێزن، بەلاچاوی سەیری قاچە خوارو خێچەكانی قوتابیە كوڕەكانو چاویلكە ئەستورەكانی نێو كتێبەكانی توێكاری ، و لوتە ئاوساوە سورەوەبوەكان‌و، پشتە چەماوەكانیان بەسەر لاشە مردوەكاندا دەكات، بەسەر سوڕمانەوە بەچواردەوری خۆیدا ئاوڕدەداتەوە وەك یەكێك كە رێگەی ون كردبێت، بەڵام چەقۆكە لەنێوان پەنجەكانیدایە و كتێبی توێكاریە بەرگ شینەكە كە بلیتە سپیەكەی لەسەرەو لەسەری نوسراوە، ناو: بەهیە شاهین،پۆل: یەكەمی توێكاری، سەری سوڕدەمێنێت، چەقۆكە بۆسەرەوەو خوارەوە لەپارچە گۆشتە، نقوم كراوەكەی ناو فۆرمالسینەكەدا دەجوڵێنێت، چەقۆكە بەرشتێكی رەق دەكەوێت، كەلەناو سكی لاشەكەوە بەسەری چەقۆكە دەریهێنا، كەوتە سەر مێزە مەڕمەڕەكەو دەنگێكی دروست كرد لەدەنگی پارچە بەردێك دەچوو، بەچەقۆكە كردی دوو لەتەوە سەیری كرد تۆپەڵێك

خوێنە مەیوەو رەش بۆتەوە، یەکێك لە هاوڕێ کچەکانی بەپێکەنینە مێینە کپکراوەکەی دایە قاقای پێکەنین و وتی: وەی وامزانی فیشەکە: هاوڕێیەکی دیکەی ملی درێژکردو سەیری دڵە لەت بوەکەی کردو بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری کرد دڵەکە فیشەکی تێدایە؟ هاوڕێیەکی دیکەی دەستی بەدەمیەوەگرتو وتی وەیش ! یەکێکی دیکەیان بەدەنگێکی بیستراوەوەئاخی هەڵکیشاو وتی خۆزگە من بومایە.

ئەم جۆرە مانا ناسراوانە دەربارەی مردن لەژوری توێکاریدا نابن، مردن لێرەدا مردن نییە، لاشەکە کەسێکی مردو نییە، تۆپەڵە خوێنێکیمەیوو وەك فیشەکێك لەناو دڵدا لەوانەیە شتێکیو روژێنەری حەزێکی کپکراو بێت لەناخی دەروندا، وەك ئەوەی دڵ پارچە پارچە بێت، یان خوێن لەسوڕان بکەوێتو لە دەمارەکاندا بمەیەت، ئەوە ئەو مردنەیە کە مرۆڤ حەزی لێدەکات و لێی دەترسێت، بەدوایدا دەگەڕێت و لێی هەڵدێت، و لەهەموو شوێنێکدا دێتە بەرچاوی و لەهیچ شوێنێك و لە توێکارگەشدا نایبینێت.

بەهیە ئاوڕی دایەوە بۆ ئەو هاوڕێ کچەی کە وتی (خۆزگە من بومایە)و پرسیاری لێکرد: حەزت لەمردنە؟هاوڕێکەی بەسەرسوڕمانو ناڕەزاییەوە هەناسەی هەڵکێشاو وتی: مردن؟ دوربێت لەمن ئەی خوشکم، بەهیە ئەو نەگبەتی و کلۆڵیەی بۆ دەرکەوت، و زانی کە بۆچی مرۆڤ حەزو ئارەزوە راستەقینەکان دەشارنەوە، چونکە حەزو ئارەزویەکی توندوتیژ و فەوتێنەرن، چونکە مرۆڤ نایەوێت لەناوبچێتو ژیانێکی سارد و سڕی بێ ئارەزوە راستەقینەکان بەباشتر دەزانێت.

بەهیە ئەم سەری پەتەی گرتو بەرەو سەرەکەی دیکە دەستیکرد بە





ڕۆیشتن، و دەشزانێت کەئەو پەتە سەری دیکەی نییە، بەڵکو چاڵێکی قوڵە. چەقۆو ئامێرەکانی توێکاری کردنی کۆکردەوە و خستیە ناو جانتا چەرمەکەوەو لە توێکارگە کە هاتەدەرەوە بەهەنگاوە بڵاوە خێراکانی بەناو کۆلێجدا ڕۆیشت و لەهەموو هەنگاوێکدا هەستی دەکرد کەنزیکبونەوەی لە مەترسی زیاددەکات، حەزیدەکرد بگەڕێتەوە بۆ توێکارگەکە بەڵام نەیدەتوانی چونکە بە هەستێکی شاراوەوە بەم مەترسیەوە بەسترا بوەوە و بەرەو لای لێواری ئەم چاڵە قوڵە راکێشرابوو بەهیە: ناوەکە لە گوێیدا زرنگایەوە وراچڵەکی،و لەراچڵەکینی جەستەیدا بۆی دەرکەوت کە جەستەیەکی تایبەتی هەیەو دەتوانێت بیجوڵێنێت بێ ئەوەی گەردون لەگەڵیدا بجولێت، وناوێکی تایبەتی هەیە کە لە هەوادا دەزرنگێتەوە دایدە چڵەکێنێت، لە هەموو جارێکدا کە گوێی لەو بانگکردنە دەبێت سەری سوڕدەمێنێت، چ هێزێکی لەرادە بەدەرە کە توانی ناوەکەی لەنێوان ناوەکانی دیکەدا جیابکاتەوە، چ سەراسیمایەکە توانی جەستەی لەنێوان ملیۆنەها لەو جەستانەدا هەڵبگرێتەوە کەلە گەردوندا دەسوڕێنەوە.

کاتێك کە وەستا هێشتا هەر لەناو کۆلێجدا بوو، لەبەردەمی لەوحەیەکی گەورەدابو کە لەسەر دەرگایەکی بچوکی رەنگ سەوزی تۆخ هەڵواسرابوو، ئەم وەستانە لەنیوە خولەکێك تێپەڕی نەکرد، خەریکبو ئاوڕبداتەوەو بگەڕێتەوە بۆ ژوری توێکاری و هەتا هەتایە لەوێدا بمێنێتەوە، بەڵام نیو خولەك لەوانەیە ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت، لەوانەیە لەنیو خولەکدا بۆمبێك بتەقێتەوە، شێوەی شارو زەوی بگوڕێت، روداوە ترسناکەکان لەژیاندا هەمیشە بەخێراییەکی زۆر و لەچەند چرکەیەکدا رودەدەن، هەندێك جاریش

لەچاوتروكاندنێكدا، بەڵام روداوە پڕوپوچەكان زۆر بە هێواشی،و لەماوەیەكی دورودرێژدا روودەدەن لەوانەیە بەدرێژایی تەمەن بێت.

كاتێك چاوی لە لەوحەكە بەرزكردەوە سەیری كرد یەكێك لەبەردەمیدایە، هەریەكێك نییە، بەڵكو جۆرێكە لەو مرۆڤەی گەربێتو چاومان بكەوێتە سەری چاوەكانمان دەوەستێن‌و لەوانەشە ئەو وەستانە چركەیەك یان چەند چركەیەك بخایەنێت بەهۆی كەمی كاتەوە یان بەهۆی تەریق بونەوەوە لەسەیركردنی زۆرەوە، بەڵام ئەو كاتە بەسە بۆ ئەوەی والەو روخسارەبكات كە هەتاهەتایە لەبەرچاوماندا بێت، بەهیە توانی پاش تێپەڕبونی خولەكی یەكەم بەسەر ئەو كتوپڕیەدا زاڵ ببێت و سەیر بكات، بەبەدواداوچونێكی غەریزییەوە لەو روخسارە نائاساییەدا بەدوای ئەو هۆیەدا دەگەڕا كەوای لێكردوە نائاسایی بێت، سەیریكرد ناوچەوان‌و چاوەكان و لوت و دەم گشتی ئاساین، سەری سوڕما لەوەی كە چۆن كۆی ئەو روخسارە ئاساییە ئەو دەم‌و چاوە نامۆیە نائاساییەی پێكهێناوە.

لەوساتەدا سەلیم بەتەواوی لەبەردەم بەهیەدا بوو، قاچی خستبوە بەر دەرگای پێشانگاكە خەریك بوو خۆی بە بەهیە دا بكێشێت بەڵام سەری بەرزكردەوەو ئەوی بینی، كاتێك كە چاوەكانی بەهیە كەوتە چاوەكانی سەلیمەوە بۆی دەركەوت كە نهێنی نامۆبونی ئەو دەم‌وچاوە لە جوڵەی چاوەكانیدایە كاتێك كە سەیردەكات، و جوڵەیەكی نامۆیە و لە جوڵەی چاوی قوتابیەكانی دیكە ناچێت و جیاوازە لەوان كاتێك كە سەیر دەكەن، چاوەكانیان وەك ئەوە وایە كەسەیری هیچ نەكەن، هیچ شتێك نەكەن، و تەنها كرابنەوە وەك ئاوێنەیەك كەلەروەكەیەوە وێنەی شتەكان دەداتەوە،





بەواتایەكی دیكە چاوی قوتابیەكان بە بینینێكی راستەقینە سەیری شتەكان ناكەن، بەمەش شتەكان یان راستی شتەكان نابینن.

كاتێك كە سەلیم چاوەكانی لەبەردەم چاوەكانی بەهیەدا جوڵاند، بەهیە هەستیكرد كە سەلیم دەیبینێت، بەڵكو بۆ یەكەم جارە لەچاوی كەسانی دیكەدا دەبینرێت بێجگە لە چاوەكانی خۆی، ئەو تەنها لەبەردەم ئاوێنەدا هەستی دەكرد كە بەدوچاوی رەش دەبینرێت كە چاوەكانی خۆی بون، لەشەقام یان لەترام یان لەكۆلێجدا هەستی دەكرد كە چاوەكانی خەڵك دەستەوەسانن لەبینینی ئەودا، دەستەوەسانن لە جیاكردنەوەی لەنێوان هەزاران كەسدا، هەستی دەكرد كە ئەو لەنێوان جەستە لێكچوەكاندا ون دەبێت هیچ شتێك لەو ونبونە رزگاری ناكات تەنها دەستی نەبێت كاتێك بەر جەستەی دەكەوێت، و بەڕاستی دەزانێت كە جەستەیەكی تایبەتی هەیە، و هەروەها چاوەكانیشی كاتێك كە دەكەونە سەر هێڵەكانی سەرتابلۆ سپیەكە، بەمەش جوڵەی دەستی بینراو دەبێت، هێڵەكانی رون‌و ئاشكران، و بەسنورە دەرەكیەكەی و بەئاوڕدانە تایبەتیەكەی لە گەردون جیادەبێتەوە، بەجوڵە خۆویستە بەهێزەكەی هەموو دەستەڵات و تواناكانی دیكە لەناودەبات، و روپۆش لەسەر جەستەو لەسەر روخسار لادەبات،و هەروەها بلیتە سپیەكەی كە ناوە دەستكردەكەی لەسەر نوسراوە لەسەر بەرگە شینەكەی كتێبەكە لێدەكاتەوە، بەهیە سەیریكرد چاوە نامۆكانی سەلیم دەم‌وچاوی ئەم دەپشكنێت وەك چۆن خۆی لە ئاوێنەدا دەیپشكنێت، و لەچاوەكانیەوە بەرەو ئەو ژێرزەمینە دورودرێژە تەسكە دەڕوات كە لە قوڵایی ناخیدایە،و یەك ساتی دیكە بەسە بۆ ئەوەی بگاتە كۆتایی ، بەڵام بەهیە سەری بەلاكەی

دیکەدا جوڵاند، لەگەیشتن بە کۆتاییەکان دەترسا، هەست بە مەترسی گەیشتن دەکاتو، دەزانێت کە هەرگیز ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ باری پێشو، بەرێگەیەکی ئەفسوناوی دەبێتە مرۆڤێکی دیکە نەك بەهیە شاهین، واتە دەبێتە خودە راستەقینەکەی خۆی.

بەوردی نەیدەزانی خودی راستەقینەی خۆی چییە، بەڵام بەراستی دەیزانی کە ئەو بەهیە شاهین نییە، قوتابییە کۆشش کەرە ڕەوشت بەرزەکەی کولێجی پزیشکی، ئەو کچە ئەسمەرە رەنگ زەردهەڵگەڕاوەی بەدودڵی لەبەردەم دەرگاکەدا دەوەستێت.

لێرەدا وشەی دودڵ ورد هەروەها راستیش نییە، چونکە لەراستیدا ئەو بۆ تەنها ساتێکیش دودڵ نەبوە، بە حەزو ئارەزویەکی نائاشکراوەو بەبێ وەستان بەرەو پێشەوە دەچو، تا بگاتە کۆتاییە ترسناکەکە، دەیزانی کە هەر بۆی دەڕوات، چونکە چارەنوسێتی.ئەو بەرۆیشتنێکی ئاسایی ناڕوات، بەڵکو بە توندی پاڵی پێوەنراوە وەك توندی حەزو ئارەزوی بۆزانینی چارەنوسی، وتوندی ترسی لەم زانینە تا رادەیەك بو کە بەئاڕاستەیەکی پێچەوانەدا لابدات، ئەگەر بەهیە شاهین راستەقینە بوایە ئەوا ئاوڕی دەدایەوەو هەنگاوێك بۆ دواوە دەڕۆیشتو دەچوە توێکارگەکەوەو ئەمڕۆ وەك دوێنێ، وەك سبەینێ دەبو، دەکەوتە گێژاوی رۆژگاری ئاسایی و، ژیانی ئاسایی و دەموچاوە ئاساییەکانەوە، بەڵام ئەو بەهیە شاهین نەبو، مرۆڤێکی دیکە بو شەیتانی بو لەدایكو باوکی لەدایك نەببو، روخساری هەر لەو روخسارە دەچێت کە لەئاوێنەدا سەیری دەکات بەڵام توندوتیژترە، چاوەکانی رەشترو لوتی بەرزترە،و پێستە ئەسمەرەکەی هەڵبڕوزکاو نییە





بەڵکو سور ئاڵە وەك رەنگی خوێن.

بەهیە شاهینی بەدڵ نەبوو،چاوەکانی بەئاسانی دەبینی و رقی لەو دەنگە گوێرایەڵە بەڕەوشتە،و لەو نیگا هێمنەنیانەی دەبوەوە کە سەیری شتەکان ناکات بەڵکو وێنەی شتەکان لەسەرئەو وەك روی ئاو دەدرێنەوەو، رقی لەو لوتە دەبوەوە کە بەڕادەی پێویست بەرز نەببوەوە، و هەروەها ئەو رەنگ زەردیەی کە هۆکارە راستەقینەکەی دەزانێت، کە رەنگ زەردهەڵگەرانی پێستە کاتێك خوێنی تیادا نامێنێت بەهۆی ئەو ترسەوە کە مرۆڤ هەوڵ دەدات بیشارێتەوە بەهیە شاهین ترسەکەی بەو رەنگ زەردهەڵگەڕانەی پێستی دەشاردەوە، بەڵام پێستی بەهیە شاهین هەڵینەدەخەڵەتاند، و ناخە راستەقینەکەی خۆی دەناسی و دەیزانی چۆن دەترسێت و لەچیش دەترسێت بەهیە شاهین لە خودی راستەقینەی خۆی دەترسا، لەو مرۆڤەی دیکەی کەلەناخیدا دەژیا، ئەو شەیتانەی دەجوڵێتو بەهەموو هێزی بینینی سەیری شتەکان دەکات، لوتی بەرزیەکی تیژی سەیری هەیە وەك تیژی شمشێر کە گەردونی پێ دوولەت دەکاتو، بەرەوپێشەوە، بەرەوپێشەوە بەبێ بەزەییانە دەڕوات، دوودڵ نابێت، تادەگاتە کۆتایی، کۆتایی کۆتایی ئەگەر چاڵێکی قوڵیش بێت.

بەڵام بەهیە شاهین دوودڵ بوو، لەنیوەی رێگەدا دەوەستا، لە کۆتاییەکان دەترسا، لەدیدەی ئەودا کۆتایی هەر کۆتاییە، لوتکەیەکی بەرزو ترسناکە، خاڵێکی هەڵواسراوە لەبۆشاییدا هیچ شتێك لەپێشەوەو لە دواوەی نییە، لوتکەی لەناو بەرەپاشان تێداچوون، لەنیوەی رێدا دەوەستا، دەیزانی کە وەستاوە،بەڵام لەو خاڵە ناوەڕاستەدا دڵنیایە و سەلامەتە ، خاڵی

ناوەڕاست لە پەتێکی ڕاکێشراودا کە تیایدا دوو هێزی کێشکردن یەکسان دەبێت، خاڵی سفر، هێزەکەی دەکاتە سفرو، بەرگریەکەی دەکاتە سفر، کە خاڵی خامۆشی تەواو و ئاسایشی تەواوەو هیچ شتێك هەڕەشەی لێناکات بەمانایەکی دیکە خاڵی مردنە.

بەهیە شاهین نەیدەزانی کەلەناو مردندا وەستاوە،و هەردەبێت بمرێت، ئەقڵی دەستەوەسانبو لەپێزانین بەو ڕاستیە، بەرێگەیەکی سانایی و گاڵتەجاڕەوە دەیزانی کە ڕزگاری دەبێت یان دەتوانێت ڕزگاری بێت بەدورکەوتنەوە لەمەترسی، بە لە جوڵەکەوتن بەرەو ژیانێکی مەترسیدار، ئەقڵی درکی پێنەدەکرد کەلەناوجەرگەی مەترسیدایەو، هەر جوڵەیەك کەبیکات جوڵەیەکە بەرەو ڕزگاربون، بەرەو ژیان، بەڵام نەیدەزانی چۆن خۆی ڕزگاربکاتو، بۆچی خۆی ڕزگاربکات، بەمانایەکی دیکە نەیدەزانی مەبەست لەژیانی چییە.

کاتێك بەهیە سەری بەلاکەی دیکەدا جوڵاند، سەلیم زەردەخەنەی گرت، زەردەخەنەیەکی نامۆ، بەهیە لەو ساتەدا نەیبینی ، سەلیم بەدەنگێکی هێواشەوە چرپاندنیو وتی: بەهیە شاهین ؟

پرسیارەکە کتوپڕبو بەلایەوە، دەمی تەتەڵەی کرد بەڵام خێرا بە هەڵەکەی زانیو، ناوەکەی لەسەر تابلۆ سپیەکە بینیو،بەدەنگێکی دوودڵیەوە وەڵامیدایەوە

—بەڵێ.

ئەویش دەستی بۆ درێژکردو تەوقەی لەگەڵدا کردو وتی:

—سەلیم ئیبراهیم





یەکەم دەست بوو کە دەستیبگرێت، قەبارەکەی بەقەدەر قەبارەی دەستی خۆی و پەنجەکانیشی باریكو درێژبون.وەك پەنجەکانی خۆی، دەستێکی ڕاستەقینە بە گۆشتو خوێنەوە، گەرمیەکەی بەدەستیدا دەڕواتو جەخت لەسەر بونی ڕاستەقینەی دەکات چونکە هەمان گەرمی دەستی ئەوی هەیە جوڵەی خوێن لەدەمارەکانیدا لە ژێر پێستیەوە لەرەلەرێکی هەیە، وەك لەرەلەری لێدانی دڵی وایە لەسەر مەچەکی، هەروەها وەك لەرەلەری زەوی لەژێر پێکانیداو، هەوا لەچواردەوریدا. سەلیم بە ترسێکەوە ڕوانیە چاوە ڕەشە گەورەکانی بەهیە کە تەنها لەکاتی هەستکردن بەمەترسیدا ڕوودەدات، چاوەکانی سەلیم، بەهەمان ترس کرانەوە، بەڵام خێرا هەڵەکەی خۆی زانیو، چاوەکانی گەڕانەوە بۆ قەبارە ناسراوەکەی خۆی، ماوەی یەکتر ناسینەکەیان نیو خولەکی خایاند لە کاتێکدا کە یەکترناسینی ژنو پیاوێك نیو سەدەی دەوێت.

سەلیم بە بەهیەی وت:

پیرۆزبایی پێشانگاکەت لێدەکەم

بەهیە لەشەرمدا دەمو چاوی سورهەڵگەراو، دەمی تەتەڵەی کرد:

—هێشتا لەسەرەتادام.

پێشانگاکە تەنها سێ یان چوار قوتابی لێبوو، لەکاتێکدا کەلە کۆلێجدا هەزاران قوتابی هەبوو، بەڵام قوتابی کۆلێجی پزیشکی چیان داوە لە پێشانگای وێنە. تابلۆ یان چیرۆك یان پارچە مۆسیقایەك چ سودێك بەوان دەگەیەنێت؟ هیچ شتێك بەلای ئەوانەوە گرنگ نییە تەنها توێکارگەو ئەو وانانە نەبێت کەلەبەر دەکرێت و لەپەڕاوی تاقیکردنەوەکاندا دەنوسرێنو

پاشان لەیادەوەریدا دەسڕێنەوە.

هەردوكیان لەبەردەم یەك تابلۆدا بەرامبەر یەكتری وەستان باڵای سەلیم بەقەدەر باڵای و، شانی بەقەدەر شانیو، قاچی بەقەدەر قاچی خۆی درێژبوو، تەنها ماوەیەكی كەم لەیەكی جیادەكردنەوە، روبەرێك لە هەوا بەنێوانیاندا تێدەپەڕی و هەردوو جەستەی لێك جیادەكردنەوە، ماوەیەكی درێژ بەقەد درێژی باڵای خۆی بوو بەڵام زۆرباریك بوو، مویەك لە هەوا، هەرچەندە هەوابوو، بەڵكو لەبەرئەوەی هەوایە، ماوەیەكی جیاكەرەوەیە لەمادەیەكی دیكە بێجگە لە مادەی جەستەیان ، لەگەڵ ئەوەشدا كە باریك بوو، بەڵكو لەبەرئەوەی زۆرباریك بوو، زۆرتیژبوو وەك تیژی شمشێر كە جەستە لە جەستە جیادەكاتەوەو گۆشت دەبڕێت. بەهەمان ئەو سەرسوڕمانەی لە خەونیدا روودەدات بەهیە سەری سوڕما، كاتێك كە گەورەترین روداو لە خەونیدا لە چەند چركەیەكدا روودەداتو مرۆڤ چاوی بەچەند كەسێكی نامۆ دەكەوێت كە دەیانناسێتو، هەروەها مردوەكان كە تەوقەیان لەگەڵدا دەكات، بەهەردوو قۆڵ و قاچەكانی بەهەوادا دەفڕێتو، دەچێتە قولایی دەریاوە بێ ئەوەی بخنكێتو، بەسەر پەتێكی باریكدا دەڕوات بێ ئەوەی بكەوێتو، ماڵەكان لە چركەیەكدا دەڕوخێنو، لە چركەیەكیشدا دروست دەكرێنەوەو، هەموو شتێك دەتوانرێت لەچاو تروكاندنێكدا بكرێت.

لەسەر ئەم سەرسوڕمانە راهاتبوو لە خەونەكانیدا، بەڵام ئێستا بەئاگایەو، بەراستی هەوڵیدا لەو بەئاگابونە راستەقینەیە دڵنیا ببێت بەڵام دەستەوەسان بوو، هیچ رێگەیەكی زامن كراو نییە بۆ دڵنیابون بێجگە لەوەی





كە دەست بدات لە جەستەی خۆیەوە، بەڵام لە خەونیشدا ئەوە دەكات كاتێك كەلەنوستنی بە گومان دەبێت، ئەم دەستەوەسانە دەیتوقێنێت، بەهەرحاڵ ئەو ناتوانێت لەهیچ شتێك دڵنیابێتەوە لەژیانیدا. و هەوڵی دڵنیابون هیچ شتێك ناكات تەنها ئەوە نەبێت كە گومانی زیاد دەكات.

چاوە رەشەكانی بەهیە لەسەر تابلۆكە جێگیربووو، تابلۆ كە وەك تاریكە شەو ڕەشە، چەند خاڵێكی سپی وەك ئەستێرەی تێدایە، بەڵام ئەستێرە نین، بەڵكو چەند نقێمێكی بچوكن لەئەڵماس، بەڵام نقێم نین، بەڵكو چەند چاوێكی بچوكن بەفرمێسكی تەنكەوە دەبریقێنەوە، چاونین، بەڵكو دووچاوی بچوكن لەدەمو چاوێكی باریك و زەردهەڵگەڕاوی منداڵێكدا، كەبەتەنیا بەسەر شەقامەكەدا دەڕۆیشتن، پەنجە بچوكەكانی سوربونەتەوەو ئاوساون بەهۆی سەرە تیژەكەی راستەیەكەوە، كەبیست جار دراون بەسەر هەر پەنجەیەكیدا، بەهۆی ئەو جانتایەوە كە ونبوە، پیاوێكی گەورەی سمێڵ درێژ قۆڵی ئەو منداڵەی راكێشا لە قەراغی شەقامەكەدا و جانتاكە كەوتەسەر زەوی، ئەو منداڵە بەدوو دەستە بچوكەكانی و بەقاچەكانی دەیكێشا بە دوو قاچە گەورەكەی ئەو پیاوەدا، بەڵام قاچەكانی ئەو بەهێزو كراوەبون وەك دووشەویلگەی چارەنوسو، منداڵەكە لەنێوان ئەو دووشەویلگەیەدا لەسەر قیرەكە لەلای دیوارەكەوە بەڕودا كەوتبو مویەكی باریك لە خوێن لە دوو كونە لوتیەوە دەڕۆیشت كە پاش ماوەیەك مەیی پێش ئەوەی باوكی ببینێت، بەڵام باوكی سەیری چاوەكانی كردو لە زەردهەڵگەڕانیانەوە زانی كە هەر خوێنی لەبەردەڕوات، بەدوای برینەكەدا دەگەڕا لەنێوان دوو قوڵو، دو قاچیدا، كاتێك كە بازنە سورەكەی بینی كە وەك پەپكەی خۆر رونو

ئاشکرابو دەستە گەورەکەی لە هەوادا بەرزکردەوەو زللەیەکی لێدا بەهیە بریسکەیەکی خێرای لەسەردوو چاوی سەلیمو، ماسولکەیەکی بچوکی ژێرچاوی چەپی بینی کە دەلەرزی بۆیە ئاماژەی بۆ تابلۆکەی دیکەکرد، بەڵام سەلیم بە دەنگێکی هێواشەوە پرسیاری لێکرد:

— تۆ دەگریایت کە منداڵ بویت؟

سەری سوڕماو زمانی تەتەڵەی کرد، خەونە منداڵینەکانو، خودا خەیاڵیەکە و باوکی و ، پۆلیس و، قوتابخانەو، لێواری راستەکەی سەر پەنجە بچوکەکانی بیرکەوتەوە، وتی:

— لەسەر یەکێکی دیکە لێیان دەدام کە ناوی بەهیە شاهین بوو، گوێرایەڵ و بە رەوشت بوو.

سەلیم پێکەنینێکی کورت پێکەنیو سەیری تابلۆکەی دیکەی کرد.

قوتابیانی کۆلێجی پزیشکی بەچاویلکە ئەستورو ئانیشکە تیژەکانیانەوە لەدەوری مامۆستایەك کۆببونەوە کە عەربانەیەکی رادەکێشاو وەك فرۆشیارێکی گەڕۆك هاواری لەسەر دەست گوتارە چاپکراوەکانی دەکرد، لەبەردەم دەرگای کۆلێجدا چەند ژنێك بەکراسە رەش و سەرپۆشە رەشەکانیان کە لەملیان ئالاندبو بەدوای ئەو لاشە مردووەوە بون کە لەژوری توێکاریەکە هاتبوە دەرەوە لە وێستگەی ترامەکەدا ژنێکی شەلی لێبو پیاوێکی کوێری رادەکێشاو لەدواوەی ئەو ژنەشەوە چەند منداڵێکی قن روتی لێبو، لەناو کابینەکانی ترامەکەدا سەرە گەورە بەیەکدا نوساوە لێکچوەکان دەردەکەوتن کە دەتگوت پارەن و لەسکەدراون، لەسەر سوچی شەقامەکە پولیسە سمێل رەشە درێژەکە وەستابوو سەلیم کە بەبێ جوڵە لەلای





بەهیەوە وەستابو چرپاندی:

— بەهیە

بەهیە داچڵەکی کاتێك کە دەنگی سەلیم بەر گوێی کەوت، ناوی بەهیە زۆر تایبەت بووە، وەك ناوی بەهیە نییە، چ بەهیەیەك ؟ بەڵام هەر خۆیەتی، ئەوە نەك ئەوانی دیکە، ئەوە لەنێوان ملیۆنەها کەسدا، بەقەوارە تایبەتەکەی خۆیو، بەجەستە جیابووەوەکەی لەبۆشایی دەرەوە لەلای سەلیمەوە وەستاوەو، بەهێڵەکانی دەستی لەسەر تابلۆکە، وێنەی دەموچاو و جوڵە تایبەتەکەی دەکێشێت، بەجوڵە خۆویستەکەی خۆی جەستەیی لەنێوان دوو شەویلگەی تواناکانی دیکەدا هەڵدەپڕوچقێنێت. بەچوار دەوریدا ئاوڕدەداتەوە، پێشانگاکە لەوان زیاتر کەسی دیکەی لێ نەماوە، کەبەرامبەریەك وەستاونو، بەریەك نەکەوتون، مویەکی باریك و تەنك لە هەوالێکیان جیادەکاتەوە، مویەکی زۆرباریك ، زۆر تەنك وەك هەوا، کەبەیەك دەست جولاندن دەدڕا هەر جوڵەیەکی هێواش بەسە بۆ دڕاندنی، بەڵام هیچ کامیان ناجولێن، کە وەك دوو پەیکەری بێ گیانی لەبەرد دروستکراو وابون، چاوەکانیان وەك ئەوە وابو لە ترسا جێگیر بوبێتن، و پێستیان زەردهەڵگەڕابو وەك ئەوەی خوێنیان تێدا نەمابێت وەك ئەو ترسەی بەهیە لە خەوندا هەستی پێدەکرد، بەڵام ترسێکی راستەقینە بوو، کە راستیەکەی لە لەرزینی جەستە رەپ بوەکەی لەبارێکی شاوڵیداو هەروەها لەو دڵۆپە ئارەقانە دەزانی کە لەناو دەستیدا بوو؟

بەهیە بەوریاییەکی راستەقینەوە پێی لەسەر زەویەکە جولاند، پاشان پێی دووەمی جولاند، و جەستەی هەڵگرت و بەرەو دەرگاکە کەوتەڕێ، بەڵام

دەنگی سەلیم لەدوایەوە بانگی کرد:

– بەهیە

وەستاو، بۆساتێك لەسەر زەویەکە بێ جوڵە بـو، وپاشـان بـەدەنگێکی هێواشەوە وەڵامیدایەوە:

– بەڵێ

– بۆ کوێ دەچیت؟

– نازانم

– لەگەڵ مندا وەرە

– بۆ کوێ؟

بەهیـە بەهـستێکی نائاشـکراوە زانـی کـە ئـەو دەنگـە رێكوپێکـە یـەك لەدوای یەکـەی ئـەو دوو پێیـەی بەسـەر قـیرى شـەقامەکەدا دەڕوات دەنگـی پێڵاوەکانی خۆیـەتی دەنگێکـی ناسـراوە لەگوێیـدا، وەك نـاوی خـۆی کاتێـك لەهەوادا دەزرنگێتەوە، بەڵام ئەقڵی بەتەواوی دڵنیا نییە لە گوێی، ئەوەی لـە گوێیدا ئاشنایە لەبەردەم ئەقڵیدا زۆر نامۆیە.

چی وای لە پێکانی ئەو کرد بەسـەر قـیری ئـەو شـەقامەدا بـڕوات؟ ئـەو شەقامەی کە لەوەو پێش نەیبینیوە کە یەکێك نییە لە شەقامە ئاسـاییەکانی قاهیرە ، ئەو شەقامانەی کە تەخت و ئاسۆیین و کۆتاییـەکانیان لەپێـشەوەو لـەبارێکی ئاسـۆییدا دەبینـرێن، بـەڵام ئـەم شـەقامە ئاسـۆیی نییـە، بـەرەو سەرەوە سەر دەکەوێت وەك رێگەیەك لەسەر شاخێکی بەرز.

بەهیە بەسەرسوڕمانەوە پرسیاری کرد: ئایا قاهیرەمان بەجێ هێشتوە؟ کاتێك کە گوێی لە دەنگی سەلیم بوو لە تەنیشتیەوە بۆی دەرکەوت کـە ئـەو





بەتـەنیا نییـەو، گەیـشتونەتە کۆتـایی شـەقامی (قەسـر ئەلعـەینی) و (فـەم ئەلخەلیج) یان تێپەڕکردو بەرەو شاخی (ئەلموقەتەم) کەوتنـەڕێ ئـەو لـەوەو پێش نەهاتبوو بۆ ئەم شوێنەو، بەسەر ئەو شەقامەدا نەڕۆیـشتوە کەبەسـەر شاخدا سەردەکەوێت وەك ئێستا کە پیایدا دەڕوات.

ژیانی بەهیـە بـەهێڵێکی ئاسـۆیی راسـت دەڕۆیـشت،ماڵیـان لـە نهـۆمی زەمینی بو کە بەچوار پلیکانە سەردەکەوێت، ترامەکەش بەپلیکانەیەك یـان دوو پلیکانە سەردەکەوێت، توێکارگەکەش لە نهۆمی زەمینـی بـوو، کورسـیە پلیکانەدارەکەش سێ پلیکانە لە زەمینـەی کولێجەکـە بـەرزتربوو، بـەرزترین شوێن کە پیایدا سەربکەوێت کارگەکە بوو کەشەش پلیکانەی هەبوو.

ئێـستا، شـتێکی سـەیر بەسـەر جەسـتەیاندا دێـت کـە ئـەو لـە زەوی دوردەکەوێتەوەو، کێشی کـەم دەکـات، وەك ئـەوەی لـە هـەموو هەنگاوێکـدا کێـشی ئـەو بارسـتاییە نەبینراوانـەی وەك پاوانەیـەکی ئاسـنی بـەدەوری قولەپێیدا ئاڵابون کەم بکـات، دەنگـی پێڵاوەکـانی لەسـەر قیرەکـە هێواشـتر دەبێتو، قاچەکانی هەریەکەیان بەجیاو بەسوکی دەجولێن، وەك ئەوەی کـە ئیدی جەستەیان هەڵنەگرتبێت، یان جەسـتەی قورسـایی نـەمابێتو، هـەوای دەوروبەری دەنگی نەمابێت.

بەهیــە بەدەســتەکانی چــەپڵەی لێــدەداو بەخۆشــیەوە رایــدەکرد و دەیوت:( یەکەم جارەکە بەسەر شاخی "ئەلموقە تەم"دا سەربکەوم) و گوێی لە دەنگدانەوەکەی خۆی بوەوە کـە جـارێکی دیکـە لەسـەر ڕوی شـاخەکەوە دەدرایەوە. وەستاو سەیری خوارەوەی کرد، شارە گەورەکەی بینی کـە وەك فەرشێکی سەوز راخرابوو و ماڵـەکانیش وەك چـوار گۆشـەی بـچوك وابـونو،

قاچەكانی لەناو پیلاوە ناسراوەكانی خۆیدا بون كە لەسەر لێواری شاخەكەبو كە دوو قاچی دیكەی لەلاوەبون لەناو جوتێك پێلاوی رەشی نەناسراودابون.بەسەرسورمانەوە سەری هەڵبڕی، چاوەكانی كەوتە چاوەكانی سەلیمەوە، دووچاوی رەش كە نیگایەكی تیژی نامۆیان هەبوو، كەرووپۆش لەسەردەموچاوو، پۆشاك لەسەر جەستەی ئەو لادەباتو بەمەش دەموچاو و جەستەی بینراودەبن، بەهیە سەری بەلاكەی دیكەدا جولاند كە تەنها ئاسمانی لەسەریەوەو چاڵێكی قوڵی لە خواریەوە دەبینی، هەستێكی نادیاری زۆرەملێی بۆهات كە شتێكی ترسناكی توش دەبێت، لەپڕدا پارچە قوڕەكەی ژێر پێی دەترازێتو لەشاخەكە جیادەبێتەوەو جەستەی ئەو دەكەوێتە خوارەوەو زەویش بەهێزە سامناكەكەی رایدەكێشێت و بەپارچەی بچوك وەك گەردەكان بە هەوادا پەرش و بڵاودەبێتەوە وەك چۆن لە خەوندا روودەدات وایدەزانی ئەگەر خۆی فڕی بداتە خوارەوە لە چنگی زەوی رزگاری دەبێتو بەرەڵڵا دەبێتو بەئاسماندا دەفڕێت، قاچێكی هێنایە پێشەوەو خەریك بوو قاچەكەی دیكەی بەدوادابێت و بازبدات، بەڵام هێزێكی سەیر رایكێشایەوە بۆ دواوە وایدەزانی دەستی سەلیمە، بەڵام ئەو لەدورەوە بەبێ جوڵە وەك پەیكەرێك وەستابوو، قوڵەكانی لەتەنیشت ئەو و، چاوە رەشەكانی لەناو چاوەكانی ئەودا جێگیربونو، بەرەو ئەو ژێرزەمینە دورودرێژە قوڵە دەچون كە لە قولایی ناخیدایە، كە ناخە قوڵەكە شاراوەكەیو، هەروەها ئەو ترپە خێرا یەك لەدوای یەكەیان دەبینی كە وەك ترپەی گەردون وابو لە خامۆشی شەودا، ئەو جوڵە خێراو شێتانەیە لە ناخیدا دەنێژێتو، هەناوی چین بەچین تێوە دەپێچێت، بۆ ئەوەی نەبینراو بێتو





جوڵەكەشی هەتا سەر نهێنی بێت. خوێن لە دەمو چاوی بەهیەدا نەماو رەنگی زەردهەڵگەڕاو، پەنجەكانی ساردو سڕو تەزیوبون، چاوەكانی بەو جوڵە هەڵخەڵەتێنەرەی لە خەوندا فێری بیو داخستو پاشان كردیەوەو، زانی كە خەو نابینێتو، چاوە رەشەكان هێشتا هەر لە چاوەكانیدایە، كە بەتەواوی رەش نینو شین باون، شینێكی قوڵی بێ بن، كە نائاشكراو نادیاربون، وەك شینی ئاسمان كاتێك بە چاوێكی كراوەوە سەیری دەكەینو، وایدەبینین كە هەر نەبێت، لەرزینێكی لێ تێنەگەیشتو بەجەستەدا تێپەڕدەبێت، بەهۆیەوە دەزانین كە ئێمە لەبەردەم مەزنی گەردونداین، مەزنیەكی سامناك و ترسناك، مەزنیەكی بێدەنگ و خامۆشی تۆقێنەر، چونكە خامۆشیەكی راستەقینە نییە بەڵكە جوڵەیەك لەژێریدایە، جوڵەیەكی شاراوەی توندو بەهێز كەلە جوڵەی چاو خێراترە.

بەهیە بەدەستەكانی دەموچاوی شاردەوەو بەهەناسەدانێكی نەبیستراوەوە هاواری كرد

– سەلیم

بەدەنگە هێواشەكەی وەڵامی دایەوە: بەڵێ

– من دەترسم

– لەچی دەترسیت؟

– لە مردن

– مردن نییە

– بەڵام من دەترسم

– لەژیان ؟

– بەڵێ

هەركەسێك لەو كاتەدا بەهیەی ببینیایە دەیزانی كە دەترسێت، ترسەكەی وەك ئەو ترسە نەبو كەلەمەترسی دورمان دەخاتەوە، بەڵكو ترسێكی دیكە بو كە زیاتر لە مەترسیمان نزیك دەخاتەوە، هەستێكی زۆر توندی رامالەر لە هەستكردن بەمەترسی تادەگاتە لوتكەكەی، تاكۆتاییەكەی، دوا كۆتایی كە تاسەر لەو مەترسیە رزگارمان دەكات، وەك بارێكی قورس لەسەر جسەتەی هەستی پێدەكرد لەو كاتەوە كە جەستەی هەیەو، لە گەردون جیابۆتەوەو لە جەستەی دایكیەوە بەبارستەیەكی بچوكی دیاریكراو ترازاوە، زەوی بەرەو خوارەوەو، ئاسمانیش بەرەو سەرەوە كێشی دەكاتو هەواش لە هەموو لایەكەوە پەستانی دەخاتەسەرو، جەستە بچوكەكەشی هەمیشە لە چنگی گەردوندایە، لەنێوان دوو شەویلگەی شێردا، بەراستی دەزانێت كە لەساتێكی داهاتودا شەویلگەی سەرەوە دەكەوێتە سەر شەویلگەی خوارەوە و گومانی تێدا نییە.ئەگەر بۆ یەك سات گومانی لەو راستیە هەبوایە لەوانەیە بیری لە هەڵاتن بكردایەتەوە بەهەر رێگەیەك بوایە، بەڵام ئەو راستیە لەسەر جەستەی و لە هەر خانەیەك لە خانەكانیدا كە لێدەدات هەڵدەگرێتو دەزانێت كەئەو ساتە دێتو، ئەو لێدانە دەوەستێتو، ئەو بارە قورسە كۆتایی دێت.

بەهیە بەدەنگێكی هێواشەوە بەسەلیمی وت:

– بەهەموو هێزت باوەشم پێدا بكە تاوەكو..... وەستاو قسەكەی تەواونەكرد، دەیویست بڵێت تاوەكو ترپە لێدانەكە بوەستێت، بەڵام ئارەزوە شاراوەكەی بۆ مردن بەئاشكرایی وەك ئارەزوییەكی قەدەغەكراو وابوو،





بەرونیەكی زیاتر بۆی دەركەوت كە بۆچی خەڵكی ئارەزوە راستەقینەكان قەدەغەدەكەنو رێگە بەئارەزوە ناراستەقینەكان دەدەن. یەك جوڵە لەسەلیمەوە بەس بو بۆ ئەوەی بیگەیێنێتە كۆتایی، بەڵام ئەو لە كۆتاییەكان دەترسا، هەست بە مەترسی گەیشتن دەكاتو، دەزانێت كە گەڕانەوە بۆ باری پێشوو مەحاڵەو، بەرێگەیەكی ئەفسوناوی دەبێتە مرۆڤێكی دیكە نەك بەهیە شاهین، واتە دەبێتە خودی راستەقینەی خۆی.

بەهیە لە سەلیم دوركەوتەوەو بەهەنگاوە خێراو بڵاوەكانی دەڕۆیشت، چاوە رەشەكانی بەرەو سەرەوە بڵندكراون، كە زۆر رەش نینو، ئەو لوتەی كە بەپێی پێویست بەرزنەبۆتەوەو، ئەو پێستەی كە بەهۆی ترسەوە زەردهەڵگەڕاوە و مرۆڤ هەوڵ دەدات بیشارێتەوە.

دەنگی سەلیم لەدوایەوە هات

– بەهیە نەوەستاو وەڵامی نەدایەوە. سەلیم بەدەنگێكی بەرزتر هاواریكرد كە دەنگدانەوەكەی لەنێوان لاكانی شاخەكەوە دەدرایەوە.

– بەهیە

خێرا رۆیشت و لە دەنگە كە دوركەوتەوە، بەڵام سەلیم هەموو لایەكی لێگرت، بەهیە بەهەردوو دەستەكانی گوێچكەی گرت، بەڵام سەلیم دەستەكانی لە گوێكانی كردەوەو، بەدەنگێكی توڕەوە هاواری كرد:

–بۆچی دەڕۆیت؟

ویستی بجوڵێت، بەڵام سەلیم بەهەردوو دەستی رێی لێگرت، بەهیە بە هەمو هێزی پاڵی بەسەلیمەوە نا ئەویش بەهەموو هێزی رایكێشا بۆ لای خۆیو، بەدەستی دەمو چاوی بەرزكردەوە، بەمەش چاوەكانی كەوتە

چاوەکانی بەهیەوە، دووچاوی تورە، رەشێنەکەی شینێکی تۆخی ترسناکی تێدابوکە وەك شینی دەریایەکی بێبن وابو، بەهیە هەوڵیدا سەری بەلاکەی دیکەدا بجوڵێنێت بەڵام سەلیم بە دەستی سەریگرت و بەدەنگێکی تورەوە وتی:

–بەهیە شاهین وات لێدەکات کە هەمیشە دەستەوەسان بیت لە گەیشتن بە هەر لوتکەیەك، هەمیشەش لەناوەڕاستی رێگەدا دەژیت و وەك ملیۆنەها کەسی دیکە دەکەوێتە گۆڕی رۆژگارە ئاساییەکانەوە.

دەنگی سەلیم دەلەرزی. دەستی لە سەری بەهیە لابرد کەوتەسەر سنگی بەهیەو لەرزی،چاوەکانی بەهیەش دەلەرزین، هەموو شتێك لەژیانیدا لەرزیوبو ئەو دەنگە لەرزیوە لەوەوپێش جارێك، بەڵکو دووجار، بەڵکو زۆرجار گوێ لێبوە، بەڵکو هەمو رۆژێك کە کاتێك لەترامەکەدا دادەنیشتو ئەو مرۆڤانەی دەبینی کە وەك پارچەی پارە لە سکەدرابوون، کاتێك کە قوتابیەکانی دەبینی بەچاویلکە ئەستورەکانیان سەریان بەسەر دەستگوتارەکاندا شۆڕببۆوەو، کاتێك کە قوتابیە کچەکانی دەبینی بەچاوە شۆرەکانیانو قاچە بەیەکدا نوساوەکانیانەوەو، کاتێك کە گوێ لە دەستگوتارەکان دەبوو بەو دەنگە دوبارە لێکچوە دەوترایەوەو، کاتێك کە گوێ لەدەنگی زەنگی کاتژمێرەکە دەبێت کە هەموو بەیانیەك بەهەمان لەرینەوە لە گوێیدا دەزرنگێتەوە، هەروەها دەنگی باوکیشی کە بەهەمان بانگەواز بانگی دەکات، هیچ شتێك و هیچ شتێك ئەو ریزبەندییە بەردەوامی تاسەر بنەبڕناکات

ئارەزویەکی راماڵەری لەناوبەری هەبوو بۆ بنەبڕکردنی ئەو ریزبەندییە.





ئارەزویەك بۆقیژاندن بەبێ هۆ بۆ بڕینی ئەو قیژە ریزبەندییە، بۆ بازدان لە پەنجەرەوە و شکاندنی هەردوو دەستو قاچی، بۆ کردنی چەقۆی چێشتخانەکە بەسنگیدا بۆ ئەوەی لەتاو ئێش و ئازار هاواربکاتو بە گوێی خۆی گوێی لە قیژەکەی بێتو بەڕاستی بزانێت کە ئەو زیندوە و نەمردوە. ئارەزویەکی راماڵەرو زۆرە ملێ بۆ هەستکردن بە ژیان تا ئەو رادەیەی تاوانی کوشتن ئەنجام بداتو، بۆ ئەوەی بەهەموو هوشیاریو توانای خۆیەوە جەستەی بکوژێت، دەیزانی کە ئەوە تاوان نییە، بەڵکو تاوان ئەوەیە کە بەبێ خواستو توانای خۆی جەستەی بکوژێت، لەراستیدا دەیزانی کە توانایەکی دیکە هەیە خۆی بۆ ماتداوە، تا فرسەتی لێبێنێت، چ فرسەتێك کەلەناوی بەرێت، توانایەکی دیکە خۆی بۆ ماتداوە کە فرسەتی لێبێنێتو لەناوی بەرێت، وەك هەڵخلیسکاندنی پێی لەسەر پلیکانەی ترامەکە، یان لەساتێکدا کە خەیاڵی رۆیشتوەو ئاگای لە خۆی نییەو بەسەر شەقامەکەدا دەپەڕێتەوە، یان دەرچونی فیشەکێك لە هەوادا کە بەهەڵە بەر ئەو بکەوێت.

مردنی بەمشێوەیە،بە رێکەوت و بەبێ خواستی خۆی، تاوانێکی رێ پێنەدراو دەبێت، ئەوەی وا لە مردن دەکات رێ پێدراو بێت ئەوەیە کە ئامانجی دیاریکراوی بێت، کە هەڵبژاردەی مردنو هەڵبژاردەی خۆشی بێت.

کاتێك کە سەری لەسەر سنگی بەرزکردەوە سەلیمی نەبینی، بەخێرایی ئاوڕیدایەوە بۆ دواوە ،پشتی بینی کە خەریك بوو لە پێچی شەقامە پێچاوپێچە بەرزبوەوەکەوە دیارو نەدەما، بەهیە بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد:

–سەلیم

بەڵام وەڵامی نەدایەوە، بەهیە دەنگی بەرزتر کردەوەو بانگی کرد

—سەلیم

چەند جارێك دەنگەکەی لەلاکانی شاخەکەوە درانەوە، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە.

بەهیە لەژورە بچوکەکەیو لەسەر جێگەکەی راکشابوو، چاوە ڕەشەکانی وەك دوو نقێمی ئەڵماس دەبریسکانەوە، کە ڕەنگە ڕەشەکەیان هەڵدەمژێ و تیشکێکی سپی وەك تیشکی روناکیان دەدایەوە، ملیۆنەها گەردی ورد لەو تیشکەدا بەجوڵەیەکی بازنەیی ڕێك وەك جوڵە هەتا هەتاییەکی گەردون دەجولان‌و دەسوڕانەوە، وەك لێدانە رێکەکەی کە لە گوێیدا بۆ مل و سنگی دادەبەزیو بە قاچەکانیدا دەڕۆیشتو مێرولەیەکی کەمی دەکرد وەك ڕۆیشتنی خوێن‌و، دەرژایە ناو هەردوو دەستو قاچەکانیو لەسەری هەر بیست پەنجەکانیدا وەك سەرە دەرزیەك کۆدەبوەوە، وەك قاچە وردەکانی مێرولە کە لەژێر پێست و بەسەر ئێسکەکانیدا دەڕوات کەبەئەستەم گوێی لەزیکەزیکە هێواشە یەك لەدوای یەکەکەی دەبێت. وەك ملیۆنەها دەنگی هێواشی گەیشتو کە خامۆشی شەو دروست دەکەن.

جەستەی لەسەر جێگەکەی بەرزکردەوەو، قاچە روتەکانی بەر زەویە ساردەکە کەوتن جەستەی بەملاولاداکەوت و خەریك بو بکەوتایە ئەگەر هێزو توانای دوو قاچە درێژە رێکە ماسولکە بەهێزە پتەوەکانی نەبوایە، کە جەستەی بەرێکی بۆسەرەوە راگیردەکەن، بەو دەستەڵاتە سەرسوڕهێنەرەی کە هاوسەنگ بون هەیەتیو، ڕۆیشتن بەسەر زەویدا بەو هەنگاوە بەهێزە جێگیرە گەردون لەتدەکات وەك ئەو کەشتیوانە شارەزایەی بەوردی



دووژن... له ژنێکدا

کەشتیەکی پتەو دەگرێتەدەست.

تابلۆکەی لەدوای جێگەکەوە راکێشا، تیشکی گڵۆپەکەی خستەسەر لاپەڕە سپیەکەو لەسەر دۆشەکە بچوکەکە لەسەر زەوی دانیشت، سەیری ئەو گەردە حەقیقانەی دەکرد کە لە تیشکدانەوەکەدا دەسوڕانەوەو، کاتێك بە پەنجەکانی پەستانی خستەسەر فڵچەکە هەستی بەسەری دەرزیەکان دەکرد لەژێر پێستیداو، لەهەموو پەستان خستنەسەرێکدا هەستی بە ئێش و ئازارێك دەکرد کە وەك دەرزی پێدابکەن وابو، بەڵام دەستی لە جوڵە ناکەوێت، بەو جوڵە خۆویستە بەسەر تابلۆکەدا دێت و دەچێت، بەو ئارەزوە ڕامالەرە زۆرە ملێیە لەهەستکردندا بەئێش‌و ئازار تا کۆتایی، لەپەستان خستنەسەر پەنجەکانی تاخوێنیان لێدێتو لەناودەچن و ئێش‌و ئازارەکە دەوەستێت.ئارەزویەکی شاراوەی ڕامالەر، جەستەی دێنێتە لەرزین‌و، زەویش لەژێریدا دەلەرزێنێتو، ئەو لەرزینە لەپەنجەکانیەوە بۆ هەردوو دەستو قاچ و مل و سەری دەچێت وەك ئەوەی بە وایەرێکی کارەبایی ڕاکێشراودا بڕواتو، پەنجەکانی توندو گرژ دەبن، ملی رەقو رەپ دەبێتو، سەری جێگیردەبێت و ناجولێت. هەرکەسێك لەو ساتەدا بیبینێت وا دەزانێت کەلە خاچ دراوەو، ئەگەر جوڵەی دەستی نەبوایە وادەزانرا کە مردوە، یان بە دانیشتنانەوە نوستوە، بەڵام بەئاگایە زۆر بەئاگا چاوە کراوەکانی وردترین هێڵ دەبینن‌و، خاڵ هەڵدەگرنەوەو، پەنجەکانیشی دەتوانێت بەسەری فڵچەکە و بەهێڵێکی باریکی سپی وەك موو، وەك هێڵی ئاسۆ کە زەوی لەئاسمان‌و شەو لەرۆژ جیادەکاتەوە، هێڵێکی سپی سورباو، سورێکی تۆخ و ئاڵ وەك رەنگی خوێن، گەردونی رەش لەت بکات.

چاوەکانی کاتێك کە رەنگی سوری ئاڵ دەبین دەکرێنەوەو، زەق دەبن، وەك ترسی چاوەکان لەبەردەم خوێنی راستەقینەدا، بۆچی لەرەنگی خوێن دەترسێت؟ سەیری دەمارە شینەکانی ژێر پێستی دەکاتو، هەست بەلێدانە رێكوپێکە یەك لەدوای یەکەکەی سەرمەچەکی دەکات، لێدان لەدوای لێدان لەدوای لێدانو، بەهەستێکی نائاشکرای شاراوەوە وا هەست دەکات ئەو لێدانەی دێت دوالێدانەو، دەنگەکە دەبڕێتو، هەناسەی نامێنێتو، گوێی لاواز دەبێت، خەریکە ئەوساتەی کە دێت بەبێ لێدان وەربگرێت، بەڵام گوێکانی خێرا ئەو لێدانە وەردەگرن، کە هێواشەو بەهەمان جوڵە دێت، وەك لێدانەکەی پێشوو،و لێدانی داهاتوش، وەك زیکەزیك یان گیڤەگیڤێکی بەردەوام لە گوێیدا، زۆر حەزدەکات ببڕێتو بوەستێت، بەحەزێکی زیاترەوە گوێی هەڵدەخات و چاوەڕێی لێدانی داهاتوە دەترسێت کە نەیەت. لەبەیانیدا لە دەنگی وریاکەرەوەی کاتژمێرەکە چاوەکانی دەکاتەوە، چاوە گەورەکانی باوکی لەسەر جێگەکە، رایدەکێشێت بۆ دەرەوەی جێگەکەو، دەرەوەی ژورەکەو، دەرەوەی ماڵەوەو لە ترامو لە کۆلێجیشدا بەدوایەوەتیو، بەدەستە گەورەکەشی پاڵ بەپشتیەوە دەنێت بۆناو توێکارگەکە.

لەتەنیشت مێزە مەڕمەڕەکە، لەسەر یەك قاچ رادەوەستێتو، قاچی دوەمی لە هەوادا بەرزدەکاتەوە وەك ئەوەی لەقە لەیەکێك بدات، پاشان بە هەمو هێزو بەهەموو قورسایی خۆی دەیخاتەسەر لێواری مێزەکە،وەستانێك کە هیچ کچێك وە هیچ کوڕێکیش لەوکاتەدا ناتوانێت بەوشێوەیە بوەستێت.

تەنها کەس کەدەیتوانی دکتۆر عەلوییە، کە بەچاویلکە پزیشکییەکەیو، بەپاڵتو سپیە کورتەکەی بەنێوان مێزەکاندا تێپەڕدەبێتو، لەلای مێزەکەی





بەهیەوە دەوەستێت، پێیەکی لەسەر زەوی و پێکەی دیکەی لەسەر لێواری مێزەکە لە تەنیشت پێی ئەوەوە دادەنێت، چاوە شینەکانی دەکەوتە چاوەکانی ئەوەوە، بەڵام ئەو چاو داناخات، چاوە رەشەکانی بۆ سەرەوە بڵند کردونەتەوەو بۆپێشەوە دەڕوانن، بەبۆشایدا دەڕوانن وەك ئەوەی بەدوای شتدا بگەڕێنو، ملیۆنەها لەو گەردانە هەڵدەبژێرن کە بەهەوا دادەسوڕێنەوەو، لەوبونەوەرە وردانە دەکۆڵنەوە کەلەگەردوندا دەجوڵێنو، لە نێوان هەزارەها بارستای لێکچودا بەدوای دەموچاوێکی نائاساییدا دەگەڕێ، بەدوای ئەو دووچاوەدا دەگەڕێن کە ئەگەر سەیری ئەوی پێبکەن پێیان بینراو دەبێت، ئەو چاوە ڕەشانەی کە دەموچاوی ئەو لەنێوان دەموچاوەکاندا دەدۆزنەوەو، جەستەی لەنێوان ملیۆنەها جەستەی ونبو لەگەردوندا هەڵدەگرنەوە.

بەڵام دەموچاوەکان لە توێکارگەدا هەموو لێکدەچن، لەشەقامو لەترامەو، لەناو کۆلێجە فراوانە قەڵەباڵغەکەدا وا هەست دەکات کە خۆی بەتەنها لەدەریادا نقوم دەبێت، بەبێ ئەوەی کەس بیبینێتو، کەس بیناسێتەوەو، دەموچاوی وەك دەموچاوی هاوڕێکانی لێدێت، هیچ جیاوازیەك لەنێوان بەهیە یان عەلیە یان سعاد یان ئیڤۆندا نییەو، بەبێ ئاگایانە رادەکاتو لەو قەڵەباڵغیە هەڵدێت بەرەو ئەو سوچە بچوکە جیاکراوەیەی کەلەتەنیشت دیواری کۆلێجەکەو، لەدواوەی بینا گەورەکەوەیە، لەسەر کورسیەکی تەختەی بێ پشت دادەنیشێتو، بۆ پێشەوە خۆی دەچەمێنێتەوە، سەیری پارچەیەکی بچوك لە زەوی دەکات کە بەقەبارەی بەری دەست دەبێتو، گیای سەوزی لەسەرنەڕواوەو، جیا لەبەشەکانی دیکەی زەویەکەی دەوروبەری رەنگی قوڕینە، شەق ودرزی بردوەو، لەنێوان

ئەو درزە باریكانەدا ملیۆنەها بونەوەری وردی بەقەبارەی مێرولە دێنە ژورەوە و دەچنە دەرەوە.

بەهیە ! ناوەكە وەك ناوێكی نامۆو وەك ناوی یەكێكی دیكە لە گوێیدا زرنگایەوە، لەسەر كورسیەكە راچڵەكی. دوچاوی رەشی بینی كە دەچونە ناو چاوەكانیەوە، رۆپۆشەكەیان لێدەكردەوەو بەرگیان لەبەردا دەدریێو، بە بێ بەزەییانەو بەبێ دوودڵی بەرەو ژێرزەمینە دورودرێژە تەسكەكەی ناوقوڵایی ناخی دەرۆیشتن یەك ساتی دیكە بەسە بۆ ئەوەی بگاتە كۆتایی.

بەڵام بەهیە بەدەنگێكی هێواشەوە بانگیكرد:

—سەلیم

بەبێ دەنگی وەستابوو سەیری بەهیەی دەكرد، بەهیە پێی وت:

—بۆچی دوێنی بەجێت هێشتم؟

چاوەكانی سەلیم لەچاوەكانی بەهیەدا جێگیربون نەدەجوڵان بەهیە بەدەستەكانی دەمو چاوی شاردەوەو بەدەنگێكی بیستراوەوە دایە پرمەی گریان.

سەلیم بەدەنگێكی زۆر هێواشەوە لێی پرسی

—بۆچی دەگریت؟

بەهیە وتی:

—تۆ بە تەواوی منت خۆشناوێت

سەلیم وتی:

—تۆش كەست بەتەواوی خۆشناوێت. لەخۆشەویستی دەترسیت وەك مردنو لەنیوەی رێگادا دەوەستیت، ئەوەیە بەهیە شاهین .





بەهیە قیژاندنی

—نەخێر

سەلیم دەستەسرە سپیەكەی خۆی دابە بەهیەو ئەویش فرمێسكەكانی سڕیو، چاوە ڕەشەكانی لەبەر تیشكی خۆرەكەدا بریقانەوە، سەلیم زەردەخەنەگرتی و پرسیاری لەبەهیەی كرد:

—دوێنێ شەو چیت كرد؟

وەڵامی دایەوە

—هیچ شتێك

پرسیاری لێكرد:

—وێنەی شتێكی نوێت نەكێشا؟

وتی:

نەخێر

سەلیم بۆ ساتێك بێ دەنگ بوو پاشان پرسیاری لێكرد:

—ئەی ئەمشەو چی دەكەیت؟

بەهیە بەدەنگێكی هێواشەوە وتی:·

—نازانم

سەلیم دەستیكرد بە گیرفانیداو كلیلێكی بچوكی دەرهێناو دایە دەست بەهیەو پێی وت:·

—ئەمە كلیكی ئاپارتمانەكەمە لە (موقەتەم). لەدوای كاتژمێژ سێ وە وەرە هەر كاتێك ویستت .چاوەڕێت دەكەم.

*   *   *   *

سەلیم بەخێرایی لەدوای بیناگەورەكەی كولێجەوە دیارنەما، بەهیەش هەر لەشوێنی خۆیدا وەستابوو، پەنجەكانی لەكانزایەكی بچوكەوە ئالاون، سەرێكی خڕی وردی هەیە و لەناوەڕاستدا كونێكی تێدایە، كلكەكەشی چەند ددانێكی بچوكی مشاری هەیە، سەری پەنجەی لێوەدا موچوڕكەیەك بە لەشیدا هات، كە وەك دەنكۆڵە وردەكانی لمێكی گەرم، بە قۆڵەكانیدا دەڕواتو دەچێت بۆ قاچەكانی پاشان سەردەكەوێت بۆ سەری و دادەبەزێت بۆ ملو هەردوو قۆڵەكانیو لەدەستە نوقاوەكەیدا لە دەوری ئەوشتە بچوكەدا كۆدەبێتەوە.

كلیلێك بوو وەك هەر كلیلی دەرگایەك ، بەڵام دەزانێت كە شتەكان بەپێی هەستەكانی ئەو دەگۆڕێن، كلیلێكی كانزایی بچوك لەوانەیە لەپڕێكدا ببێتە كلیلێكی ئەتۆمی یان ئەفسوناوی كە هەواو روناكی بە چواردەوریدا بە لەرینەوەیەكی بازنەیی دەجولێنێتەوەو، گەرمیەك دەدات بەجەستەكە وەك هەڵلەرزینی سەرما بەسەر پێستدا دەڕوات، بەسەر دەستدا درێژدەبێتەوەو گەورە دەبێتو دەست پڕدەكاتەوەو زیاددەكات، بەدرێژایی قۆڵیو، بەدرێژایی درەخت بەئاسماندا، یان زەوی روتەخت كە بەدرێژایی بینین درێژدەبێتەوە.

هەستی بە دڵۆپە ئارەقەكانی ناودەستە گەرمەكەی كرد لە ژێر تەنە رەقەكەداو، سەری پەنجەكانیشی كاتێك بەر روە كانزاییەكە كەوتن ساردو تەزیوبون، كلیلەكەی لەدەستە سڕە بچوكەكەیدا پێچایەوە، خستیە گیرفانیەوەو، بەهەنگاوە بڵاوە خێراكەی كە وەك بازی پڵنگ وابوو ناو كۆلێجە قەڵەباڵغەكەی بڕی، چاوەكان لە هەموو لایەكەوە سەیریان دەكرد،





دەستی خستەسەر گیرفانی بۆ ئەوەی كلیلەكە بشارێتەوە، وەك ئەوەی كە ئەو كلیلە بتوانێت بە كانزا ئەفسوناویەكەی دەستەسڕو گیرفانەكەی ببڕێتو لەبەرچاوەكاندا ئاشكراو بینراو بێت وەك پەپكەی خۆر.

*　　*　　*

بەبێ ئاگایانە بەدەستی پەستانی خستەسەر گیرفانی، بەرەو دەرگای كۆلێج رۆیشت، بەڵام گوێی لە دەنگێك بو بانگی كرد:ـ

ـبەهیە

ئاوڕیدایەوە و دكتۆر عەلوی بەدوچاوە شینەكەی لەژێر چاویلكە سپیەكەوە لەبەردەمیدا بینی كە هەندێك لەهاوڕێ كچەكانی لەدەوربون.

دكتۆر عەلوی بەشێوە زاری مامۆستاوە وتی:

ـبەهیە، تۆ لە كوێیت؟ بەدواتا دەگەڕام.

بەهیە بۆساتێك شڵەژا و وتی:

ـلەژوری قوتابیە كچەكان بووم.

بەدەنگێكەوە كە شێوازی فەرمانی پێوە دیاربو وتی:

بۆماوەی پێنج خولەك وەرە بۆ نوسینگەكەم.

كچێكی هاوڕێی بە گوێی بەهیەدا چرپاندی:

ـبەراستە دەكێشێت بە پەنجەكانتا.

هاوڕێیەكی دیكەی پێكەنی و دەستی نابەدەمیەوەو وتی:

ـبەچەقۆ هەڵت دەدرێت

یەكێكی دیكەیان ملی درێژكردو وتی:

ـپارچە پارچەت دەكات

یەکێکی دیکە ئاخی هەڵکێشاو وتی:

—خۆزگەم بە خۆت خۆزگە من بومایە.

هەناسەهەڵکێشان ، هەناسەدانەوە، ئاخ هەڵکێشان، ئەو هەناسانەی بەئارەزویەکی بە گڕوتینەوە لەناخی جەستەدا وەك میکرۆبێك نێژراون، کەدەیەوێت جەستە بخوات، لەتوپەتی بکات، تا دوا بەشی لەناوی بەرێتو هیچ شتێکی لێ نەهێڵێتەوە. بەهیە بەدوای دکتۆر عەلوی دا چوە نوسینگەکەیەوە، کە پالتۆ سپیەکەو چاویلکە سپیەکەی لابردبوو، ماسولکەکانی مامۆستا بەهێزو پتەون، کەوەك لاوێکی وەرزشەوانی جەستە رێك وابوو، پێستی سپی بەهۆی خۆرەوە سورهەڵگەڕابو، چاوە شینەکانی گەورەتر ببون وەك ئەوەی واقیان ورما بێت، وتی:_

—بەهیە چەند رۆژێکە بۆ وات لێهاتوە؟ ئەو بەهیەیە نیت کە دەمانناسی.

بەهیە لە ترسا راچڵەکی وەك ئەوە دکتۆر عەلوی لەپڕدا بەشێك لە جلەکانی لەبەردا داکەندبێت و شتێکی زۆر تایبەتی بینیبێت، شتێك کە ئەو لەچاوانی خەڵکی دەشاردەوە و بۆخۆی دەیپاراست، ئێخەی بلوزەکەی لەدەوری ملی توندکردو بەدەنگێکی توڕەوە وتی:

—من وەك هەموو رۆژەکانی دیکەم.

بەشێوەزاری مامۆستایەکی متمانە بەخۆی هێمنەوە وەڵامی دایەوە:

—ئەی خۆدزینەوەت لە توێکارگە؟

وتی:

—بەپێشانگاکەوە سەرقاڵ بوم.





—وتی:

—نەخێر ئەی بەهیە، پێشانگا نییە. تۆ بە شتێکی دیکەوە سەرقاڵیت.

بەهیە لێوەکانی لەواقورماندا کرانەوە،بەڵام خێرا دایخستنەوەو کرۆشتنی وەك توڕە بێت وابوو، ئاوڕی دایەوە بۆلای دەرگاکە بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە، بەڵام ئەو رێگەی لێگرتو، بەشێوە زمانی مامۆستاوە وتی:

—تۆ بەشتێکی دیکەوە سەقاڵیت ئەی بەهیە.

بەهیە چاوە رەشەکانی بەرزکردەوەو خستیە چاوەشینەکانی دکتۆر عەلوی یەوە و بەباوەڕ بەخۆبونەوە وتی:

—نەخێر

وەك ئەوەی کوێی لە وەڵامەکەی ئەو نەبوبێت و بەدەنگێکی لەسەرخۆو زۆر متمانە بەخۆوە وتی:

—چی سەرقاڵی کردویت ئەی بەهیە؟

جارێکی دیکە وەڵامیدایەوە:

—هیچ شتێك

شتێك لەنێوان دکتۆر عەلوی وئەودا هەیە، شتێکی نادیاریی و ناحاڵی، بەڵام هەیەو هەستی پێدەکرێت. لەچاوە شینەکانیدا هەستی پێدەکات کاتێك کە سەیری دەکەنو، هەروەها لە دەنگیدا کاتێك قسەی لەگەڵ دەکات، هەندێك جار بیر لەو شتەدەکاتەوە، چی بێت جارێکیان لە خەویدا ئەوی بینیوە، کە کراسێك و پانتۆڵێکی لەبەردابوو، جەستەی وەك لاوێکی وەرزشەوان رێك بوو، قۆڵی توکاوی و بەهۆی خۆرەوە سورببوەوە، ئەمی بەرزکردەوە و هەوڵیدا بیکاتە باوەشی بەڵام ئەم لەدەستی رایکرد، پاشان

ئەو توانیویەتی بە هەردوو دەستی باوەش بەمدا بکاتو دەستی لەسەر لێوەکانی لابەرێتو ماچی بکاتو، کاتێکیش لەخەو بەئاگا هات ئەو هەر ماچی دەکرد، کاتێك بەدەستی پاڵی پێوەناوەو سەیری کردوە کەسی لێ نییە بۆی دەرکەوتوە کە خەو دەبینێت. سەری سوڕما چۆن دکتۆر عەلوی لەخەودا خۆی بەسەر ئەودا دەسەپێنێت، کە ئەو لەکاتی بەئاگابوندا چارەی ناوێتو، بەڵکو رقی لێیەتی، رقی لە چاوەشینە بزەکانێتیو، رقی لە پێکەنینەکەیەنی، چونکە ئەو وەك خەڵکی پێناکەنێت بەڵکو بەسەنگینی و مامۆستایانە پێدەکەنێت و قاقاکەی دروست کراوە و بچڕبچڕە کە هەر گوێت لێبو دەبچڕێت.

هەمیشە وا لە قوتابیەکان دەکات کە هەست بکەن ئەو مامۆستایە، ئەوەی ئەو دەیزانێت ئەوان نایزانن، ئەوەی ئەو خاوەنێتی ئەوان نیانە، جوڵەی قاچەکانی کەبەسەر تەختە بەندەکەدا دەڕوات وەك جوڵەی قاچی مامۆستاکان هێواشن و تاڕادەی پشودان متمانە بەخۆن سمتەکانیش لەدواوە کەمێك داکەوتون، بەهۆی دانیشتنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر کورسیەکی نەرمو شلی حەوێنەرەوە. دەستە توکاویە سورەوەبوەکەی دکتۆر عەلوی لەسەر دەسکی دەرگاکە بو، دەستەکەی دیکەشی لەسەرشانی بەهیە بو، بەجوڵەیەك دەستی خستە سەرشانی وەك جوڵەی مامۆستاکان کاتێك دەست دەخەنەسەر شانی قوتابیەکان، بەڵام کاتێك دەستی بەرشانی ئەو کەوت قوتابیەکان، بۆساتێك بەجێگیری لەسەری مایەوە وەك پیاکێشانێکی خێرا، یان گرژبونی ماسولکەیەکی دەست بە جوڵەیەکی خۆنەویستانە، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی:





—بەهیە تۆ دەزانێت کەمن بایەخ بە تۆ دەدەم... پاشان بەخێرایی بە دەنگی مامۆستایەکی هێمن و متمانە بەخۆوە وتی:

—تاقیکردنەوەش نزی بۆتەوە، حەزدەکەم دەربچیت. لەویستگەی ترامەکەدا بەهیە سەیری کاتژمێری کرد سێ ونیوە، دڵی لێدانێکی خێرا لێیدا، دەستیکرد بەگێرفانیدا، سەری پەنجەی بەر لێواری کانزایەکی رەق کەوت دەستی لەرزی و دوری خستەوە وەك ئەوەی بۆمبێکی لەناو جلەکانیدا هەڵگرتبێت، کە هەردەستی بەریبکەوێت یەکسەر دەتەقێتەوەو، هەر تەقیشەوە جەستەی پارچە پارچە دەکاتو دەکەوێتە سەرقیرەکە. ترامەکە بەژاوە ژاوو قەڵەباڵغیەکەیەوە هاتو دورکەوتەوە لەخەڵکەکە بۆ ئەوەی کەسی بەرنەکەوێت، بەهیە پاشگەزبوەوە لەسواربونی ترامەکەو بڕیاری دا بەپێ بڕواتەوە بۆماڵەوە.

شەقامی (قەسر ئەلعەینی) بڕی و بەرەو شەقامی نیل کەوتەڕێ، خۆر بە توندی لەسەر روی ئاوەکە درابوەوە، هەواش گەرم و کەمێك شێداروخۆش بو بەنەرمی دەیدا لەدەموچاوی، چاوەکانی لەژێر ئەو لێدانە گەرمانەی هەوادا داخستن، رێگەی کۆڕنیش لەوکاتەی نیوەڕۆدا چۆڵ بوو، پەنجەرەی ماڵەکان بەشیش داخرابون، هیچ کەسێك لەپێشەوەو لەدوایەوە نەبو، تەپەی پێکانی لەسەر قیرەکە لە گوێکانیدا ئاشکرابون بەلێدانە رێكوپێکە ناسراوەکانی، بەڵام ئەوەی لە گوێکانیدا ناسراوبون لەبەردەم ئەقڵیدا زۆر نامۆ بون ئەو لێدانانەی سەر قیرەکە تەپەی پێی ئەو نییە، بەڵکو تەپەی دوو پێی دیکەن لەدوایەوە . ئاوەڕیدایەوە کەسی نەبینی، هەستی بەنائومێدی کرد. وەك بڵێی چاوەڕێی سەلیم بێت، یان ژوانێك لە نێوانیاندا هەبوەو نەهاتوە

لەهەمان کاتدا دەیزانی کە ئەو لەدوایەوە نییە، بەڵکو لە ئاپارتمانەکەیدایە لە (موقەتەم) چاوەڕێی دەکات، هەموو کاتێك لەدوای کاتژمێر سێ وە.

بەتیلەی چاوی سەیری کاتژمێرەکەی کرد، چارەکی دەویست بۆ چوار. دڵی بەیەك لێدان سەرکەوتو دابەزی و، چاوە رەشەکانی بۆسەرەوە بڵندنو، دەمو چاوە درێژە باریکەکەی زەردهەڵگەڕاوەو، قژە رەشە کورتەکەی بەسەر ملو گوێکانیدا پەرشو بڵاوەو، شانە باریکەکەی لەژێر بلوزەکەدا کەمێك کوڕەو، هەردوو مەمکە بچوکەکەی لەگەڵ هەناسەدانیدا دیارنامێننو دەردەکەوەوە، پەنجە سورەکانیشی لەدەوری جانتایەکی چەرمی ئالاون کە پڕە لە کتێبی توێکاری.گەیشتە گۆڕەپانی (فەم ئەلخەلیج)، کەشەقامی (نیل)ی لەبەردەمدایە هەروەها ئەو پردەی کە بەرەو ماڵەکەیان دەچێت لە(رەوزە). لەلای راستەوە روباری نیلو، لەلای چەپیشەوە ئەو شەقامە هەیە کە بەرەو (موقەتەم) سەردەکەوێت. ئەوەی بیبینێت وا دەزانێت کەبە جەستەی بەلای چەپدا پێچ دەکاتەوەو بەرەو شەقامەکە دەڕوات. بەڵام پێچی نەکردەوە هەر بەوەستاوی مایەوە، دەیزانی ئەو پێچکردنەوەیەی مانای شتێکی گەورەیە بۆ ئەو، شتێکی ترسناك.

مانای وایە کە ئەو نەبۆتە بەهیە شاهین، بەڵکو بۆتە مرۆڤێکی دیکەی بەهێزتر کە چەندی دەوێت ئەوەندەش دەترسێت.

ساتێکی ترسناکی پڕمەترسی، لە مردن دەچێت، بەڵکو بەڕاستی جۆرێکە لە مردن، تیایدا مرۆڤێك دەمرێت و یەکێکی دیکە لەدایك دەبێت، ساتێکی کورت تیایدا جەستەی بەرەو لای چەپ پێچ دەکاتەوە، کە ئەوەندە لە کات دەخایەنێت پێیەك لەسەر زەوی بەرزبکرێتەوەو پاشان نزم





بکرێتەوە، یان چاو بنوقێنرێتو بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای ئەوەوە وەك هەموو ساتەکانی تەمەنی وابو، وەك هەموو ئەو ساڵانەی کەژیاوەو لەمەو دوا دەژی ، وەك هەموو ژیانی کە کۆبۆتەوەو لە تەنیشت پێیدایە کە هەر قاچی بەرزبکاتەوەو دای بنێتەوە دەیشلێتو وەك هاڕاوەی خۆڵەمێش دەیهاڕێت.

ئەو شەقامەی لەلای چەپیەوەبو بە شەقامی نەمابوو، شەقامەکانیش وەك هەمو شتەکانی دیکە بە گۆڕانی تێڕوانینمان سات بەدوای ساتدا دەگۆڕێن، خوێن لە دەمارەکانماندا لێدان بەدوای لێداندا دەگۆڕێت، هەوا لە سنگدا لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا نوێ دەبێتەوە، هەروەها ئاوی دەریاش لەگەڵ هەموو شەپۆلێکدا. شەقامەکە لەناوەڕاستی شاخەکەدا وەك قولێکی درێژ بەرزودرێژ دیاربوو، لەسەریشیەوە شریتی ئاسمان کەلەنێوان شاخەکەو خانوەکاندا قەتیس مابوو وەك قۆڵی دووەم دەردەکەوت.

دوو قولی گەورە وەك قۆڵەکانی خودایەکی خەیاڵی، کەلەبەردەم ئەودا وەك دووشەویلگەی چارەنوس کراونەتەوەو بەئاسۆدا درێژبونەتەوە، بەدرێژایی ئاسۆو، بەپانی ئاسۆ، کە بەرەو لای ئەو بەرزبونەتەوەو کراونەتەوەو چاوەڕێی پێچکردنەوەی جەستەی ئەون بەرەو رویان. لەراستیدا دەیویست پێچ بکاتەوەو، خۆی فڕێ بداتە نێوان ئەو دوو قوڵە درێژبوەوە، بەڵام جەستەی بەرەنگاری ئەو پێچکردنەوەیە بوەوەو، نەیتوانی پێی لەسەر زەوی بەرزبکاتەوە، بەوەستانەوە داچڵەکی، جانتا چەرمەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە هەموو کتێبەکانی توێکاری بەسەر زەویەکەدا پەرش و بڵاوبونەوە بەلاچاوی سەیری بلیتە سپییەکەی سەر بەرگە ئەستورەی

کرد"بەهیە شاهین " یەکەمی توێکاری، قۆڵەکانی بە هەوادا گرژبونەوە نەیان دەویست کتێبەکان هەڵبگرنەوە، بەڵام جەستەی بەسەر شوستەکەدا دانەواندنەوەو کتێبەکانی کۆکردەوەو خستیەوە ناو جانتاکە، ئەو خۆ دانەواندەوەیە بەس بوو بۆ ئەوەی بەهیە شاهینی بەهەموو هێزو دەستەڵاتیەوە بۆ بگێڕێتەوەو، مرۆڤەکەی دیکە لەژێرزەمینە قوڵەکەی ناخیداو ون بوو، لەرێگا پێکانی بەخێراییو بەقایمی دەکێشا بەزەویدا و بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ.

جوڵەی جەستەی کاتێك کە دەڕوات وەك جوڵەیەکی بەهێزی سەرکەوتووایە، بەڵام هەستە راستەقینەکەی شتێکی دیکەیە، هەستی بەدۆڕاندن دەکردو کاتێك لە دورەوە ماڵەوەی بینی دڵی تەنگ بوو، وەك بەندکراوێکی هەتاهەتایی کە بەرەو زیندان دەبرێت، بەهێزێك وەك هێزی ئاسنێك کەلە دەوری هەردوو دەستو قاچەکانی ئالآبێت رادەکێشرێت، هەستی دەکرد وەك زنجیرێك لە دەوری هەردوو مەچەك و هەردوو قولە پێ و ملی ئالآون. کە بەبێ سۆزو بەزەیی بەرەو ئەو ماڵە بچوکە سورە رایدەکێشن.

لەوساتەوە ماڵەکەی ماڵی ئەو نەبوو،و ژورەکەی ژوری ئەو نەبوو، جێگەکەیشی جێگەی ئەو نەبوو، شتەکان وەك مرۆڤ دەگۆڕێن، تەنها گۆڕانکاری لەشێوەدانا بەڵکو لەماناشدا، ئێمە هەرگیز راستی شتەکان نازانین،و تەنها ئەوەندەی لێ دەبینین کەمەبەستمانەو هۆشیاریان تەنها شتێکی کە شێوەی گەردون لەچواردەورمان، هەروەها قەبارەو جوڵەو ماناکەیمان بۆ دیاریدەکات.





ماڵەکەی بۆ ئەو وەك شوێنێکی دڵنیاو سەلامەت بو، کەلە قەڵەبالغی تراموو، قەڵەبالغی کۆلێجو، گەرمی خۆرو سەرمای زستان دەیپارێزێت، هەروەها باوکی تێدایە کە رۆژانەی دەداتێ و دایکیشی کە خواردنی دەداتێ ، هەروەها خوشكو براکانی کە روخساریان لەروخساری ئەودەچێت، هەموو شتێك لەچواردەوریدا جێگەی دڵنیاییو ئارامییە.

بەڵام ئێستا ماڵەوە وەك زیندانی لێهاتوەو، باوکی وەك زیندانیکەر، کە لەساڵۆنەکە لەسەر کورسیە ئەسیوتیەکەی دانیشتوەو چاودێری جوڵەو هەڵسوکەوتی ئەو دەکات، هەوڵ دەدات لەپشت روخساریەوە شتە شاراوەکانی دەرونی بدۆزێتەوەو، جێ پەنجەکانی دایکی هەر لەسەر لاپەڕە تایبەتەکانیەتی لە چەکمەجەی مێزەکەیو، لەژێر سەرینەکەی، بەدوای نهێنیەکانیدا دەگەڕێت بەدوای نامەیەکی دڵداری یان وێنەی لاوێکدا دەگەڕێتو، چاوی خوشكو براکانیشی لە هەموو شوێنێکدا چوار دەوری لێدەگرنو پرسیاری لێدەکەن، لەوەش خۆشتر ئەو سەردانانەی کە بونەتە شتێکی رۆژانە، کاتێك کە مامی و ژنەکەی و کوڕەکەی کە دەرچوی کولێجی بازرگانییەو(لەمنداڵیەوە دانراوە بۆ ئەو کەشوی پێبکات) دێن بۆ ماڵیان، کوڕی مامەکەی زەردەخەنەیەکی ناژیرانە لەسەر لێوەکانێتیو، شادیە بێ ئەقڵانەی بکوژی هەیە. لەراستیدا دەیزانی کە ئەو سەر بەو خێزانە نییەو، ئەو خوێنەی بەجەستەیدا دەڕوات لە خوێنی ئەوان نییەو، ئەگەر پەیوەندی خوێن بەو خێزانەی ببەستێتەوە ئەوا ئەو بەگومانە لەو پەیوەندییە، بە گومانە لەو خوێنەی بە جەستەی خۆیو بە جەستەی ئەوانیشدا دەڕوات. ئەو لەدایکی لەدایك نەبوە، لەوانەیە دۆزرابێتەوەو لەلای مزگەوتێکەوە

هەڵیانگرتبێتەوە بەڵكو ئەگەر بە راستی لە دایكیشی بو بێت لە دایكو باوكی تیایدا بەشداری بو بێت یان بەشدارنەبوبێت، ئەوە مانای ئەوە نییە كە ئەو سەر بەوانە، ئەو پەیوەندیەی كە پێی دەڵێن پەیوەندی خوێن لەدیدەی ئەودا پەیوەندی نییە، پەیوەندیەكە بەبێ دەستەڵاتی هیچ كەسێكو، بەبێ سەربەستی تەنها رێكەوتە كە وایلێكردوە ئەو كچی باوكو دایكی بێت بەبێ هەڵبژاردن لەلایەن ئەوانو لەلایەن خۆشیەوە نەیزانی چۆن گەیشتۆتە ئەو رادەیە لەبیركردنەوە، بەڵام دەیویست بگاتە یەك راستی ئەویش ئەوەیە كە تەنها توانای مرۆڤە مانا بەپەیوەندی دەدات. دەیویست لەم راستیەوە بگاتە راستیەكی دیكە، ئەویش ئەوەبو كە دەیویست پەیوەندیەك لەنێوان ئەو سەلیمدا هەبێت، جۆرە پەیوەندیەك لەهەر جۆرێك بێت، كە وای لێبكات كاتێك كە سەلیمی لەنێوان هەزاران كەسدا بینی بوەستێت و بچێت بۆلای، ئەو جوڵە خۆویستە بەرەو لای ئەو تەنها شتە كە مانا بەو پەیوەندیە دەبەخشێت، بەڵكو مانا بە ژیانی دەبەخشێت، مانای ژیانی چییە؟ نەیدەزانی ژیانی مانای چییە، نەیدەزانی كە بەتەواوی چی دەوێت لەژیانیدا. هەموو ئەوشتانەی كە دەیزانێت ئەوەیە كە نایەوێت ببێتە بەهیە شاهین و، نابەوێت ببێتە كچی دایكو باوكیو، نایەوێت بگەڕێتەوە بۆماڵەوەو، نایەوێت بڕوات بۆ كۆلێجو، نایەوێت ببێتە پزیشكو، نایەوێت پارەی زۆری هەبێتو، مێردی بەڕێزو، منداڵو، ماڵو، كۆشكو، هیچ شتێك لەوانەی هەبێت ئەی چی دەویست؟

ئەقڵی بەهیە شاهین ئەقڵی ئەو نەبو ئەقڵێكی تایبەتی دیكەی خۆی هەبو، كە هەستی دەكرد لەژێر توێكڵی مێشكیدا شاراوە و مەزن و گەورەیە





و كەللەسەری پڕدەكاتەوەو، بەرێگەیەكی شەیتانی شاراوەوە پێی رادەگەیەنێت هەموو ئەو شتانە هیچ نینو، ئەو شتێكی دیكەی دەوێت، شتێكی زۆر جیاواز، نەزانراو زانراویش بێت لە هەمان كاتدا، دیاریكراو و نادیاریكراو، كەبتوانێت بە نوكی پەڕێك لەسەر لاپەڕەیەكی سپی بەهێڵێكی رەشی دیاریكراو بیكێشێت، بەڵام كاتێك كە بەدوو چاوە رەشەكانی سەیری دەكات دەبێتە هێڵێكی درێژو بەئاسۆدا درێژدەبێتەوە، بەدرێژایی ئاسۆو، بەپانی ئاسۆ، كە نەسەرەتاو نەكۆتایی هەیە.

وەك سەر لێشێواوێك لە شەقامێكەوە بۆ شەقامێكی دیكە دەچوو، وەك گەردێكی هەوای ونبوو لەنێوان ملیۆنەها ئەو گەردانەی لە گەردوندا دەسوڕێنەوە، كە خۆی داوەتە دەست هەوا بە هەموو لایەكدا بیجوڵێنێت، لە روكەشی دەرەوەیدا وەك كەسێكی ملكەچی ونبوو وابو، وەك یەكێك كە چێژ لە تواندنەوەو لە لەناوچونی تەواوەتی لە گەردوندا وەربگرێت، بەڵام لەناوەوە بەرهەڵستی دەكات، ماسولكەكانی توند دەكاتو بەرهەڵستی جوڵە خۆنەویستەكە دەكات، ملی بۆ كەچ ناكاتو، بەهەموو هێزی نایەڵێت قاچەكانی بجولێن، بەهەمو هێزی دەیەوێت بوەستێت.

خۆی بینی كە وەك ئەسپێكی تاو دراو بەجەستە درێژە باریكەكەیەوە بەرێكی وەستاوە،چاوەڕەشەكانی بۆسەرەوە بڵندن، قژە رەشەكەی بەسەر ناوچەوان و گوێكانی و بەسەر ملیدا لەدواوە بڵاوبۆتەوە، لوتی رێكوتیژە، لێوەكانیشی لە تورەیدا گەزتوە بەچواردەوریدا ئاوڕیدایەوە تابزانێت لە كوێیە. بەڵام لەشوێنێك بو كەلەوەوپێش نەهاتبوو. ئەو ماڵانەی نەدیبوو ئەو خەڵكانەش كەلە دەوروبەری بە جوڵەی هاتوچۆ دێنو دەچنو، هیچ كەس

نایناسێتو ئەویش کەس ناناسێت. خوێن بەلێدانێکی گەورە بەرزبوەوە بۆ دڵی و هەناسە بڕکێی پێکەوت وەك یەکێك کەلەدەریا نقوم بێت، وەك ئەوەی کە ژیان لە چواردەوریدا هەمووی بوبێتە شلەیەکی هەمیشەیی، لەژێریدا ئاو، لەسەریەوە ئاو، کە دەستو قاچەکانی ناتوانن هیچ شتێکی رەق بگرن. بەپەنجە لەرزۆکە ترساوەکانیەوە دەستی جوڵاند وەك ئەو کەسەی لە ناوەڕاستی ئاوێکدا بەدوای بەلەمی رزگاربوندا بگەڕێتو، کاتێك کە دەستی بەر لێواری تەنەرەقەکە کەوت لەناوگیرفانیدا هەر پێنج پەنجەکەی لەدەوری کلیلە کانزاکاوە ئاڵاندو، پەستانی خستەسەر، وەك ئەوەی بیەوێت لەراستی بونی ئەو کلیلە دڵنیا بێت، یان وەك ئەوەی لەرەقی کلیلەکەوە هەستێك وەربگرێت بەوەی شتێك لەژیاندا هەیە کە چوارچێوەی هەیە، شتێك کە دەتوانێت بەپەنجەکان بیگرێت.

بەهەمان ئەو خێراییو، بەهەمان ئەو هێزەی، کە جەستەیەکی نقوم بوو پەلەقاژەی بۆ دەکات کاتێك کە شتێکی رەق دەگرێت، جەستەی ئەویش پەلەقاژەی دەکردو، پێکانی بەهێزو بەخێرایی دەکێشا بەسەر قیرەکەداو، چاوەکانی لەشەقامە بەیەکداچوە پێچاوپێچەکاندا بەدوای ئەو . قۆڵەدا دەگەڕا لە دڵی ئاسۆوە درێژببوەوەو، بەدوای ئەو ئاسمانە شینەی لەنێوان شاخو ماڵەکاندا قەتیس مابوو.

خەریك بووڕابکات، بەڵکو بەراستی رایکردو، بەجوڵەیەکی خێرا لەچاوەکانیەوە سەیری مەچەکی کرد، کاتژمێر چوارو نیوبوو، دڵی بەرزبوەوەو دابەزیو، سنگیشی بەرزدەبوەوەو نزم دەبوەوە، بەرزدەبێتەوەو نزم دەبێتەوە قاچەکانیشی یەك بەدوای یەکدا دەهاتن وەك





ئەوەی لەگەڵ هەناسەکانیدا لە پێشبڕکێدا بن ئەو دەرگا بچوکە کرایەوە کە لقو پۆپی لاو لاوی سەوزی بەسەردا شۆڕببوەوە، دەموچاوێکی درێژی باریکی بینی کە روخساری ماندوێتی پێوەدیاربوو، وەك یەکێك کە نان نەخواتو نەنوێتو، مێشکی بەخەم و خەفەتی جیهانو مرۆڤەوە قاڵ بێتو،چاوە شینە قوڵەکانی تاڕادەی رەش بون یان دوو چاوی رەش تاڕادەی شین بونو، نیگا تیژەکەش هەموو روپۆشو بەرگێك دەبڕێتو دەگاتە بنەقوڵەکەی .

–چۆنی بەهیە

سەری سوڕما کاتێك دەنگی سەلیم بەر گوێی کەوت، ناوی بەهیە بۆتە ناوێکی زۆر تایبەتی، وەك ناوی هەر بەهیە یەك نییە، بەڵکو خۆیەتی بە تەواوی، جیا لە ملیۆنەها کەس ، کە بەقەوارە تایبەتیەکەی خۆی لەو هۆڵە نەناسراوەدا راوەستاوە.

هۆڵەکە چۆڵ بوو کەلو پەلی تێدا نەبوو، تەنها قەنەفەیەکی گەورە نەبێت لەسوچێکداو مێزێك کە گوڵدانێکی لەسەربوو، پەنچەرەیەکی شوشەی گەورەش کە شاخە گەورەکەی لەدواوە بوو، بەهیە لەسەر قەنەفەکە دانیشتو، سەلیم ئاوڕیدایەوە بۆ ئەوەی دەرگاکە لەدوایەوە دابخات. بەمەش پشت ئەو لەبەرچاوەکانی بەهیەدا بوو، دەموچاوو چاوەکانی و روخساری دیارنەمان، وەك پیاوێکە نامۆکە نەیناسێت هاتە بەرچاویو، کاتێك کە گوێی لەدەنگی دەرگاکە بوو داخرایەوە بیری کەوتەوە کە ئەو بەهیەشاهینە، قوتابیە کۆشش کەرەکەی کۆلێجی پزیشکیو، خورەوشت بەرزەیە ، کە ئێستا لەماڵی پیاوێکی نامۆیە، پیاوێك کەپشتی وەك پشتی پیاوانی دیکە

وابوو، هیچ پەیوەندییەك بەویەوە نابەستێتەوە بەهەمان ئەو سەرسوڕمانەی لە خەوندا روودەدات سەری سوڕما، کاتێك کە مرۆڤ خۆی لەو شوێنە نامۆیانەدا دەبینێتەوە کەلەوەوپێش نەیبینیوە.وچاوی بە کەسانێك دەکەوێت کەلەوەوپێش نەیبینیون. ئەقڵی بەخێرایی جوڵە لە خەوندا کاری دەکرد، کە زۆر شتی بە خەیاڵدا دەهێنا. باوکی بەخەیاڵداهات کە خزاوەتە کورسیە ئەسیوتیەکەی لە هۆڵەکەدا قاوەی بەیانی دەخواتەوە، کە رۆژنامەکە دەکاتەوە لەسەر لاپەڕەی یەکەم وێنەی جەستەی کچەکەی بەروتی و بەکوژراوی لە ئاپارتمانی لاوێکی بێ ژن لە موقەتەم دەبینێت، باوکی بڕوای وابو کە بەهیە تەنها رێگەی ماڵەوە بۆ کۆلێج دەزانێت‌و، نوێژ دەکات و بەرۆژو دەبێت‌و، لەرۆژێکدا چوار کاتژمێر کۆشش دەکات‌و، کاتێك کە گوێی لە گۆرانی خۆشەویستی دەبێت لەرادیۆدا دایدەخاتەوەو، کاتێك یەکێك لە لاوانی خێزانەکە لەگەڵیدا پێدەکەنێت بەقسەی رەق دەریدەکات، ئەو وەك هیچ کچێکی دیکە نییە، جەستەی وەك جەستەی هەر کچێکی دیکە نییە، بەڵکو ئەو جەستەی نییەو، ئەندامەکانیشی نییە، بەتایبەتی ئەو ئەندامە سێکسیانەی کەلەوانەیە بیوروژێنێت یان یەکێك لەرەگەزەکەی دیکە بیجولێنێت.

خەیاڵی دەستەوەستان بو لە پێش هێنانە بەرچاوی ئەو شۆکە، بۆنمونە کاتێك کە باوکی جەستەی کچە گوێرایەڵە بەخود رەوشتەکەی بەروتی دەبینێت، کەلەژوری نوستنە تایبەتەکەی خۆی نییە، بەڵکو لە ئاپارتمانی لاوێکدایەو تەنها چاوەکانی ئەو نایبینێت بەڵکو هەزاران چاو کە رۆژنامەی بەیانی دەخوێننەوە، لەوانەش چاوی ئەندامانی ئەو خێزانە ناودارو گەورانەی





کە بە وڵاتدا لە ئەسوانەوە بۆ ئەسکەندەریە بڵاوبونەتەوە، بەتایبەتی چاوی جوتیارەکان و سەعیدیەکان‌و، چاوی هەموو کارمەندەکانی وەزارەتی تەندروستی، بەسەرۆك و کارمەندەکانیەوە کە باوکی بەدرێژایی سی ساڵ خۆشنودی پێکردون بەوەی کەبەڕێوەبەرێکی شارەزاو چالاکەو وبنەچەیەکی دێرین و ناوداری رەوشت جوان‌و بەرزی هەیە، هەموو کچ و کوڕەکانی نەجیب زادەن‌و خورەوشتیان جوانە بەتایبەتیش بەهیە قوتابیە کۆششکەرەکەی کۆلێجی پزشکی.بەهەمان ئەو لەرزینەی لە خەوندا روودەدات بەهیە لەرزی و بەباشی دەیزانی کە ئەو ئامادەیە هەمو تەمەنی بەخت بکات لە پێناوی ئەوەی کە باوکی توشی ئەو شۆکە نەبێت. حەزدەکات بمرێت‌و جەستەی رووت‌و لەتوپەت ببێت بەمەرجێك باوکی نەیبینێت‌و نەزانێت، لەسەرو هەموو شتێکەوە باوکی هەرخۆش دەویست، کاتێك کە هەموو رۆژێك دەستی بۆ درێژدەکات‌و کاغەزێکی شڕی بە نرخی (دە قرش) دەداتێ دڵی لەسنگیدا قورس و رەق دەبێت و وەك پارچە بەردێکی لێدێت‌و، کاتێك بەپەنجەکانی پارەکە دەگرێت کە بۆنی ئارەقی باوکی پێوەیە خەریکە دەم‌وچاوی بشارێتەوەو بگرێ. دەیزانی کە باوکی لەپێناوی ئەم‌و خۆشك و براکانیدا رەنج دەدات و ماندودەبێت‌و، هەندێك جاریش دەیبینێت بەجەستە باریکەکەی‌و پشتە چەماوەکەی قەڵەباڵغیەکە دەبڕێت‌و، کاتێك ئەو شەقامە دەبڕێت کە پڕە لە ئوتۆمبیلی خێرا ئەم دەلەرزێت لە ترسی ئەوەی نەوەك ئۆتۆمبیلێك باوکی بشێلێت.

جارێکیان باوکی بینیوە لەبەر قەڵەباڵغی لەسەر پلیکانەکانی ترامەکە وەستاوە وابە خەیاڵیدا هاتوە کە پلیکانەکان لەژێر ئەو پێیە زۆرانەدا

دەڕوخێت و جەستەی باوكی دەكەوێتە ژێر تایەكانەوەو جارێكیشیان چوە بۆ نوسینگەكەی باوكی لەوەزارەت، بینیویەتی لەپشت بەڕێوەبەرەكەیەوە لەڕێرەوەكەدا دەڕوات، كە پشتی زۆر چەماوەتەوەو ماسولكەكانی ملی زۆر شل بونەتەوە، سەری بۆ پێشەوە ملكەچ كردوەو، بەڕێوەبەرەكەی لەپێشیەوە بە جوڵەیەكی لە خۆبایی لوت بەرزانە دەڕوات پشتی ڕێككردوەو ماسولكەكانی ملی توندكردونو سەری بە لەخۆباییبونەوە بۆ دواوە لاركردۆتەوە، لەوساتەدا حەزی دەكات كە زەوی بقڵیشێت و ئەم قوت بدات، كاتێك كە باوكی سواری ترامەكە بوو لەلایەوە دانیشت بەرویدا زەردەخەنەی گرت، بەڵام ئەم زەردەخەنە نەیگرت، هەر سەیری چاوەكانی باوكی نەكرد تارۆژی دوایی، باوكی دەستی درێژكرد بۆ ئەوەی ئەو كاغەزە شڕەی بداتێ كە بەئارەقەكەی تەڕببو خەریك بو ئەم بۆی ڕەتبكاتەوە، بەڵام وەریگرتو هەستی بە سوكایەتی كردو، بەزۆر چاوەكانی بەرزكردەوە و سەیری چاوەكانی باوكی كرد،بینی كە ڕەشێنەكانی لەژێرەوە فرمێسكێكی تەنكی نەبینراوی تێدا قەتیس مابو.

* * * *

بەهیە ڕاپەڕی بۆ ئەوەی هەستێتە سەرپێ، پێش ئەوەی بە تەواوی بوەستێت ئاوڕیدایەوە، دەمو چاوی سەلیم لەبەردەمیدا بوو، چاوەكانیشی لە چاوەكانیدابوو بۆیە ئەو تەزوە ئەفسوناویە بە قەوارەكەیدا ڕۆیشت كە یەكسەر ئەو هەستەی پێدا كە هەموو شتێك لە كاتو شوێندا لەدەرەوەی ئەو ساتەدا بێ مانایەو بونی ڕاستەقینەی نییە، هەموو ژیانی ئەو لەدوایەوەو لەپێشیەوە ژیانی ئەو نییە بەڵكو ژیانی یەكێكی دیكەیەو، هیچ شتێك





نابەستێتەوە بەو جیهانەی كە تیایدا ژیاوە، یان ئەو كەسانەی كە ناسیونی، هیچ شتێك بە هیچ شتێكیەوە نابەستێتەوە تەنها ئەو دەموچاوە نەبێت كە بەچاوە ڕەشە شین باوەكانی كاتێك كە سەیری چاوەكانی ئەم دەكەن جەخت لەسەر بونە ڕاستەقینەكەی دەكەنەوە.

–سەلیم

دەنگی بەنامۆیی لە هۆڵەكەدا زرنگایەوە، وەك دەنگی یەكێكی دیكە، سەرسام بو، هەروەها ناوی(سەلیم) لەگوێیدا نامۆبوو، وەك ناوی یەكێكی دیكە. ئەو ناوەی چەند جارێك لەگەڵ خۆیدا وتەوە بۆ ئەوەی لەرینەوەكانی لەگوێیدا ناسراوبێت، هەموو جارێك لەجارەكەی پێشو نامۆتر دەبێت. ئەو ناوی سەلیمەو ئەمیش ناوی بەهیەیە، ناوی ئەو لەناوی خۆی نامۆتر نییە كاتێك كە لە گوێیدا دەزرنگێتەوە. بەڵام ناوەكان چەند دورن لەڕاستی شتەكانەوەو، هەستەكانی مرۆڤ چەند دەستەوەسانن لەپێزانینی ڕاستی شتەكان!. ئەوەی كە ئەو بەرامبەر بەسەلیم هەستی پێدەكات شتێكە زیاترە لە توانای گوێكانی لەبیستنو، چاوەكانی لەبینینو، لوتی لەبۆنكردنو، پەنجەكانی لەدەست لێدان. لەو ساتەدا بۆی دەركەوت كە مرۆڤ چەند ئەندامێكی هەستیاری دیكەی نادیاری هەیە، كە تائێستا نە دۆزراونەتەوە، شاراوەنو، لەناخی دەروندا چونەتەوەیەك، بەڵام توانای هەستیاریان لەئەندامە هەستە وەرە زانراوەكان زیاترە، ئەوان ئەندامی هەستەوەری ڕاستەقینەی سروشتین، كە نە بەهۆی پەروەردەكردن لە ماڵەكانداو، نەفێركردن لە قوتابخانەكاندا و نەسیستم و نەیاساو نەخوونەریتەكانو نەهیچ شتێك تێكی داونو خراپی كردون، وەك ئەو روبارە

سروشتیەی کە بەبێ بەنداوەکان دەردەچێتو دەڕوات وەك ئەو بارانەی بەبێ هیچ بەربەستو ڕێگرێك بەلێزمە دێتە خوارەوە تا خۆی دەوەستێتەوەو تەواو دەبێت.

بەهیە لەسەر قەنەفەکە دانیشت، سەلیمیش لە تەنیشتیەوەبوو پەنجەرە شوشەکە لەبەردەمیداو شاخەکە لەپشتیەوەبوو، لە پشت شاخەکەوە ئاسمانێکی شین کە بەهۆی خۆرەوە لەکاتی ئاوابوندا سورهەڵگەڕابو. تیشکی خۆر لەچاوەکانی بەهیەدا وەك زەردەخەنەیەکی درەوشاوەبو بەدەنگێکی بەرز پێکەنیو بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆلای پەنجەرەکە ووتی:

—دیمەنەکە لێرەوە زۆر جوانە.

بەهیە وایدەزانی سەلیم چاوەکانی لەسەر چاوەکانی ئەو لادەبات و سەیری پەنجەرەکە دەکات، بەڵام سەیری نەکرد، و چاوەکانی بڕیە چاوەکانی ئەم، بەهیە دەمی تەتەڵەی کرد ووتی:

*بۆچی سەیرناکەیت؟ ئایا ئەو دیمەنە جوان نییە؟

—تۆ لە دیمەنەکە جوانتریت.

بەهیەی چاوەکانی لە چاوەکانی ەسلیم دورخستەوە، سەلیم سەری سوڕما و ووتی:

—بۆچی چاوەکانت دوردەخەیتەوە؟

—شلەژاو ووتی:

—نازانم، هەندێك جار چاوەکانت لە چاوەکانی خۆت ناچن، پرسیاری لێکرد: لەچاوەکانی کێ دەچن؟





ووتی: دوو چاوی پیاوێکی دیکە.

پرسیاری لێکرد: ئەی کامیانت بە دڵە: من یان پیاوەکەی دیکە؟

—وتی: تۆ

پێکەنیو بەهیەش لەگەڵیدا پێکەنی. سەلیم وتی:

—هیچ دەخۆیتەوە؟

وتی:

—نەخێر

وتی :

—هیچ دەخۆیت؟

وتی

—نەخێر

بەهیە جارێکی دیکە بەبێ هۆ پێکەنیو، کاتێك بەگوێی خۆی گوێی لەدەنگی پێکەنینەکەی بو پرسیاری لە خۆی کرد ئایا ئەم ساتە بەختیارییەو، ئایا بەختیاری مانای وایە کە جیهان بەهەموو ئەو شتانەی کە تیایدایە و هەموو گەردونیش نەمێنن تەنها ئەو ڕوبەرە بچوکەی قەنەفەکە بمێنێت کە جەستەی هەردوکیانی پێکەوە کۆکردۆتەوە کەبەرامبەر بەیەکن و بەریەك نەکەوتون ماوەیەك لە هەواکە لە ملیمەترێك تێپەڕناکات لەیەکتریان جیادەکاتەوە. بەهیە هەوڵیدا ساتی بەختیاری بگرێت، بۆ ئەوەی تامو چێژە ڕاستەقینەکەی بزانێت، بەڵام ناسکو تەنك بو وەك چینێکی تەنگ لە هەوا، کە هەر دەستی بەرزبکاتەوەو بەری بکەوێت یەکسەر دەدرێت. دەستی لە تەنیشت دەستی سەلیمەوە بو لەسەر قەنەفەکە، مویەك لەهەوا لەیەکی

جیادەکردنەوە، بەڵام کەسیان دەستیان نەجوڵاند هەریەکەیان لەوە دەترسان گەر بێتو دەستیان بجوڵێنن ئەو موە هەوایە بدڕێت و لەگەڵیشیدا ساتە بەختیاریە ناسکەکە کە وەك بەرگێکی تەنگ وایە بدڕێت.

بەڵام هەریەکەیان لەو ساتە بێزار بوو، پەلەی کۆتایی هاتنی دەکرد، بەختیاری هەستێکە کە مرۆڤ تەنها بۆ ساتێك بەرگەی دەگرێت، وەك گەردێکی هەوا بە هەڵواسراوی لەکاتو لە گەروندا دەسوڕێتەوە، کەنە زەوی کێشی دەکات و نەئاسمانیش رایدەکێشێت، هەڵواسراوە، چەند سیستمە کە مرۆڤ بە هەڵواسراوی لەنێوان زەوی و ئاسماندا بمێنێتەوەو، ئارەزویشی چەند بەتینە بۆ ئەوەی قاچەکانی بەر روی زەوی یان هەر رویەکی دیکەی تەنێکی رەق بکەوێت کە بە قورساییە زانراوەکەیەوە جەخت لەبونە راستەقینەکەی دەکاتەوە.

هێزی زەوی کاتێك کە تەنێك رادەکێشێت بۆلای خۆی ئەوا هیچ ماوەیەك لە هەوا لەنێوان زەوی و ئەو تەنەدا نامێنێت، هەردوکیان باوەشیان کرد بەیەکداو، بەو حەزو ئارەزوە بەتینە بۆ تواندنەوە لە گەردونداو، ونکردنی هەستکردن بەجەستە وبەکێشەکەی و هەروەها لەناوچون و نەمانی تەواو وەك گەردەکانی هەوا لەکەشدا وەك مردن ئەگەر یەکێك بتوانێت بمرێت و پاشان زیندو ببێتەوەو باسی مردنمان بۆبکات، بەڵام بە تەواوی وەك مردن نییە، مردن مردنەو لەوانەیە مرۆڤ بەراستی هەستی لەدەست بدات، بەڵام مرۆڤ هەستی لەدەست بدات یان لەدەستی نەداتو، جەستەی لەناوبچێتو خۆی بمێنێتەوە، و جیهانی دەوروبەری لەناوبچێت و خۆی بەزیندوێتی بمێنێەوەو، ئاسمان وەك زەوی و زەویش وەك ئاسمانی لێدێتو، هەمو





شتەکان لێك دەئاڵێنو بەیەکدا دەچنو لەیەك شت یان لەیەك خاڵدا تێکەڵاودەبن، لەناوەڕاستی سەردا، بە جوڵەیەکی هەست پێکراو وەك جوڵەی دڵ بەڵکو توندتر لێدەدات.

بەهیە بە گوێی خۆی گوێی لەلێدانەکانی دڵی سەلیم بوو، دەنگیشی کە بەرگوێکانی دەکەوێت وەك لێدانەکانی دڵی خۆی دەبێتو، هەمو شتێك کە بەر هەستەوەرەکانی دەکەوێت وەك دەست لێدانی جەستەی دەبێتو، زۆر بەگرانی جەستەی خۆی لە جەستەی ئەو جیادەکردەوە، کە هەمان گەرمی و، هەمان بۆنو، هەمان رەنگی پێستیان هەیە. هەروەها جوڵەی خوێن لە دەمارەکانیداو، هەمو شتێك تیایاندا لێکچوە وەك ئەوەی یەك جەستەبن.

بەهیە ویستی وشەیەك بە گوێی سەلیمدا بچرپێنێت، بەڵام ئەو وشەیەی نەدۆزیەوە، بۆنمونە پێی بڵێت (خۆشم دەوێیت)، بەڵام ئەو وشەیە پێش ئەوەی لە لێوەکانیەوە دەربچێت ناتەواوەو، دەستەوەسانە لەبەردەم ئەو شتەدا کە بەراستی هەستی پێدەکات. ئایا مانای وشەی (خۆشم دەوێیت) چییە؟

بێ دەنگی دەتوانێت راستی هەستی دەربڕێت، چونکە بەم بێ دەنگیە شتێکی ترسناك دەڵێت، دەڵێت ئەو وشانەی کەلەنێوان مرۆڤدا گفتوگۆی پێدەکرێت چیدی بەکەڵك نایەنو، پێویستیان بە چەند وشەیەکی دیکە هەیە چەند وشەیەکی دیکە کە خودی خۆی دروستیان بکات، و زمانێکی نوێ کە وشە کۆنە بەکارهێنراوەکان رونیان نەکردبێتەوە. هەروەها سەلیمیش بێ دەنگ بو، خەیاڵی رۆیشتبو وەك ئەوەی بەدوای نهێنی ساتی بەیەك گەیشتنی هەتا هەتاییدا بگەڕێت، کاتێك کە جەستە هەستی جیابونەوە

لەگەردون ون دەكاتو، لەگەڵ گەردوندا دەبنە یەك شتو، یەك قەوارەی گەورە كە روبەری نێوان زەوی و ئاسمان پڕدەكەنەوە.

كاتێك بەهیە چاوەكانی بەرزكردەوە شاخەكەی لەدوای شوشەی پەنجەرەكەوە بینی بەهێواشی هەستیكرد كە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە دیاریكراوەكەی لەسەر قەنەفەكە، دەستیدا لەجەستەیەوە، بۆی دەركەوت كە جەستەیەكی تایبەتی هەیەو جیایە لە جەستەی ئەو، چاوەكانی لەسەر سوڕمانا كرانەوە، بەڵام سەلیمی لەبەردەمیدا. بینی زەردەخەنەگرتی و پێدەكەنی كە بەسەلیمی وت:

—ئەوە سەیر نییە؟

چی سەیرە؟

وتی: ئەوەی لەنێوانماندا رودەدات.

وتی: چی لەنێوانمان رودەدات.

وتی: شتێكی سەیر

وتی بۆچی سەیرە.؟

وتی: بەم خێراییەو؟ بەبێ هیچ وشەیەك .

وتی: ژیانی راستەقینەكانی تێدانییەو، وشەكان خەڵكی دروستیكردون بۆ ئەوەی پاساو بۆ ژیانە ناڕاستەقینەكانیان بێننەوە.

بەهیە پێكەنیو سەلیمیش لەگەڵدا پێكەنی.

بەهیە وتی: بەڵام چۆن دەتوانین لە خەڵكی تێبگەین؟

وتی: لەخەڵك گەیشتن نەبوەو نەكراوە بەهیە خەڵك مرۆڤی راستەقینەیان ناوێت، لەسەرئەوە راهاتون كەلە هەموو شتێكدا ساختەبكەن





هەتا لەگەڵ خۆشیانداو بەتێپەڕبونی كات شێوەی راستەقینەی خۆیان بیرچۆتەوەو، كاتێك كە مرۆڤێكی راستەقینە دەبینن لێیدەترسنو بیر لە كوشتنی دەكەنەوە یان بەراستی دەیكوژن. لەبەرئەوە ئەو مرۆڤە هەمیشە راونراو، یان كوژراو، یان حكومكراو، یان زیندانیكراو، یان دورەپەرێز دەبێت لە شوێنێكی دور لە خەڵكیەوە.

بەهیە وتی: لەو ئاپارتمانەدا لەشاخی موقەتەم

سەلیم وتی: لەوئاپارتمانەدا لە شاخی موقەتەم

وتی: من تۆم خۆش دەوێت سەلیم.

چاوە رەشە شین باوەكانی سەلیم بەرەو ئاسمانو شاخەكە دەیڕوانیو، ساتێكی دورودرێژ بەبێ دەنگی مایەوە وەك ئەوەی خەیاڵی بۆ شتێكی دور رۆیشتبێت.

بەهیە ویستی پرسیاری لێبكات و بڵێت: سەلیم ئایا تۆ منت خۆشدەوێتو، بە گوێكانی گوێی لە دەنگی بێت پێی بڵێت من تۆم خۆشدەوێت بەهیە، بەڵام پرسیارەكە بەلایەوە بێ مانابو . سودی وەڵامدانەوەی چییە؟ ئەم خۆشی دەوێت ئەگەر ئەو خۆشی بوێت یان خۆشی نەوێت ئەوا هیچ لە خۆشەویستیەكەی ئەم ناگۆڕێت.

وتی: سەلیم بیر لەچی دەكەوێتە؟

وتی: لەوانەیە پاش نۆ مانگ منداڵێكمان ببێت.

بەهیە زۆر بەتوندی راچڵەكی، ئەو دەستەی لەسەر دەسكی كورسیەكە دانابو لەرزی، سەیری كاتژمێرەكەی سەری مەچەكی كرد كاتژمێر حەوت ونبوە، بەو هەستە قورسە مەنگەوە ماڵەوەو كۆلێج و باوكی و توێكارگەو،

كتێبەكانی توێكاریو، هاوڕێ كچو كوڕەكانیو، دكتۆر عەلویو، نزامو، شەقامەكانو، خەڵكی و، ئەو جیهانەی بیركەوتەوە كە لێی جیابۆتەوەو وایدەزانی بۆی ناگەڕێتەوە.

بەسەرسوڕمانەوە پرسیاری كرد: منداڵ؟ هەرگیز ئەو بیرۆكەیەی بە خەیاڵدا نەهاتوەو، لەوەوەپیش بەخەیاڵیدا نەدەهات كە منداڵ بەو خێراییە دروست دەبێتو، لەو جۆرە بێ هۆشیە لە جیهانو، جیابونەوەی تەواو لەزەوی، ئایا ئەو جەستەیەی كەلە گەروندا توایەوەو لەناوچو دەتوانێت لەساتی لەناوچوندا جەستەیەكی دیاریكراوو بەزەویەوە بەستراو دروست بكاتو، هەروەها ئەو ساتە نەبوە ساتێكی بەرجەستە دروست بكات كە پەنجەكان بتوانن دەستی لێوەبدەنو بیگرن؟.

هەستی بەو لێدانە نوێیە دەكرد لە قوڵایی ناخیدا، وەك ژیانێكی ئەفسوناوی كەلەنەبونەوە پەیدابوە، وەك ئەوەی سەیری بەردێكی جێگیربكات لەشاخێكدا و لەپڕدا ببینێت دەجوڵێت و بەلێدانێكی رێكو پێك وەك لێدانی دڵ دەجوڵێت.

لەهەمان سەرسوڕمان و خۆشیەوە لێوەكانی كرانەوە، دەستی خستە سەردڵیو هاواری كرد:

—سەلیم سەیربكە.... دەجوڵێت.

سەلیم بەهیەی بینی سەیری شاخەكەی دەكرد بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری كرد:

—چی دەجوڵێت؟

بەپێكەنینەوە وتی شاخەكە.



دووژن... لە ژنێكدا

سەلیم لەگەڵیدا پێكەنی. بەڵام بەهیە پاش ساتێك لە پێكەنین وەستایەوەو، بۆی دەركەوت كە خۆشییەكەی راستەقینە نییەو، شاخەكە ناجوڵێت، جێگیرو، پتەوە، زەوی و دیوارەكەو پەنجەرەو قەنەفەو هەموو شتەكانی دەوروبەری جێگیرو چەسپاون، تەنها ئەو دوو میلەی كاتژمێرەكەی سەر مەچەكی نەبێت كە بەجوڵەیەكی ناژیرانەی هێواشی ریزبەندی دەجوڵێن، كە بەبیری دەهێننەوە كات تێپەڕدەبێتو ناگەڕێتەوەو، ساتەكانی ژیانی بەخۆڕایی دەڕۆنو، لە نەبونەوە دێنو، هیچ شتێك نامێنێتەوە تەنها لەرەلەرە گاڵتەجارەكەی دوومیلە كانزاییەكەی ناو قوتوە كانزاییە بچوكەكە نەبێت كە بەقەدەر قەبارەی پارەیەكی (قرش) دەبێت و سەرقاپێكی شوشەیی هەیە.

بەهیە بەدەنگێكی غەمبارەوە وتی:

—سەلیم

وتی: بەڵێ ... بەهیە

وتی: نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە

وتی: مەگەڕێرەوە .

وتی: بەڵام....

وتی: بەڵام چی؟

وتی: باوكمو دایكم و كولێجو خەڵكیو...

وتی: بەهیە شاهینیش

بەهیە هەستی بە دڵۆپە ئارەقەكانی ناودەست و بن باڵەكانی كردو، پێستی زەردهەڵگەڕابو وەك پێستی بەهیە شاهین ، چاوەكانی رەشیان

کەمترو، لوتی کەمتر بەرزبوو، ویستی سەری بەرزبکاتەوە وچاوەکانی ڕەش بکاتەوە وەك جاری جاران و لوتیشی بەرز وتیژ بن و گەردون بکەن بەدو لەتەوەو ئەویش بە نێوانیاندا بەبێ دوودڵیو، بەبێ ترس، بەرەوپێشەوە بڕواتو بگاتە کۆتایی، کۆتایی کۆتایی. بەڵام بەهیە شاهینی بۆ گەڕابووەوە. چۆن گەڕایەوە. نەیزانی لەناکاو و بەبێ ئەوەی بزانێت هەستایە سەرپێ و جانتا چەرمە ئاوساوەکەی هەڵگرتو بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت.بەهیە لەو شەوەدا کاتێك لە جێگەکەیدا پاڵ کەوت وا هەستی دەکرد ئەوەی کە ڕویدا تەنها خەونێك بووەو ئەگەر خەون نەبوبێت ئەوا ڕوداوێکی کتوپڕبوە بە بێ دەسەڵاتی خۆی توشی ژیانە ئاسایییەکەی بوە وەك ڕوداوەکانی چارەنوسو، ئەو بەهێزو توانای خودا گەڕاوەتەوە بۆ جێگەی نوستنەکەی خۆیو، جەستەشی بە گشت بەشەکانی وسنورە دەرەکیە ناسراوەکەیەوە ساغو سەلامەتە.

بەڵام بە ئەقڵێکی دیکەی شەیتانیەوە دەیزانی کە ئەو ڕوداوە کتوپڕە تەنها شتی ڕاستەقینەیە لە ژیانیدا.کە کتوپڕ نییەو، خەون نییەو، چارەنوس نییە، ڕێکەوت نییە، بەڵکو تەنها شتەکە بەخواستی خۆی کردویەتی ، تەنها شت بووە کە ویستویەتی بیکات ژیانی هەموی دەستکردی خۆی نییەو، بەخواستی خۆی نییە، دایکی هێناویەتە دنیاوەو، باوکی خستویەتیە کۆلێجی پزیشکی، پوری کە نەخۆشی سنگی هەیە دەیەوێت ئەو لە نەخۆشیەکانی سنگدا پسپۆڕی وەربگرێت، خاڵیشی دەیویست ببێتە پزیشکێکی سەرکەوتو پارەی نەخۆشەکانی بەسەردا بڕێژرێت و شوبکات بەکوڕەکەی کە دەرچوی کۆلێجی بازرگانییەو، پارەکەی بخاتە بازرگانیەوەو





قازانجی لێبکاتو، منداڵیان ببێت بۆ ئەوەی سامانەکەیان بە میراتی بۆ بمێنێتەوەو ناوی کوڕەکەی و ناوی باوك وباپیریان هەڵبگرن.

هەریەکەیان پێیان دەوت کە چیان لێی دەوێت. بەڵام هیچ کامێکیان لەویان نەدەپرسی کە ئەو چی دەوێتو، لە ڕاستیدا ئەو هیچ شتێکی لەوانە نەدەویست کە ئەوان دەیانویست. نەیدەویست ببێتە پزیشكو بەتایبەتیش پزیشکی نەخۆشیەکانی سنگ.کاتێك ڕیزی ئەو نەخۆشانەی دەبینی کە توشی نەخۆشی سیل ببون وەك پەیکەرە ئێسکیەکان وابون، پزیشکانی نەخۆشیەکانی سنگ جەستەیان پڕو قەڵەو داکەوتو بو. مامی خۆش نەدەویست هەروەها کوڕەکەشی کە دەرچوی کۆلێجی بازرگانی بو لە دیدەی هەمو خێزانەکەوە لاوێکی جوان بو، کە باڵای بەرزو ڕێك، پیستی سپی ، ڕومەت ئاڵ، چاوەکانی گەش بون و تەندروستی و بەختیاریان پێوە دیاربو، ڕوخساری ساکاربو سانایی منداڵ، وەك یەکێك کە هێشتا شیری دایکی بخواتو، بە ڕویەکی خۆشەوە بەڕوی هەمواندا پێدەکەنی بەهیە ڕقی لە زەردەخەنەو لەبەختیاریەکەی بوو، بەڕویەکی مڕومۆچەوەو بە دوو لێوی لە توڕەیدا گەزتو چاوی پێدەکەوت، بەڵام ئەو تورە نەدەبوو بەرێگەیەکی بێ ئەقڵانە یان بە لوت بەرزی پیاوەکانەوە وایدەزانی کە ئەویش ئەمی بە دڵە بەڵام لەژێر ئەو مڕوموچیەدا دەیشارێتەوە، بەدەنگە ناسازەکەیەوە دەیوت:( من لە کچان تێدەگەم. کچ بە ڕوو دەڵێت نەخێر بەڵام دڵی دەڵێت بەڵێ).

ئەگەر بەهیە بەدەست خۆی بوایە ئەوا تفی دەکردە دەموچاوی، بەڵام هیچ شتێك بەدەست خۆی نەبو، کاتێك باوکی دەبینی بەڕوی کوڕی مامەکەیدا پێدەکەنی ئەویش پێدەکەنی و دەیوت("کێ" بە تۆی وتوە من

كچم).

ئەوان راهاتبون لەسەر ئەوەی كە گوێیان لەو جۆرە پرسیارە بێت، پێی پەست نەدەبون، بەڵكو بە پێچەوانەیەوە باوكی كەمێك شاد دەبو، وەك ئەوەی كە بەهەستێكی شاراوەوە شانازییەوەوە بكات كە كچەكەی كچ نییە، یان لە دڵی خۆیدا وایدەزانی كە كچ نییە، بەهیە دەیزانی كە باوكی راستگۆیە لەو خۆشحاڵییەیداو، حەزی دەكرد كە ئەو كوڕ بوایە. بەڵام دایكی شتێكی دیكەی دەویست لەبەرئەوە كچی بوو، لەوانەشە دایكی نەبوبێت، بەڵكو تەنها بەرێكەوت بوبێت بەكچ.

وشەی مێ كاتێك كە دەگەیشتە گوێی وەك جنیۆ یان ئەندامێكی مێینەی روت لە گوێكانیدا دەزرنگایەوە، وەك یەكەم ئەندامی مێیە كە لەژیانیدا بینیبوی، كاتێك كە لە گەرمادا جلەكانی دادەكەند شەرمی دەكردو، نەیدەتوانی لەئاوێنەدا سەیری جەستەی خۆی بكات بەروتی ، لەكاتی خۆشتندا كە پەنجەكانی لەناو لەشی نزیك دەبوەوە بەخێرایی دوری دەخستەوە وەك یەكێك دەستی بەر كارەبا یان بەرناوچەیەكی قەدەغەكراو كەوتبێت. دەستی دایكی كە لەمنداڵیدا لێداوە ئێستاش لەسەر دەستیەتی، شوێنەواری پەنجە گەورەكانی لەیادەوەریدا هەڵكۆڵدراوە، لەسەر پێستی وەك خاڵێكی كوتراو جێگیرە، دەنگیشی هەر لە گوێكانیدا دەزرنگێتەوە كاتێك پێی دەوت:_ (تۆبە بكە... بڵێ تۆبەمكرد). وشەی تۆبەم كرد بەدەمیدا نەهاتو، تۆبەشی نەكرد، دەبێت ئەو شوێنە قەدەغەكراوە چی لێ بێت؟ بەپەنجە لەرزۆكەكانیەوە جەستەی دەپشكنی، وا هەستی دەكرد كە شتێكی ترسناك لەو شوێنەدا هەیە، ناتوانێت دەستی لێوەبداو، ناشتوانێت





بەچاوەكانی بیان بینێت، بەڵام هەیە، بەراستی هەستی پێدەكات كاتێك كە قاچەكانی دەجوڵێنێتو، پەنجەكانی دایكی دەلەرزن كە لەكاتی شتنی جەستەیدا لێی نزیك دەبنەوە. شتێكە لەوانەیە ترسناكو مەترسیداربێت بەڵام وەك بەشێك لە خۆی لە جەستەیدا هەڵیدەگرێت، لێی جیانابێتەوە. هەندێك جار لەبیری دەچێت وا دەزانێت كە یەكێكە لەو ئەفسانانەی كە لەمنداڵیدا مێشكیان پڕكردبو و هەندێك جاریش دەبێتە راستیەكی جەخت لەسەركراوی روت، وەك وایەرێكی كارەبایی كە هەردەستی بەریبكەوێت جەستەی راچڵەكینێكی بەهێز رادەچڵەكێت.

بەهیە... دەنگی باوكی وەك تەقەی فیشەك، وەك دەنگی تەنها راستیەك لە گوێكانیدا دەزرنگایەوە ، لەگەڵیدا دەیزانی كە ئەو بەهیە شاهینە قوتابیە زیرەكەكەی كۆلێجی پزیشكییە، خورەوشتی بەرزوجوانە، پاكیزەی بێ گەرد، كە هیچ كەسێك دەستی بۆنەبردوە، كە بەبێ ئەندامە سێكسیەكان دروست بوە.

سەری خۆی داپۆشیوە وا خۆی دەرخست كە نوستوە، بەڵام گوێی لە تەپەی پێكانی باوكی بو لە ژورەكەیدا لە جێگەی نوستنەكەی نزیك دەبوەوە و، پەنجە گەورەكانی پێخەفەكەی لەسەرسەری لابرد، چاوەكانی بریە چاوەكانیەوە، وەك یەكێك كارەبا گرتبێتی كە بۆی دەردەكەوێت ئەو بەهیە شاهین نییە، كچی خۆی نییە، نەبەخورەوشتەو نەگوێڕایەڵەو نەپاكیزەیەو، ئەندامە سێكسیەكانی هەیە، ئاشكراو بینراون، لەژێر پێخەفەكەو لەژێر جلەكاندا بینراون تەنها بینراو نییە، بەڵكو جوڵاویشە، وەك جوڵەی ژیان وە، ترپەی لێدانی دڵ، كە بەجوڵەكەی ئەو بەربەستەی لابردكە

لەبەردەمیدا بو، هەروەها ئەو پەردەیەکی دڕی کە ئەوی لە ژیان جیدەکردەوە، پەردەیەکی تەنکی هەست پێنەکراوی نەبینراو، وەك تەبەقێکی شوشە لە جەستەی جیادەکاتەوە، کەلەنێوان خۆی و لەنێوان راستیەکەیدا دەوەستێت تەنگە وەك شوشە کە خۆی تیادا دەبینێت بەڵام ناتوانێت دەستی لێوەبداتو هەستی پێبکات . بەتەواوی وەك شوشە وایە کە بەهۆی هەر جوڵەیەك، یان هەر بازدانێك دوچاری شکاندن دەبێت.

دایکی هەناسەی هەڵدەکێشا کە دەیبینی بەهیە بەسەرپلیکانەدا بازێکی بەرز هەڵدەدات بەهیە گوێی لەدەنگی دڵێ بوو لە سنگیدا لێیدەداو، ماسولکەکانی قاچی گرژدەکردو، هەردوو رانەکانی بەتوندی دەگرتو، بەرۆیشتنە ناسراوەکەی کچان بەرەو لای دایکی دەرۆیشت، کە قاچەکانی بەیەکدا نوسابون، قاچی بەئەستەم لە قاچەکەی دیکەی جیادەکردەوە، لەو ساتەدا گە قاچەکانی لەیەکتر جیادەبونەوە وای بەخەیاڵدا دەهات کەشتێك لەنێوانیانەوە دەکەوێتە خوارەوە، شتێك لەشێوەی شوشەیەکی شکاودا.

کاتێك دایکی لەچێشتخانەکەدا ون دەبو لەبەردەمی ئەودا نەدەما دەگەڕایەوە بۆ بازدان، هەر بەوەشەوە نەدەوەستا کەلەسەر پلیکانەکانەوە بازبدات، بەڵکو لەسەر لێواری باڵکونەکە دەوەستا(ماڵیان لە قاتی یەکەم بوو) و بەهەوادا بازیدەدا و لە خۆشیدا هاواری دەکرد کاتێك هەستی دەکرد کە جەستەی بەبێ قورسایی سوك وەك گەردێکی هەوا بەئاسماندا دەفڕێتو. زەویش چی دیکە رایناکێشێتو، هەتاسەر لە چنگە ئاسنینەکەی رزگاری بوە. بەڵام ئەو ساتەکەمەو، تەنها هاواری تاقەخۆشیەکە، پاشان زەوی بەهێزە شێتانەکەی بۆلای خۆی رایدەکێشێت وەك ئەستێرەیەك بەخێرایی





دەکەوێتە خوارەوەو، جەستەی وەك پارچە بەردێك بەرزەوی دەکەوێت.

هەڵدەستایەوەو، خوڵو تۆزەکەی لە جلەکانی دەکردەوەو، قۆڵ و قاچەکانی دەپشکنی هەموو شتێك لەشوێنی خۆیدایە، ئێسکەکانی وەك خۆیانن و نەشکاون. بە هەستێکی شاراوەی راستەقینەوە دەیزانی کە دایکی هەڵیدەخەڵەتێنێت، هیچ شتێك لە جەستەیدا ناشکێت، بەرۆیشتنەوە بازدەداتو، قاچەکانی بەسەربەستی دەجوڵێنێتو، بەتوندی لێکیان جیادەکاتەوەو، لە راستیدا دەزانێت کە هیچ شتێکی شوشەیی لەنێوانیاندا نییە، بۆسەر باڵکۆنەکە سەردەکەوێت و بۆجاری دووەم و سێیەم و چوارەم و بیستەم بازدەدات، لەهەموو بازدانێکدا ئەو راستیەی زیاتر بۆ دەردەکەوێت کە هیچ شتێك لەجەستەیدا ناشکێتو، ماسولکەکانی بەهێزو، ئێسکەکانی پتەون، بەلوت بەرزیەوە ئەژنۆکانی دەکێشێت بە هەوادا وەك چۆن براکەی لەکاتی رویشتندا دەیکات بالای رێكو توندوتۆڵ دەکاتو، سەری بەرزدەکاتەوە، چاوە رەشەکراوە تیژەکانی دەبڕێتە ژیانو، نایان تروکێنێت. بەخۆشیەکی سەیرەوە پێکانی بەسەر زەویدا دەجوڵێنێتو، کاتێگ کە دەوەستێت قاچێکی بۆسەر هەر کورسیەك یان مێزێك بەرزدەکاتەوە، بەهەموو متمانەیەك دەیخاتە سەر هەر لێوارێکی بەرز، وەك چۆن باوکی دەیکات کاتێك کە لە سالۆنەکەدا دەوەستێتو، بەهەمان لوت بەرزی باوکیشی. دایکی دەکێشێت بەئەژنۆیدا بۆ ئەوەی قاچی نزم بکاتەوەو پێیدەڵێت:(عەیبە بەهیە، نابینیت خۆشکەکانت چۆن دەوەستن؟). سەیری خۆشکەکانی دەکات قاچەقەڵەوە بەیەکدا نوساوەکانیانو، چاوە شۆڕەکانیان دەبینێت، کە وەك چاوەکانی لاشەیەکی مردو وان کە لەسەر

مێزێك كەوتون، چەقۆكە لەنێوان پەنجەكانیاندا دەلەرزێت كاتێك لە منالّدان، یان لە ئەندامی نێرینە نزیك دەبێتەوە لەچاوە شۆڕەكانیان توڕە دەبوو رقی دەبوەوەو، بە راستی دەیزانی كە ئەو سەربەو رەگەزە نییەو، هیچ شتێك لەو داناشكێتو، چاوەكانسشی كە بەرزیان دەكاتەوە بەرزدەبینەوەو، كە جێگیریان دەكات جێگیر دەبن‌و، هیچ هێزێك لەسەر روی زەوی نییە كە بتوانێت چاوەكانی پێ شۆڕبكات.

* * * *

لەرۆژی دوایدا بەهیە وەك هەموو رۆژانی دیكە چوو بۆ كۆلێج، وەك هەموو رۆژانێكی دیكە چوە ناو توێكارگە. بەلاّم هەرگیز چونە ژورەوەكەی وەك رۆژانی دیكە نەبوو، قاچەكانی قاچی ئەو نەبون‌و، دەستی كە جانتاكەی پێگرتبو دەستی ئەو نەبوو، هەروەها چاوەكانیشی كە سەیری شتەكانی پێدەكرد چاوی ئەو نەبون. ئەوەی بیبینێت وا دەزانێت كە بەهیە خۆیەتی كە دوێنێ و پێرێ‌و بەسرپێرێ‌و بەسر بەسر پێری لێرەبو. بەلاّم بە دڵنیاییەوە ئەو نەبوو، یەكێكی دیكەی جیاوازبوو، شتەكانیش لەپێش چاوەكانیدا جیاوازبون، قەبارەیان لە قەبارەكەی پێشویان بچوكترو، رەنگەكانیان كاڵترو، جوڵەكەشیان هێواشتربوو. جەستەی قوتابیەكان قەبارەكانیان بچوكتر بوو، قاچی قوتابیە كچەكانیش هێواشتر بو، وەك خشۆكەكان بەسەر زەویدا دەڕۆیشتن، كە بەئەستەم قاچێكیان لە قاچەكەی دیكەیان جیادەبوەوەو، ئەگەر جیاشبونەوە خێرا بەیەكدا دەنوسێنەوە، كچ بەهەموو هێزی رانەكانی دەگرێت وەك ئەوەی شتێكی بە نرخی لێبكەوێتە خوارەوە لەو ساتەدا كە لێكیان جیادەكاتەوە جانتا چەرمەكەش كە بە





كتێبی توێكاری ئاوساوە دەنێت بەسنگیەوە، كە لەژێریدا شتێكی بە نرخ لە چاوی كوڕان‌و ئانیشكە تیژەكانیان دەشارێتەوە. هیچ قوتابیەكی كچ ناتوانێت بە تەنیا بڕوات، بەڵكو هەمیشە لەشێوەی كۆمەڵدا، وەك پۆلێك مراوی دەڕۆن. ئەگەر یەكێك لەو كچانە لەناو كۆلێج یان لە پلیكانەدارەكاندا بەتەنیا بێت ئەوا بە تەقەتەقی پێڵاوە بەرزەكەی خێرا دەڕوات‌و خۆی دەگەیەنێتەوە بەهاوڕێكانی و جەستەی لەنێوان جەستەكانیاندا دەشارێتەوە.

بەهیە دكتۆر عەلوی بینی بەناو مێزەكاندا تێدەپەڕی، بۆیە لە دەرگای دواوەی توێكارگەكەوە هاتەدەرەوە، بەهەیوانی كۆلێجە فراوانەكەدا دەڕۆیشت‌و بە چوار دەوری خۆیدا ئاوڕی دەدایەوە وەك بەدوای یەكێكدا بگەڕێت. چوە ناو پێشانگاكەوە بەدەوری تابلۆكاندا دەخولایەوە لەهێڵەكانی ور دەبوەوە، چاوە رەشەكانی لەنێوان چاوەكاندا بەدوای دوچاوی رەشی شین باو و دەم چاوێكی بارێكی روخسار ماندودا دەگەڕا. هاتە دەرەوەو لەبەرهەیوانی كۆلێجدا بە هەنگاوی هێواش دەڕۆیشت، دەم‌و چاوی قوتابیەكانی دەپشكنی. دەم‌وچاوەكان هەمویان لێكچون، جوڵەكانیان لێكچوە، دەنگیان لێكچوە، چاوەكانیشیان كەسەیری ئەوی پێدەكەن نابینن، ئەو لە دەریایەكدا نقوم دەبێت بێ ئەوەی كەس بیبینێت‌و، بێ ئەوەی كەس بیناسێتەوەو، دەم وچاوی وەك دەم‌وچاوی هاوڕێكانی لێدێت هیچ جیاوازیەك لەنێوان بەهیە یان عولەیە یان زەكیە یان ئیڤۆندا نییە.

بەبێ ئاگایانە بەسەر شەقامەكەدا رۆیشت. تەپەی پێكانی خۆی لە گوێیدا دەناسێتەوە، شەقامەكە وەك هەموو شەقامەكانی دیكە ئاسۆیی نییە،

بەڵکو بۆ سەرەوە بەرزدەبێتەوە، جەستەشی بۆ سەرەوە بەرزدەبێتەوەو هەناسەبڕكێی پێكەدەکەوێت، چاوەکانی لەسەر ئەو خانوەیەکە ڕەنگی هەوری هەیەو، بەوایەرێکی باریك وەك پەتێکی ئاوریشمی نەبینراو بەرەو ئەو خانوە ڕاکێشراون، بەهەموو هێزو توانای لە جوڵەدا ڕاکێشراون، بەجوڵەی خوێن لە خوێنبەرەکانیدا ، بەگەرمیو کوڵانی خوێنی بەرەو ئەو خانوە سەردەکەوت، بەهێزی کێشکردن بەرەو چارەنوسی خۆی کە هەر چییەك بێت ئەو چارەنوسە، هەر چییەك بێت، کە ئەگەر مردن یان لەناوچونی تەواویش بێت. بەپەنجە لەرزۆکەکانیەوە کلیلەکەی خستە ناو دەرگاکەوەو، چوە ژورەوە، هەر بەوەستاوی لەناو هۆڵە چۆڵەکەدا مایەوە، لێدانەکانی دڵی لە گوێیدا بو هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو، سنگی بەرزو نزم دەبوەوە. بەدەنگێکی هێواشەوە بانگی کرد: سەلیم. بەڵام ماڵەکە چۆل بو. بەهەمان ئەو سەرسوڕمانەی لە خەوندا ڕوودەدات سەری سوڕما، کاتێك کە ئەو شتانەی لە ساتێکدا دەیانگرێت نامێننو، ئەو جەستەیەی باوەشی پێدادەکەین لە چاوتروکاندنێکدا نامێنێت، کاتێك چاوەکانمان دەکەینەوە لەتاریکیەکەدا تەنها دیوارو جێگەکەی ژێرمان دەبینین.

دەستی برد بۆ ئەو شتەی لەژێریدایە، سەیریکرد ئەو قەنەفەیەیە کە دوێنێ لەسەر دانیشتبو، لەتاریکیەکەدا دەستی درێژکرد بەر دیوارە ڕەقە ساردەکە کەوت. جارێکی دیکە چاوەکانی داخس وایدەزانی کە خەو دەبینێت. بەڵام خەوی نەدەبینیو، بەراستی زانی کە سەلیم لەوێ نییەو، هەر خۆی بەتەنیا لە ماڵە چوڵەکەی ئەودایە، کەلەسەر قەنەفەکە دانیشتوەو بەئاگایە. هەوڵیدا لە بەئاگابونە ڕاستەقینەکەی دڵنیا بێت بەڵام نەیتوانی.





هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ دڵنیابون تەنها ئەوە نەبێت دەست بدات لە جەستەی خۆیەوە. بەڵام ئەو لەخەونیشدا ئەوە دەکات کاتێك کە لەنوستنەکەی بە گومان دەبێت. ئەم دەستە وەسان نییە دەیتۆقێنێت، بەهەر حاڵ ئەو ناتوانێت لە هیچ شتێك لەژیانیدا دڵنیا ببێتو، هەوڵی دڵنیابون تەنها گومانی زیاد دەکات.

کەلە بەیانیدا چاوەکانی کردەوە بۆی دەرکەوت ئەوەی کە لەژێریدایە جێگە نوستنە ناسراوەکەی خۆی نییە. پەنجەرە شوشەکەی بینی و شاخەکەشی لێوە بینی راچڵەکی و هەستایە سەر پێ. یەکەم شەوە کەنە چۆتەوە بۆماڵەوەو، یەکەم شەویشە کە لە جێگەکەی خۆیدا نەنوستوە. باوکی بەخەیاڵدا هات کە وەك شێرێکی تورە دەنەڕێنێتو هەموو دنیای بەیەکدا داوەو بەدوای ئەودا دەگەڕێتو، دایكو خوشكو برا خاڵو مام و پورەکانی و گشت ئەندامانی خێزانەکەی وەك کولله بەزەویدا بڵاوبونەتەوەو بەدوای ئەودا دەگەڕێن.

بەچەند هەنگاوێکی قورس بەرەو ئاوێنەکە رۆیشت. ئەوەی لەو بەیانیەدا ئەوی ببینیایە دەیزانی کە بە جلی دەرەوە نوستوەو، سپێنەی چاوەکانی کەمێك سوربونەتەوە وەك ئەو سور بونەوەیەی کە لەدوای گریان، یان شەونخونیەکی زۆرەوە پەیدا دەبێت. ئەو دیمەنەی ئەو ئاسایی نەبوو. چونکە ئەو کچێکی نمونەیی بو، هەمیشە جلەکانی ئوتوکراوبونو، سپێنەی چاوەکانی پاكو بێگەردبون وەك هی کچێکی گوێرایەڵی بەرەوشت، کە شەو لە جێگەکەی خۆیدا دەنوێتو، شەونخونی نازانێتو، خەم و خەفەت نازانێتو ، لەژیانیدا یەك جار نەگریاوە. ئەو بەیانییە نەیزانی بۆ کوێ بڕوات.

بەڵام پێکانی وەك هەموو رۆژەکانی دیکە بـەرەو کـۆلێج کەوتنـەرێ. سـەیری کرد ناو کۆلێجەکە پڕە لە قوتابی، بـە جوڵەیـەکی نائاسـایی شـەپۆل دەدات. قەڵەباڵغیەکەی بڕیو بەرەو تویکارگە کەوتەڕێ، بەڵام قوتابیەك رێی پێگرتو وتی:

—ئەمڕۆ مانگرتنە نە دەستگوتار ونە توێکارگـە نییـە. هـاوڕێ کـچەکانی بینی بـە جانتـا چـەرمە ئاوسـاوەکانیانو بەقاچـە بەیەکدا نوسـوەکانیانەوە بەرەو ڕوی ئەودێن.

یەکێکیان وتی:

—باخێرا بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە پێش ئەوەی هاتوچۆ بوەستێت.

یەکێکی دیکە یان پرسیاری کرد:

—ئایا هاتوچۆ دەوەستێت؟

یەکێکی دیکەیان وەڵامیدایەوە:

—دەڵـێن کرێکارەکـانی تـرامو پاسـەکان لـە مانگرتنەکـەدا بەشـداری دەکەن.

هاوڕێیەکی دیکە پرسیاری کرد:

—هۆی مانگرتنەکە چییە؟

یەکێکیان کێشای بەپشتیداو پێی وت:

—داوەشێیت! ئەوە لەسەر روی ئەم دنیایە ناژیت؟

یەکێکی دیکەیان وتی:

—ئەوانە منداڵن پاش کەمێکی دیکـە بـڵاوەی لێدەکـەن و دەچـنەوە بـۆ لای سەعی کردنەکەیان.





یەکێکی دیکەیان بەرابواردنەوە وتی:

—قوتابیانی کـۆلێجی پزیـشکی تـەنها خـەمی سـەعی کردنیانـەو کـەڕن، بەڵام قوتابیانی یاساو ئاداب، مانگرتنی راستەقینە لەلای ئەوانە.

یەکێکی دیکەیان پێکەنی:

—بابچین بۆ ئەوێ.

هاوڕێکەی بەرەو لای ترامەکە رایکێشاو وتی:

—بابڕۆینـەوە بـۆ ماڵـەوە. تاقیکردنـەوە پـاش یـەك مانگـە. کـچەکان کۆبونـەوەو دەسـتی یـەکیان گـرتو، بەیەکـدا نوسـانو، بەسەرەشـۆڕەوە بوەکانیان بۆ سەر زەویو، چاوە شۆڕەکانیانو، قاچە بەیەکدانوسـاوەکانیان بەهەنگاوە کرمییە خشۆکەکان بەرەو ترامەکە رۆیشتن.

بەهیە بەتەنیا بە وەستاوی مایەوە، لەدورەوە سـەیری ئـەو قوتابیانـەی دەکرد کە کۆببونەوە، هەوڵیدەدا لە نێوان ئەو دەمو چاوانەیاندا دەمو چـاوە نا ئاساییە کە بدۆزێتەوە، کە دوچاوی رەشی شین باوی هـەبوە دەیـانتوانی ئەوی پـێ بیـنینو دەمو چاویـشی لـەنێوان دەمو چـاوەکاندا پـێ بدۆزنـەوە. بەهیە وەستابو، پشتی بەدیوارەکەوە نابو، جانتایـەکی چـەرمی بەدەسـتەوە بـو کـە پڕبـو لـە کتێبـەکانی توێکـاری، چـاوە ڕەشـەکانی بـۆ سـەرەوە بڵندکردبونەوە ودەگەڕان، لوتی بەرزو تیژ بو گەردونی دەکرد بەدوو لەتەوە، لێوەکانیــشی بــە تورەیــەوە کرۆشــتبون. قوتابیــانی کــۆلێجی پزیــشکی حۆشنەدەویست بـە تایبـەتی کـە بەژمارەیـەکی زۆر کۆدەبونـەوە. وێنـەیانی لەپلیکانەدارەکەدا هەر لە مێشکدا مـابو، کـە بـە چـاویلکە ئەسـتورو، پـشتە چەماوەو، ئانیشکە تیژو، چـاوە بـزە برسـیەکانیان بـۆ هـەر شـتێك کـە وەك

گۆشت نەرم بێت پاڵیان بەیەكەوە دەنا. لەپڕدا گەردون بەلەرینەوەیەكی زۆر توند لەریەوە، وەك دەنگی بومەلەرزە كە زەوی و ئاسمان دێنێتە لەرزین. پاش ساتێك بۆی دەركەوت كە دەنگی بومەلەرزە نییە. بەڵكو دەنگی مرۆڤە . هەزارەها قورگی مرۆیی بەیەك دەنگ لەیەك ساتدا هاواردەكەن، وەك دەنگی ئاسمان كە هەورە تریشقەدەكات، وەك ملیۆنەها دەنگ كەیەك دەنگی گەورە دروست دەكەن كە گەردون پڕدەكاتەوە، كە تەنها ناچنە گوێكانەوە بەڵكو لە كونیلەكانی پێستەوە دەچنە ژورەوەو هەمو دەرچەكانی جەستە دەگرن، وەك گازی لێدێت كە بەساتێك بڵاودەبێتەوەو وەك خوێن بە هەمو خانەكانی جەستەدا دەڕوات.

چەند خولەكێك تێپەڕی پێش ئەوەی جەستەی لەگەڵ ئەو لەرینەوەو ئەو دەنگەدا رابێت. بۆ یەكەم جار لەژیانیدا گوێی لەدەنگی هاوارێك دەبێت كەبەیەك هەناسەی درێژو پان لە هەزارەها قورگەوە دەردەچێت، كەبەقەدەر درێژی ئاسمان و پانیەكەیەتی، وەك رەشەبا بەهێزەكە خانوو درەختەكانی بەردەمی لەرەگو ریشە هەڵدەكێشێت. لەبەر گەورەیی دەنگەكە گوێكانی نەیاندەتوانی وشەكان لەیەكتر جیابكەنەوە. پاشان وشەی(میسر) لە گوێكانیدا زرنگایەوە ئەو میسرە نەبو كە لەدەمی باوكی یان دایكی یان مامۆستا ژنو پیاوەكان یان یەكێك لە هاوڕێ كورو كچەكانیەوە گوێی لێدەبو، بەڵكو (میسر) بەو دەنگە بەهێزە گەورەیە بو كە گەردون و بورجی ئاسمان و زەوی پڕ دەكردەوە، موچوركێك بە جەستەیدا هاتو، موەكانی سەرپێستی بەرزبونەوە، جوڵەیەك لەژێر چاوەكانیدا بو كە وەك جوڵەی فرمێسك كاتێك كۆدەبێتەوە گەرم و نەرم بوو، وێنە كۆنەكانی دەربارەی





منداڵی دەهاتنەوە پێش چاوی كەلەراوەبون وەك ئەوەی لەدوای ئاوێكی جوڵاوەوە بن سنگە گەرمەكەی دایكی لەژێر دەموچاویدا بوو بۆنی شیرەكە و بۆنی خۆڵو دار هەنجیرەكانی لادێ كەیان لە لوتیدا بو، دەستە گەورەكانی باوكی كە دەستی ئەوی دەگرتو لەشەقامەكە دەیپەڕاندەوە، دەمو چاوە درێژەدرێژە باریكەكەی پوری كە دەكۆكی و خوێنی تف دەكردەوە، چاوە نەپشكوتوەكانی خوشكو برا بچوكەكانی كە نوستونو بەیەكەوەنوساونو دەمیان كراوەتەوەو لیك دەرێژنە سەرسەرینەكان، چاوی منداڵە برسیەكانی سەركانیەكە، ریزی نەخۆشەكانی ناوخەستەخانە، گریانی ژنان بەجلە رەشە خۆڵاویەكانیانەوە كە بەدوای ئەو لاشە مردوەی لە توێكارگە هاتبوە دەرەوە رایان دەكرد.

فرمێسكەكانی قوت داو هەر بە وەستاوی مایەوە، موچوڕكەكە هەر لەلەشیدا مابو، دەنگە گەورەكە هەردەدرایەوە.

خۆپیشاندانەكە بەبەردەمیدا تێپەڕی. چەند دەمو چاوێكی بینی ئەوانە نەبون كە لە توێكارگەكەدا دەیبینین، ئەو جەستانەش ئەوانە نەبون كەلەناو پلیكانەدارەكەدا پاڵیان بەیەكترەوە دەنا، روخسارەكان وەك شمشێر بەرزو تیژو، پێستیش پڕ لە خوێنو، چاوەكان بۆ سەرەوە بڵندكراوو، پشتەكان توندو رێك و نەچەماوەو، قاچەكان توندو رێكو ماسولكەكانی بەهێز بون، پێكانیش دەدران بەزەویدا كە ئاسمانو درەختەكانی دەهێنایە لەرزین.

بەهیە خۆی لەنێوان ئەواندا وەك بەشێك لەوان. وەك بەشێك لە جەستەیەكی گەورە بینیەوە كە گەرمییەكەی لەگەرمی ئەو جەستەیەوە بو، روخساری لە رۆخساری ئەو دەچوو، پێستی پڕە لە خوێن، لوتی بەرزو

تیژەو گەردون دەکات بەدوو لەتەوە، چاوەکانی بۆ پێشەوە دەڕوانن، سەری بەرزکراوەتەوەو، پشتی توندو تۆڵورێکە ماسولکەکانی قاچی بەهێز، پێی دەدات بەزەویدا زەوی دەلەرزێنێت دەنگی هەر لە خۆیەوە لە قوڕگیەوە دێتە دەرەوە کە بەهێزو گەورەیەو گەردون پڕدەکاتەوەو بەهەموو هێزی هاواردەکات (سەربەستی بۆ تۆیە ئەی میسر). هەستێکی سەیر بۆ توانەوە لەگەردونی مەزندا، لەو جەستە ناکۆتایەی کە درێژبۆتەوە، لەوەدا کە مرۆڤ ببێتە بەشێك لەسەرجەمو، لە هەموو ئەوشتانەی دەوروبەریدا بتوێتەوە وەك دڵۆپێك ئاو لەدەریاداو، گەردێکی هەوا لە کەشدا، هەستێکی سەیرە، تامێکی خۆشی لەدەمیدا هەیەو، بە ختیاریەکی زۆر کە جەستە دەبوژێنێتەوە و خۆشحاڵی دەکات، وەك ئەو خۆشیەی دوێنێ هەستی پێکرد، لەوشوێنە دورەو لەباوەشی شاخەکەدا، وەك ئەو خۆشیەی لە منداڵیدا هەستی پێدەکرد کاتێك کە خودا ئەفسانەییەکەی دەبینی کە شتێکی لەناو مشتیدا دەگوشی. پاشان دەستی دەکردەوە بەتاڵ بو. هەروەها پێکەنینە منداڵیەکەی کاتێك کە دایکی بە هەموو هێزی ئەوی بەخۆیەوە دەگوشی کە خەریك بو جەستەی هەردوکیان ببێتەیەك جەستە.

ئارەزویەکی مت بو لە جەستەیدا، کۆنەو هەر لەمنداڵیەوە هەیە، لەوکاتەی کە جەستەیەکی تایبەت و جیا لە گەردون هەبو. ئارەزویەکی زۆرە ملێ بۆ ئەوەی جەستەی بگەڕێنێتەوە بۆ گەردون، بۆ ئەوەی تا دوا گەرد بتوێتەوە، بۆ ئەوەی رزگاری بێتو بێ جەستەو، بێ قورسایی و بێ کێش بێت، وەك روحێکی سوکی سەربەست کەلە هەر شوێنو لەهەر کاتێکدا بفرێت بێ ئەوەی هیچ کۆتو بەندێك بەرەو زەوی رایبکێشێت.





ئارەزویەك بۆ سەربەستیەکی زۆری بێ سنور، کە مرۆڤ تەنها لەو ساتەدا دەستیدەکەوێت کە بڕیاری رزگاربون دەداتو، ئەو موە دەدرێت کە مردن لەژیان جیادەکاتەوە، لەمردن ناترسێت، هەر کاتێك مرۆڤ ترسی مردن دەشکێنێت توانای هەمووشتێکی دەبێت لەژیاندا، ئەگەر مردن خۆشی بێت.

لەوساتەدا هەستیکرد کە جەستەی دەتوانێت ئاسن ببڕێت، فیشەك و خەنجرە ژەهراوی و نا ژەهراوەیەکان بەسنگی وەربگرێتو، هیچ هێزێك لە جیهاندا ناتوانێت جەستەی بخات، یان قاچەکانی لە جوڵە بخات بەرەو پیشەوە، یان بێ دەنگی بکات لە بانگکردن بەسەربەستی. هەر کەسێك لەوساتەدا سەیری دەموچاوی بکات لەرەشێنەی چاوەکانیدا ئەو بڕیارە سامناکە دەبینێت کە (گەڕانەوە بۆ دواوە نییە).

و هیچ هێزێك نییە لە جیهاندا ئەو لە سەربەستی جیابکاتەوە. وەك ئەوەی دوای ئەو بڕیارە شڵەژاوەی کەمتر بوبێتەوەو، زیاتر بحەوێتەوو، کە چی دی ماسولکەکانی گرژنین، وازی لە جەستەی هێنا تا لە گەردوندا بتوێتەوەو، لەگەڵیدا بجولێت وەك ئاوازێك تێکەڵ بە مۆسیقایەك بوە، هەنگاوەکانیشی وەك ریتمی سەمایەك وا بو لەسەمایەکی بە کۆمەڵدا، دەنگیشی هاوارکردن نییە بەڵکو گۆرانییەو، هەموو گەردونیش لەگەڵیدا گۆرانی دەڵێت:

(وڵاتەکەم وڵاتەکەم خۆشەویستی و دڵم بۆ تۆیە). دەنگی لەسنگیەوە وەك هەناسەیەکی گەرم دەردەچێتو، دڵی لەژێر پەراسوەکانیدا لێدەداتو، هەناوی ترپە ترپ دەکات، خەمی کۆن و خەفەت و پەژارە قورسەکان لەگەڵ هەمو هەناسەیەك و لەگەڵ هەمو لێدانێکی دڵیدا جەستەی جێ دێڵنو،

چاوەكانی له زۆر خۆشحاڵیدا فرمێسك دەكەنو، فرمێسكەكانی بەسەر رومەتەكانیدا دێنه خوارەوەو، دەچنه ناو لوت و دەمیەوە بەزمانی دەیلێێتەوەو پێدەكەنێتو گۆرانی دەڵێت، گۆرانیەكەشی تێكەڵ بەگریانو ناڵە دەبێت بەڵام نابڕێت و ناوەستێت:(وڵاتەكەم وڵاتەكەم خۆشەویستی و....)وشەی خۆشەویستەكەم وەك پارچە گۆشتێكی زیندو لەسنگی دەبێتەوە، وەك چنگێك له خوێنه گەرمەكەی، بەهەموو هێزی پەستان دەخاته سەر ئەو وشەیە، بەهەموو هەرەتی ژیانی، بەهەموو ئارەزوەمتكراوەكەی له خۆشەویستیداو، فڕین وەك باڵندەیەكی سەربەست بەئاسماندا.

ئایا خۆشەویستییە وای لێكردوە كه درك به هەموو ئەو هەستانە بكاتو؟ بەراستی زانی كه خۆشەویستییە. خۆشەویستی راستەقینە كەوا له مرۆڤ دەكات هەموو شتێكی خۆش بوێتو، هەموو كەسێكیشو، دەتوانێت قوڵەكانی بكاتەوەو باوەش بەزەوی و ئاسمان ودرەختەكاندا بكاتو، كاتێك مرۆڤ چاوەكانی دەكاتەوەو سەیردەكات كەباوەشیكردوە بەیەك جەستەی دیاریكراودا.كە بەشەكانیو سنورە دەرەكیەكەی بەباسی دەناسێتو، دەتوانێت لەنێوان ملیۆنەها جەستەی سوڕاوەی ناو گەردوندا بیناسێتەوەو، جیای بكاتەوە، بەبونە تایبەتی و چاوە تایبەتیەكانی خۆی بیناسێتەوە كە توانای بینینی ئەو كەسەو ناسینەوەی لەنێوان مرۆڤدا هەیە.

ئەم جۆرە ساتانە وەك خەون وان، هەمو ساتە خۆشەكان وەك خەون وان. لەدەنگی تەقەی فیشەكەكان بەئاگا هاتو هۆشی هاتەوە. بۆی دەركەوت ئەو دەنگە دەنگێكی راستەقینەیە كە گوێ بیستی دەبێت، كە





لەگەڵیدال دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی ژیانو بۆ ئەو كۆت و بەندانەی كە بەزەویەوە دیبەستێتەوەو. هەر كه گوێی لەدەنگی تەقەی فیشەكەكان دەبو لەسەر راستی بەئاگا دەهاتەوە، هەندێك له قوتابیەكانی بینی دەكەوتنە سەر زەوی‌و، هەندێكیان بەرەو پێشەوە دەرۆیشتنو سنگیان روبەڕوی فیشەكەكان دەكردەوەو، هەندێكیان خۆیان دەدایە بەردیواری خانوو دوكانەكان بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن. بەهیە وەك پەیكەرێك لەشوێنەكەی خۆیدا وەستا، كە باڵای بەرزو چاوە رەشەكانی بۆ سەرەوە بڵندبون. ئەگەر فیشەكێك لەو شوێنە دیاریكراوەی كە جەستەی داگیریكرد بو بتەقیایە یەكسەر بەری دەكەوتو دەمرد. بەڵام ئەو دەیزانی كە بەبێ خواستی خۆی نامرێتو، ئەو جارێ نایەوێت بمرێت، بەڵام دەیەوێت بگریو، خەمو پەژارە تاكە راستەقینەیە لەژیانیدا، ئەو كاتێك كە پێدەكەنی پێنەدەكەنیو، كاتێك كە دڵخۆش بوو لەناخە قوڵە دورەكەیدا دەیزانی ئەو خۆشیە راستەقینە نییەو، شتێك هەیە كە هەڕەشەی لێدەكات، هەڕەشە لەژیانی دەكات، توانایەكی دیكە چاوی تێبڕیوەو، لەهەموو ساتو، لەهەموو سوچێكیدا كە فرسەتی لێ بێنێت و لەناوی بەرێتو، هیچ كەسێك رزگاری ناكات، نەباوكو نەدایكو، نەخوشكو براكانی و نەهیچ كەسێك. لەناكاودا، وەك زەوی قڵیشابێت، دەمو چاوی سەلیمی بینی. خۆی بەسەر زەویدا نوشتانبوەوەو جەستەیەكی هەڵگرتبو كە خوێنی لەبەردەڕۆیشت. وێنەكان لەبەرچاوەكانی بەهیەدا نەمانو، تەنها ئەو دەمو چاوەمایەوە كە بەهێڵەكانی روخسارە جیاوازەكەی خۆی بەهێواشی بەگۆڕەپانەكەدا دەڕۆیشتو جەستەیەكی دیكەی بەسەرەوە بو، كە سەری لاربوەوەو، كراسە سپیەكەی خەڵتانی

خوێنی سوربوو، خوێنەكە لە دوایانەوە دەڕۆیش كە شریتێكی درێژی سوری لەسەر قیرەكە كێشابوو.

وەك كەسێكی خەواڵو، لەنێوان باوەڕكردنو باوەڕنەكردندا، لەژوری بەرامبەر بە ژوری نەشتەگەری لە خەستەخانەی(قەسر ئەلعەینی) كۆندا دانیشتبو. زۆر روداو لەماوەیەكی زۆر كورتدا رویاندا تاڕادەی باوەڕنەكردن، بەڵام چاوەڕەشە شین باوەكانی سەلیم لەبەردەمیدا جەخت لەسەر بونی و بەئاگابونی ئەو دەكەنەوەو، كاتێك كە لەژورەكەی بەرامبەریدا نامێنێت شتەكانی دەوروبەری ئەو، راستی و بونیان لەدەست دەدەنو كاتێك كە جارێكی دیكە دێتەوەو چاویان بەیەك دەكەوێت هەستێكی سەیر بەراستی شتەكانو، راستی بونیان لەجەستەیدا دێت، دەزانێت كە ئەو ساتە تەمەنی راستەقینەیەتیو، ئەو رۆژوساڵانەی كە تێپەڕیون تەنها خەونێك یان خەیاڵێمك بون. هەستی بەتامی ژیان كرد لە دەمیدا گەرمو جزێنەر بوو و تێكەڵ بە بۆنی ئەسیری تیژو بۆیەی یۆد ببوو، موچەڕكێكی هەست پێكراو لەژێر پەراسوەكانیداو، لەرزینی دەستی كاتێك شتێك دەگرێتو، لەرزینی قاچەكانی كاتێك كە دەڕوات یان دەوەستێت، لەرزینی ژیانی راستەقینە، تێكەڵەیەك لە ترس و بەرەو پێشەوە چون، هەست كردن بە مەترسیو بەدڵنیایی، لەدەستدانی هەستكردن بەكاتو شوێن و دەستكەوتنی توانایەكی سەیر لە هەستكردن بەكاتو بەشوێن، تێكەڵەیەكی سەیر لە هەستە جیاوازەكان كە گشتیان لەیەك كەمۆڵەدا تواونەتەوەو وەك رەنگەكانی شەبەنگ گونجانێكی تەواویان هەیە. وا ی بەخەیاڵدا هات كە هەموو جیهان لە پێناوی دروستكردنی ئەو تێكەڵە سەیرەی ناوجەستەیدا





دەجوڵێت، مانگرتن و خۆپیشاندانو بانگەوازو سرودو تەقەی فیشەكەكانو، ئەو جەستانەی كەوتنو، ئەو خوێنە سورەی بەسەر زەویدا رژاو، ئەو سەرەی كە خوێنی لەبەردەڕۆیشتو ئەم یارمەتی داوە لە هەڵگرتنی بۆناو ئۆتۆمبیلەكەو، ژوری نەشتەگەریو، بۆنی ئەسیرو بۆیەی یۆدو،پزیشكەكان بەچاكەتە سپییەكانیانو ستستەرەكان بە بۆرنیتە سپییەكانیانەوە، ئەمانە گشتیان لەپێناوی دروستكردنی ئەو تێكەڵە جیاوازەی ناو جەستەی ئەودا رویاندا.

هەر كەسێك لەو ساتەدا سەیری چاوەكانی ئەو بكات خەمو پەژارەیەكی قوڵی شاراوە دەبینێت كە بەختیاریەكی سەیری زۆریان پێوە دیارە، كە وەك بریسكەیەكی كەم لەسەر رەشێنەی چاوەكانی، وەك جوڵەیەكی خێرا، وەك گڕی هەوایەكی گەرم، وەك منداڵێك كە بەدوای تۆپێكدا رادەكاتو هەناسە بڕكێی پێكەوتوە، وەك شەقەی باڵەكانی چۆلەكەیەك وابو لەژێر تیشكی خۆردا و گوێی لە دەنگی یەكێك لە پزیشكەكان بوو دەیوت:

—مەجدی مرد

دەنگی ئەو پزیشكە لە گوێیدا وەك دەنگی تەقەی فیشەكێكی نوێ وابوو كە موی نێوان بەئاگایی و خەونو، نێوان ژیانو مردنی دڕاندو، بەئاشكرایی بۆی دەركەوت كە حەوت قوتابی مردنو، ژمارەیەكی زۆریشیان لێ بریندارببووەو، ژمارەیەكی دیكەشیان بە ئۆتۆمبیل گوێزراونەتەوە بۆ بەندینخانەو، میسر ئازاد نییەو، كۆتو بەندەكان هەرماونو، چاوی منداڵانی سەركانیەكە هەر برسینو، ریزی نەخۆشەكان هەر لەناو خەستەخانەكەدا وەستاونو خوێن تف دەكەنەوەو، ژنان بە جلە رەشەكانیانەوە هەر

دەگرین‌و دەناڵێنن‌و، باوکی هەر لەسەر کورسیە ئەسیوتیەکەی لە هۆڵەکەدا دانیشتوەو، پۆلیسەکەش هەر لەسەر سوچی شەقامەکە لەپشت کۆشکە تەختەکەوە بۆنی خوێن دەکات.

سەری کەوتە سەر سنگی کە وەك نوستبێت وابوو، لەوەش دەچێت بەراستی نوستبێت، چونکە لەدەنگی سەلیم بەئاگاهاتو، کاتێك کە دەنگی سەلیم بانگی دەکات هەمو شتەکان وەك خەون دەبن:

—بەهیە

لەدەنگی بانگردنەکە لەسەر کورسیەکە راچڵەکی...

بەهیە... سەلیم لەنێوان هەموو ناوەکاندا ناوی ئەو دەناسێتەوە، لەنێوان هەموو دەم‌و چاوەکاندا دەم‌و چاوی ئەو دەناسێتەوەون بە تاقە جوڵە خۆویستەکەی بەرەو روی ئەودێت‌و، دەنگە جیاوازەکەی لە گوێیدا کە پێی وت: بەهیە، تۆماندویت‌و، جلەکانت خوێنی پێوەیە. بەهیە سەیری جلەکانی کرد، پەڵە خوێنی لەسەر سنگ‌و سەرقۆڵەکانی کراسەکەی بینی، خوێنی مەجدییە کە چەند خولەکێك لەمەوپێش لە خوێنبەرەکانیدا مەیی.

هەروەها دکتۆر فەوزی وتی:

—سەلیم تۆش کراسەکەت هەمووی خوێنە. لەگەڵماندا وەرن بۆ خانەی پزیشکان، لەوێ دەتوانن ئەو پەڵانە لێبکەنەوە.

خانەی پزیشکان لە(قەسرئەلعەینی) نوێ بو، ئەوان ئەو پردە بچوکەیان بڕی کە خەستەخانە کۆنەکەی لە خەستەخانە نوێکە جیادەکردەوەو، لەنێوان شیشەکانی پردەکەوە ئاودەڕۆیشت‌و، بەلەمێکی بچوك کوڕو کچێکی تێدا دانیشتبو کە سەوڵیان لێدەداو پێدەکەنین‌و سڵاویان بۆ ژنێکی پێست





سپی قژزەرد دەکرد کەلە بالکۆنی یەکێك لە کۆشکەکانی(گاردن سیتی) دا وەستابوو، قەڵەباڵغیەکی زۆر لەبەردەمی خەستەخانەکەدابوو، چەند عەرەبانەیەك کە پرتەقاڵی لەسەر بوو، دەم‌وچاوە لەڕو لاوازەکان و ئەو جەستانەی کە وەك پەیکەر وابون‌و، ئەو ژنانەی منداڵیان بە باوەشەوەبوو کە دەم‌وچاویان پیر دیاربو، ئەو پیرانەی بەجەستە بچوکەکان دەڕۆیشتن کەوەك جەستەی منداڵ وابوو، ئەو ژنانەی کە روخساری پیاویان هەبوو، ئەو پیاوانەش کە روخساری ژنیان هەیوو ، لەسەرقیرەکە تفی خوێناوی و گوی منداڵانی لێبوو، هەروەها توتکە سەگە برسیەکان ئەو تەنەکە خوڵانە دەگەڕان کە بێرەو بەوێدا بڵاو ببونەوە.

لەدوایانەوە هۆڕینێکی قایمی ئۆتۆمبیلێك لێیدا، ئۆتۆمبیلێکی رەشی درێژیان بینی کە چوار دەم‌وچاوی قەڵەو هەست چاوی زەقی تێدابوو.

سەلیم چرپاندی وتی:

—ئەوە پۆلیسە.

پیاوێکی دەم درێژی تیژ کە لەدەمی مشك دەچوو بەرەو رویان هات‌و وتی:

—وەرن لەگەڵمدا.

کەسیان لە شوێنی خۆیانا نەجوڵان سێ پیاو چوار دەوری دان ئەوانیش لە پێشیانەوە بەرەو عەرەبانەیەکی گەورە رۆیشتن کە لە سندوق دەچوو چوار لاکەی داخراو بو لەناوەوە تاریك بوو لە بەندینخانەیەکی گەڕۆك دەچوو.

کورسیەکەی بەهیە لە تەنیشت درزێکی بچوکەوە بو کەلە دیواری عەرەبانەکەدابوو، لە درزی کلیلێکی ناو دەرگا دەچوو، کەلەو درزەوە شەقامە

قەڵەباڵغەکانی دەبینی کە پڕبو لە خەڵك، لە ئۆتۆمبیلو، لەترام خۆر خەریك بو ئاوا دەبوو گڵۆپی شەقام و ماڵ و دوکانەکان هەڵکران و بەرەو بەرە روناکیەکەی بڵاو دەبوەوەو، لەگەڵیدا ئەو جوڵەیە دەستیپێکرد کە لەگەڵ هاتنی شەودایە کە خەڵکی بۆ گەشتو گەڕان و شەونخونی دەردەچنە دەرەوە، یان بۆ کارکردن لە پاسەوانی کردندا یان بۆکڕینی پێداویستیەکانیان. جیهانێکی دیکە کە ئەو لە کونێکی بچوکی ناو سندوقێکی داخراوە وە سەیری دەکات، وەك ئەو جیهانە ئەفسوناویەی کە لە منداڵیدا لە کونی سندوقی دونیاوە، یان لەگۆرەوی فاڵچیەکەوە دەیبینی. جوڵەی شەقام و خەڵکەکان لەپێش چاوەکانیدا جوڵەیەکی سەیریان هەبو، بەتەواوی جیایە لەو ژیانەی کە ئێستا ئەوی تێدایە، وای لێهاتبو کە هیچ شتێکی دەربارەی خواردن یان خواردنەوە یان خەو یان باوکان یان دایکان، یان دوکانەکان یان خەڵکی کە شت دەکڕن، یان منداڵان کە لەدایك دەبن یان پیرەکان کە دەمرن، یان ئەو شەقامانەی خەڵکی پیا دەڕۆن یان ئەو ترامانەی بەسەر هێڵەکاندا دەڕۆن نەدەزانی جوڵەی خەڵکی کە دەڕۆیشتن وەك جوڵەیەکی گاڵتەجارو بێ مانا دەهاتە پێش چاوی، وای بەخەیاڵدا دەهات کە ئەو کەسانە مردون یان لەجیهانێکی ساردو بێ گەرمی و بێ ترپەی لێداندا دەژین.

لەدیدەی ئەوەوە جیهانی خەڵکی مردبو، هەمو ژیانیش لەو عەربانەیەدا کۆببوەوە، یان لەو سندوقە داخراوەدا، یان ئەو کورسیە تایبەتەی کە ئەو داگیریکردبوو بەجەستە باریکەکەی کە سەرێكو ورخسارێکی دیاریکراوی ماندوی پڕ لە خەم و خەفەت و، دوچاوی قوڵی پێوەبوو کە توانایەکی





سەیریان لە بینینو چونە ناوەڕاستی شتەکاندا هەبوو عەربانەکە وەستاو، دەرگای سندوقەکە کرایەوە، ژمارەیەك لەپیاوان لەپێش و لەدوایانەوە ڕۆیشتنو، لەگەڵیاندا چونە بینایەکی نەناسراوەوە، بەهیە خۆی لە ژورێکی تەسکی چۆڵدا بینیەوە. کە بەتەنیا دەرگای لەسەر داخرا. چاوەکانی بڕیە دەرگا داخراوەکە کە بێجگە لە دەرگاکە هیچی دیکەی نەدەبینی، بەربەستێکی گەورەی دەنگ بڕ لە تەختەیەکی تۆخی ئەستور، لە سەلیمی جیادەکردەوە. لەنێوان ئەو و لەنێوان ژیانیدا دەوەستێت، نایەڵێت بجوڵێت، لە توانای خۆی دوردەخاتەوە وەك قۆڵە گەورەکانی دایکی کاتێك کە رایاندەکێشاو، دەنگی باوکی کتێك کە بەسەریدا دەینەڕاندو، دەنگی ترامەکە کەبەسەر هێڵە ئاسنینەکەدا دەخشاو، دەرگا ئاسنینەکەی کۆلێج، توێکارگە کە بە مێزە مەڕمەڕەکەوە کە پارچەی لاشە مردوەکان و قاچە خوارو خێچەکانی قوتابیەکانو چاوە شۆڕەکانی قوتابیە کچەکانیو هەروەها چاوەشینە برسیەکانی دکتۆر عەلویان لەسەربوو.

بەهیە بەمستەکۆڵە بەهێزەکانی دەیدا لە دەرگا تەختەکەو، بە قاچی چەپو راستی ، لەدەرگا ئەستورە دەنگ بڕەکەی دەدا، بەهەموو جەستەی لێیدەدا، بەڵام جەستەی دەدرێتە دواوە و بەر دیوارەکە دەکەوێت پاشان لە دیوارەکەوە دەدرێتەوە و بەردەرگاکە دەکەوێت وەك یەکێك سەری بکێشێت بە دیوارێکدا بۆ ئەوەی بیشکێنێت، کە دیوارەکە وەك خۆی دەمێنێتەوەو سەری ئەو کەسەی دەشکێت. بەڵام سەری ئەو ناشکێت، هیچ شتێك لەودا ناشکێتو، بالا بەرزەکەی هەر بەراوەستاوی لەسەر زەوی دەمێنێتەوە، روبەروی نێوان دیوارو دەرگاکە دەگرێتەوەو، لەژێریەوە چەند مویەکی باریك

لە خوێن، لەژێر لوتو گوێكانیو، لەنێوان پەنجەكانی دەست قاچەكانیەوە دەڕۆن پۆلیسەكە دەرگاكە دەكاتەوەو، بە لوتی بۆنی خوێنەكە دەكاتو، لە ژێرەوە بە چاوەكانی سەیری دەكات بەهیە چاوەڕەشەكانی دەبڕێتە چاوەكانی پۆلیسەكە ئەویش وەك هەموو پۆلیسەكانی دیكە بە جوڵەیەكی ملكەچانە چاوەكانی بۆسەر زەوی شۆڕدەكاتەوەو، بەجوڵەیەكی دیكەی لوت بەرزانە بەرەنگاری بەهیە دەبێتەوە، كە ماسولكەكانی پشت و ملی توند دەكاتو، چاوەكانی وەك یەكێكی لەسێدارە دراو زەق دەكاتەوەو، دارێك لەنێوان پەنجە ئەستورە قلێشاوەكانیەوە كەلە پەنجەكانی پیاوكوژ دەچن شۆڕدەبێتەوە. هەمو شتێك لە چوار دەوری بەهیەدا ناسرابو. وەك ئەوەی لەوەو پێش جارێك یان دووجار رویدابێتو، ئەو ئێش و ئازارەی لە جەستەیدایە لەوەوپێش هەستی پێكردوەو، ئەو پەڵەسورانەی سەر زەویەكەو، ئەو پۆلیسە، چاوەكانی و، لوتی و، دارەكەو، دیوارەكەو، پەڵەسورەكانو، دەرگاكە هەمویانی بینیبوو، هەموو شتێك دوبارە دەبێتەوە، وەك ئەوەی بزانێت كە سبەینێ چی رودەداتو، كاغەزە سپیەكە لەژێر راخەرەكەدا دەشارێتەوە، وەك چۆن لە چاوەكانی باوكی دەیشاردەوەو، كاتێك زیندانیكەرەكە دیارنامێنێت كاغەزەكە دێنێتە دەرەوەو، سەیر هێڵە جوانەكانی دەكات، هێڵەكانی دەناسێتەوە وەك چۆن روخساری خۆی دەناسێتەوەو، بەو جوڵە خۆویستە بەهێزەی فڵچەكە بەسەر لاپەڕە سپیەكەدا دێنێتو، هەموو شتەكان شێوەیەكی نوێ و، رەنگێكی نوێ، بەواتایەكی دیكە رەنگە راستەقینەكانیان وەردەگرن. بەمەش چاوەكانی دەتوانن ئەوە دەربخەن كە گەڵای درەختەكان سەوز نینو،





ئاسمان رەنگی شین نییەو، دیوار رەنگەكەی خاكی نییەو، هەروەها دەنگ بریش نییە، بەڵكو تەنكە وەك پەردەیەكی ئاوریشمی وایە، جەستەی بەئاسانی دەیبڕێتو، هەست بە هێزێكی لەڕادەبەدەر دەكات، كە راستەقینەیە و خەیاڵی نییە، كەچری مادەیەكی بەرجەستەی هەیە، پەنجەكانی دەستی لێوەدەدات كە پتەو نەرمە وەك لاستیك ، ناشكێت بەڵكو تەنها دەنوشتێتەوە لە ژێر پەستانێكی زۆردا، كەبەهۆیەوە دەزانێت جەستەی ناتوانێت لەژیان پاشەكشێ بكاتو، دڵی هەر بەو لێدانە بەرزانە كە لەقاقای پێكەنین دەچێت لێدەدات، وشتەكان رەنگاو رەنگ دەبن، پەڵە سورەكانی سەر زەوی وەك تیشكی خۆر گەشاوەو درەوشاوە دەبنو، ئەستێرەكان بە روناكیەكی بەهێز وەك روناكی مانگ هەڵدێنو، سەوزی درەختەكان دەبێتە شینێكی تۆخو، هەر گەڵایەك چەند دەزویەك و شانەیەكی بەرزی وەك ددانە بزۆكەكان دەبێت، كە هەوا بەلەرەلەرێكی نەبینراوی وەك جوڵەی كات دەیجوڵێنێتو، رابردو وەك ئێستاو داهاتوو، دوێنێ وەك ئەمڕۆ و وەك سبەینێی لێدێتو، كاتیش بێ كات دەبێتو، ئەمەش راستیەكی جوان و قەشەنگە مرۆڤ تەنها لە زینداندا بۆی دەردەكەوێت.

ئەم دۆزینەوەیە یان درك پێكردنە هۆی راستەقینەی ئەو گەشیە سەیرەیە كەلەچاوە رەشەكانیدا دیاربوو، كەوای لەجەستە خوێن لەبەر رۆیشتوەكەی دەكرد بە جوانیەكی بەدەگمەنەوە سەمابكاتو، لەگەڵ پۆلێك لە مێشولەی چالاك لەسەر راخەرەكە یاری بكات.

ئەمەش توانایەكی لەڕادەبەدەرە، جەستە وەریناگرێت تەنها كاتێك

نەبێت كە لە هوشیاریە مرۆییە ساختەكەی رزگاری دەبێتو دەچێتە هۆشیاریە راستەقینەكەیەوە. كاتێك پاسەوانەكە سەری بردە ژورەوە سەرسام بو. بەهیە قوڵەكانی كردبۆوەو بەپەنجەكانی دەمارە هەڵئاوساوەكانی دەپشكنیو، كاتێك هەستی بەسوری خوێن دەكرد لە جەستەیدا پێدەكەنی، مرۆڤ لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە هەوڵدەدات لە رێگەی سوری خوێنەوە لە جەستەیدا گەردون بناسێتو، كەبەهیە بەچاوە ڕەشەكانی سەیری پۆلیسەكە دەكات، بەراستی دەزانێت كە گەردون لەگەڵ سوری خوێن لە جەستەیدا دەسوڕێتەوەو ئەو سوڕانەشە كە پیاوانی پۆلیس دەتۆقێنێتو، بیركردنەوەیان توشی ئیفلیجی دەكات، بەتایبەتی ئەگەر بێتو ئەو سوڕانە زۆر توند بێت تا ئەو رادەیەی كە رووەكە سافو لوس و جێگیر دیاربێت وەك روی زەوی، لەگەڵ ئەوەی كە رەنگەكەی سورێكی ئاڵە وەك رەنگی خوێنو، بەهێواشی كە لەخۆبایی بون دەچێت بەناو دەمارە شینەكانی ژێرپێستدا دەڕوات.

پۆلیسەكە بەدەنگە تیژە مێینەكەیەوە پرسیاری لێكرد:

—تۆ بەهیە شاهینیت؟

یەكسەر بەپێكەنینەوە وەڵامیدایەوە كە چاوەكانی بە لوت بەرزیە ئاساییەكەی خۆیەوە بۆ سەرەوە بڵندكردبونەوە .

—نەخێر

پۆلیسەكە بە چاوە زەقەكانیەوە سەیری كردو وتی:

—چییە درۆدەكەیت؟

بەهیە پێكەنیو پەنجەكانی تەقاند، پۆلیسەكە زللەیەكی لێدا، تاڵێكی





باریكی سور لە دەم و لوتیەوە هاتە خوارەوە، بەڵام چاوە ڕەشەكانی هەر بۆسەرەوە بڵندكرابونەوەو لوتی بەرزیەكی تیژی هەبو كە گەردونی لەبەردەمیدا دەكرد بە دوو بەشەوەو، كاتێك شانبەشانی پۆلیسەكە رۆیشت قاچەكانی لەپانتۆڵە رەشەكەدا درێژ دیاربون، ماسولكەكانی توندوتۆڵو، ئێسكەكانی رێك بونو، هەر پێیەكی بەجیادەكێشا بەزەویداو، بەمتمانەوە قاچەكانی لێك جیادەكردنەوە كاتێك گەیشتە ئەو ژورە گەورەیەی كە پڕبوو لە جەستەی خەڵك بەوەستانە ناسراوەكەی خۆی وەستاو قاچەراستەكەی لەسەر زەوی داناو، قاچی چەپی لەهەوادا بەرزكردەوە، پاشان خستیە سەر ئەو بەربەستە تەختەیەی كەلەنێوان ئەوو لەنێوان ئەو ئەفسەرەدا بو كە لەپشت مێزێكی بچوكەوە دانیشتبوو. ئەفسەرەكە پەرتوكێكی گەورەی بە قەبارەی مێزەكە كردەوەو دەنگی لەژورەكەدا دەدرایەوە كە بانگیكرد:

بەهیە شاهین

بەهیە دەیزانی كە ئەو بانگی یەكێكی دیكە دەكات بۆیە وەڵامی نەدایەوە. بەڵام ئەفسەرەكە جارێكی دیكە بەدەنگێكی بەرز بانگیكرد:

—بەهیە شاهین

ئاوڕی دایەوە بەچواردەوری خۆیدا لەنێوان دەمو چاوەكاندا بۆ یەكێك دەگەڕا ناوی بەهیە شاهین بوو. لەنێوان دەمو چاوی ئەو ژنانەدا كە بەپێوە وەستابونوئەوانەش كە لەسەر زەویەكە دانیشتبون دەموچاوی بەهیەی نەناسیەوە. پێكەنینێكی مێینەی درێژ لەژورەكەدا درایەوە كەچەند قاقایەكی بەدواداهات كە قرچە قرچی بنێشت جوینو، لێو مژینو، بۆنی ئارەق و بۆگەن تێكەڵاو بەبۆنی عەترێكی تیژ وەك بۆیەی یۆدیان لەگەڵدابو،

دەموچاوی هەندێك لەو ژنانە قەڵەو گۆشتن بوو، هەندێكیشیان باریك و گوشراو بوو، پێستەكەیان بە ئێسقانەكەیانەوە بوو، كلی چاوەكان لە گەرمادا بە دەوری چاوەكاندا بڵاوببونەوە كە وەك چوارچێوەیەكی رەشی چاویلكەیەكی سپی لێهاتبوو، جەستە قەڵەوە داكەوتوەكە لەژێر كراسە ئاوریشمییە تەسكەكەدا جەڕابوو، بە جەراندنی شوێنە بەرزبوەوەكانی وەك مەمك وسمتو رانەكانو، ئەو جەستە باریكەش كە وەك قەدی گەنمەشامیەكی وشك وابو كە بێ مەمكو بێ سمت بوو، هەروەها قاچە مێینە بچوكەكان كەنینۆكەكانیان درێژوسوربونو پاژنەكانیان قلیشاو قوڕاوی بون لەپاپوجە كراوەكانەوە هاتبونە دەرەوە.

یەكێك لەژنە لەڕو لاوازەكان وتی:

—كوا بەهیە شاهین ؟

ژنێكی قەڵەو وتی:

– من ناوم بەهیە شەربەتلییە.

– سڵاوت لێ بێت خوشكەكەم

– سڵاوت لێبێت.

– كەی خودا لێمان رازی دەبێت؟

– خودا زۆر لێمان رازییە.

– ئەی پێغەمبەر.

– بێگومان .ئێمە باشترین ژنین.

– روحت بەبەرداهێنامەوە خوشكەكەم.

– ئەگەر ئێمە نەبوینایە مێردە بەرەوشتەكانمان دەمردنو، ماڵە





بەرێزەكانیش وێران دەبون.

– بەڵام مێردەكانمان لەبەربۆنما ئاخ و ئۆف هەڵدەكێشن.

– لەبەرئەوەی بۆنە راستەقینەكانیانە

– دەمانخەنە زیندانەوە

– چونكە شێوەی چركەكانیان دەزانین

– تارادەی مردن لێمان دەترسن.

– و تاڕادەی مردنیش حەزیان لێمانە.

– دەنگی پێكەنینە درێژەكانو تەقەتەقی قاپ قاپو قرچەی بنێشتەكان درانەوەو، بۆنی عەترە تیژە بۆگەناویەكە بڵاوبوەوەو، ئەفسەرەكە دەستی كێشا بەمێزە رزیوەكەدا كەلەمێزی چێشتخانە دەچوو و بەتوڕەییەوە هاواریكرد:

– بێدەنگ بن قەرەجانە ! ئایا رەوشتان نییە؟

ژنێك قاقایەكی درێژی لێدا:

—رەوشتی چی ئەی ئەفسەر؟ خاوە رەوشتەكان مردن ئەویش برۆكانی لێ هەڵتەكاندو وتی:

—بەخودا راست دەكەیت.

پاشان بەچاوێكی برسی پڕ لە حەزو ئارەزوەوە سەیری كرد. لێوەكانی بەهیە بەزەردەخەنەیەك كرانەوە بەڵام بەخێرایی داخرانەوە كاتێك كە باوكی لەبەردەمیدا بینی، وەك ئەوەی زەوی لێوەیەوە قڵیشابێت. باوكی بەچاوێكی تیژی تۆڵاویەوە سەیری بەهیەی كردو، وەڵامی پرسیارەكانی ئەفسەرەكەی دایەوە، و(بەشێوەیەكی شقڵی و پقڵی) ئیمزای لەسەر

كۆنوسەكە كردو، سەرانەی دەجونەیهی دا پێش ئەوەی كچەكەی وەربگرێتەوە. بەهیە سواری تەكسی بوو، دانیشتو، باوكی لەلای راستیەوەو، مامیشی لەلای چەپیەوە دانیشت دەرگاكانی ئۆتۆمبیلەكە داخرانو دەرچوو، وەك یەكێك لەبەدەستەلاتێكی دیكە دەستبەسەركرابێت كە لەدەستەلاتی پۆلیس دەچوو، باوكی لەلایەكو مامی لەلاكەی دیەوە وەك دووپیاوی پۆلیس وان. دەموچاویان لەلاوە توندوگرژو بێ دەنگ بونو، چاوەكانیان بۆپێشەوە دەیڕوانیو، رویان نەدەكردە ئەو، بەتەواوی وەك دوو پۆلیسی نامۆوابون بۆئەو، كەبەرەو پەتی قەناره یان بۆ زیندانی راپێچ دەكەن. پیاوانی خێزانە گەورەكە كۆبونەوەو، لەدەوری مێزێكی گەورە دانیشتنو مریشكی مەحشیان دەخوارد. دوای نانی نیوەڕۆ لە هۆڵەكە دانیشتن جگەرەیان دەكێشاو، بە چیلكە ددانەكانیان لەگۆشت پاكدەكردەوە.سكی هەركەیان وەك سكی ژنێكی دوگیان بەرزببوەوەو، سمتە قەڵەوە داكەتوەكانیان كورسیە ئەسیوتیە گەورەكانی پڕكردبوەوە . یەكێكیان بەدەنگێكی بەرز دەنەرێنێتو پاشان دەقڵخێنێت وبەدەنگێكی گڕی قورس و گرانەوە( كە دەنگی راستەقینەی خۆی نییە.

دەڵێت:

—من رام وایە كە بەهیە لەزانكۆ دەربهێنین. زانكۆ خوڕەوشتی كچان خراپ دەكات.

یەكێكی دیكەیان وەڵام دەداتەوە:

—بەڕای من بەزوترین كات بیدەین بە شوو، شوكردن دیوارێكی پارێزەرە بۆ خورەشتی كچ.





یەكێكی دیكەیان وەڵامیدایەوە:

من رام وایە كە هەردوكیان پێكەوە بكەین. بەواتایەكی دیكە لە زانكۆ دەریبهێنینو بدەین بەشوو، زاواش ئامادەیە. بەهیە لەچنگی چارەنوسدایەو، ئەو پەنجانەی كە گرتونی وەك شیشێكی ئاسنی وان كە نانوشتێنەوەو ماوەی نێوان شیشێكو شیشێكی دیكە بەشی ئەوە ناكات سەری لێبهێنێتە دەرەوە. چارەنوس باوكێتی. خاوەندارێتی بەهیە دەكات وەك چۆن خاوەنی جلەكانی ژێرەوەیەتی . فێری خوێندنی دەكات یان فێری ناكات ئەوە كە مەسرەفی كۆلێجی دەكات. دەیدات بەشوو یان نایدات بەشوو ئەوەكە بوە بەبریكاری لەگەڵ ئەوەشدا كە خۆی نەیكردوە بەبریكار.

پلان دژی بەهیە بەدزی و نهێنی دەگێڕدرا، گوێی لە چرپە چرچ دەبو، نیگاكانی لە چاوەكاندا دەبینیو، هەستی بە مەترسی دەكرد نزیكەو بیری لەرێگەیەك دەكردەوە بۆ دەربازبون. لەنیوەشەودا كە گوێی لەپرخەی باوكی دەبو بە دزیەوە لە جێگەكەی خۆی دەهاتە دەرەوە و جلی دەرەوەی لەبەردەكرد، لەسەر لێواری جێگەكەی دادەنیشت بیری دەكردەوە كە بۆ كوێ بچێت، لەكاتێكی وادا، كچێكی تەمەن هەژدە ساڵی وەك ئەو دەتوانێت بۆ كوێ بڕوات؟ هەستی نەدەكرد كە كچە، یان تەمەنی هەژدەساڵە. ئەم تەمەنە لەو كاتەدا پێی دەوترا تەمەنی هەرزەكاری. هەرزەكاریش وشەیەكی كومان لێكراوو ترسناكە، كە هەر بوترێت یەكسەر دایكو باوكەكان بە حەزوئارەزوییەكی سێكسی متكراوەوە دەلەرزێنو، مرومۆچەیەكی زۆر دایاندەگرێتو، پەنجە لە كچ و كوڕەكانیان بەرزدەكەنەوەو هەڕەشەیان لێدەكەن نە وەك خەڵكی بەچاوی گومانەوە سەیریان بكەن، بەڵام

دایكوباوكەكان دوای غەریزەكانیان دەكەون بێ ئەوەی كەس گومانیان لێبكات.

بەهیە دەیزانی كە ئەوان هەڵاتنی ئەو لەماڵەوە رونكردنەوەیەكی

سێكسیانە لێكدەدەنەوە، لەگەڵ ئەوەی كە ئەو لەوكاتەدا ئارەزوی سێكسی نەبو( پەیوەندیەكەی لەگەڵ سەلیمدا شتێكی دیكە بو). لەو رۆژەوە كە دایكی كێشابوی بەدەستیدا(كە تەمەنی سێ ساڵ بو) دڵی تێكەڵ دێت كاتێك كە ئەندامی كوڕیك یان كچێك دەبینێت، كاتێك كە بەرێكەوت لەگەرماودا ئەندامەكانی خۆی دەبینێت خێرا چاوەكانی دوردەخاتەوە. بەواتایەكی دیكە نەیدەزانی كە ئەو مێیەو، سەلیمیش لەدیدەی ئەودا نێرنەبو. لەچاوەكانی ئەودا وێنە راستەقینەكەی خۆی دەبینیو، جوڵەی بۆلای ئەو جەخت لەسەر سەربەستیو خواست و توانای خۆی دەكاتەوەو، كاتێك كە لەگەڵ ئەودا دەبێت ئارەزوی خواردنی نامێنێتو، حەزە سێكسیەكەی ون دەبێتو، دەبێتە مرۆڤێكی نوێی بی غەریزەو بێ ئەو حەزە ناسراوانە، كە حەزێكی نوێی نەزانراوی بێ ناوە حەزێك بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە خودە راستەقینەكەی خۆی، بەخواستو توانای خۆی تواناكانی دیكە پێشێل بكاتو، بڕوانامەی لەدایك بونی بدڕێنێتو، ناوی خۆی بگۆڕێتو، دایك و باوكیشی بگۆڕێتو، پەنجەی بكات بە چاوی ئەوانەدا كە هەڵیان خەڵەتاندوەو درۆیان لەگەڵدا كردوە، و چاوەكانی خۆشی لێبەدەر ناكات كە هەڵیان دەكۆڵێتو دوچاوی نوێ بۆ خۆی دروست دەكات.

دەیزانی كە چاوەكانی خۆی درۆدەكەنو ئارەزوە سێكسیە راستەقینەكەی دەشارنەوە، بەڵام ئەو بەخواستی خۆی نەیدەشاردەوە، خۆی هەر





لەخۆیەوە گرژدەبوو نەدەما، هەستی پێدەكرد كە لێیەوە دێتە دەرەوە، وەك روح كە خۆی بەتەنیا لە جەستەوە دێتە دەرەوە و، لە هەندێك ساتدا كە هەستی دەكرد پێویستی پێیەتیو، هەوڵیدەدا كە ئامادەی بكات،(وەك چۆن رۆح بانگێش دەكرێت، كە ئامادە نابێتو، دوور دەبێت، وەك ئەو روحە بەرزفڕەی بەسەر سەریدا دەفڕێتو، كە هەرگیزلە جەستەیدا جێگیر نابێت، تا ئێستاش قیژەی فەوزیەی خوشكی لە گوێكانیدایە، كە گومێك خوێنی سوری ئاڵ لەژێریدا بوو، هەموو رۆژێك ئەو چاوەڕوانی سەرەی خۆیەتی، كە دەرگاكە دەكرێتەوەو دایكی محەمەد بە گوێزانە تیژەكەیەوە دێتە ژورەوە بۆ ئەوەی ئەو شتە بچوكەیبڕێت كە لەنێوان رانەكانیدایە. بەڵام دایكی محەمەد مردوەو باوكیشی گوێزایەوە بۆ قاهیرەو ئەو شتە بچوكەش هەر لە جەستەیدا مایەوە. هەندێك جار لەو شتە دەترسا، وایدەزانی كە شتێكی زیانبەخشە یان بەهەڵە لە جەستەیدا بەجێ ماوە حەزی دەكرد كە دایكی محەمەد لە گۆڕەكەیدا هەڵسایەتەوە و بە گوێزانەكەیەوە بهاتایە، بەڵام وێنەی فەوزیەی خوشكی لەبەردەمیدایە، كاتێك كە دەچێت بۆ سەر ئاو دەشەلێتو دەلەنگێتو، دوای ئەوەی كە برینەكەی ساڕێژ بو نەیدەتوانی وەك جاران بڕواتو، هەنگاوەكانی هێواش بونو، كاتێكیش كە دەڕۆیشت قاچەكانی هەر پێكەوەنوسابونو بە ئەستەم قاچێكی لە قاچەكەی دیكە جیادەبوەوە.

بەهیە رقی لەو رۆژە دەبوەوە كە خۆی تیادەشۆرێتو، كاتێك جلەكانی دادەكەنێت بەچاوێكی رق وكینەوە سەیری ئەندامەكانی دەكات، بەڵكو رقی لە خوداش دەبێتەوە چونكە ئەو دروستی كردون، چونكە جارێكیان گوێی لە

باوكی بوه كه وتویەتی خودا جەستەو ئەندامەكانمانی دروستكردون رۆژێكیان بەدایكی وتوه كه ئەو رقی لەخودایە دایكی هەناسەیەكی هەڵكیشاوه و زللەیەكی داوه بەدەموچاویدا و پێیوتوه:_

چۆن وا دەڵێیت؟

ئەویش بە گریانەوە وەڵامی داوەتەوە وتویەتی: چونكه خودا شته خراپەكان دروست دەكات .دایكی جارێكی دیكه لێی داو وتی: خودا تەنها شته جوانەكان دروست دەكات.

بەهیه فرمێسكەكانی سڕیو وتی: ئەی كێ ئەو ئەندامه خراپانەی دروست كردوه؟!

دایكی بە دووچاوی فراوانەوە سەیری بەهیەی كردو وەڵامی نەدایەوەو، گوێی لێی بو كه لەو شەوەدا دایكی چرپاندی بە گوێی باوكیداو پێی وت: ئەو كچه سروشتی نییه.

هێشتا نەیدەزانی سروشتی چییه، وای بە خەیاڵدا دەهات كه حەزوئارەزوی سێكسی ناسروشتییه، بۆیه قێزی دەكردەوه كاتێك كه ئەندامه نێرینەكانی پیاوانی دەبینی لەژێر پانتۆڵەكانیانەوە بەرزدەبوەوەو، حەزی دەكرد برشێتەوە كاتێك كه بە پێوە لەترامەكەدا دەوەستاو یەكێك ئانیشكی دەكرد بە سنگیدا. رقی لێیان دەبوەوەو، رقی لە پانتۆڵەكانیان دەبوەوە، هەروەها رقی له ئەندامه ناشرینە بەرزبوەوەكانیانو، چاوه تیژە برسییەكانیانو، بۆنیان كه تیایدا بۆنی پیازو جگەرە تێكەڵ ببوو، هەروەها رقی لەسمێڵە فشەكانیان دەبوەوە كه وەك مێروە رەشە مردوەكان وابو بەسەر لێویانەوە. دەیزانی كه باوكی پیاوه بۆیه رقو كینەكەی بەرامبەری دوو ئەوەندە بوو،





كاتێك لەشەودا كه بۆساتێك پرخەی دەبڕا وا یدەزانی مردوه، هەروەها دایكیشی خۆش نەدەویست، ئەو ژنانەش كه كراسەكانیان سنگەكەی كراوەیەو، دوو مەمكی هەڵئاوساوی ئارەزو مت كراویان لێوەدیارەو، چاوەكانیان وەك كەنیزەك بەكل رێژراون و چاو باشقاڵیان پێوه دیاره، بەڵام قاچه قەڵەوە بەیەكەوە نوساوەكانیان سێكس ساردیه هەمیشەییەكانیان دەردەخات.

بەبەهیەیان دەوت هەرزەكاره، كاتێك له باڵكۆنەكەدا دەوەستا بۆ ئەوەی خۆی بداتەبەر خۆر باوكی وایدەزانی كه سەیری دراوسێ كه چەڵەكەیان دەكات و كاتێكیش كه دوادەكەوت، یان خەیاڵی دەڕۆیشت، یان وێنەی دەكێشا، یان بیری دەكردەوه، یان خۆی دەشت، یان سەیری ئاوێنەی دەكرد، یەك هۆیان هەبوو ئەویش پیاوه له دوایدا بۆی دەركەوت كه مێشكی دایكو باوكەكان تەنها سێكسی تێدایە بۆیە وا دەزانن كه كوڕو كچەكانیشیان وەك خۆیان وان.

* * *

له ئاهەنگێكی خێزانی گەورەدا تیایدا تەپل و مۆسیقا لێدەدرا و جەستەی سەماكەرەكان دەلەرانو دەجولانەوەو، چاوی پیاوەكان بە حەزو ئارەزو ئەبڵەق ببونو، سكی هەموان پڕ ببو لە خواردن و خواردنەوە، بەهیەیان فرۆشت بەپیاوێك بەرامبەر بە سێ سەد جونەیە، لەنێوان گوڵ و گڵۆپەكاندا دەموچاوی بەهیه رەنگ زەرد هەڵگەڕاو دەردەكەوتو، دایكی بەدەنگێكی تیژی نوساوەوە هەل هەلەی لێدەداو، باوكی بە قاتە نوێكەیەوە خۆی بادەداو دێتو دەچێت جاربەجارێك دەستی دەكات بە گیرفانی ناوەوەدا كه

چزدانێكی تێدایە پڕە لە پارەی مارەییەكەی بەهیە، منداڵانیش رادەكەنو یاری دەكەن بەڵام چاوەكانیان هەر لەسەر بوكێیە سەیری دەكەنو بەترسو لەرزەوە دەستیان دەدەن لە ئەندامە نێرینەكانیان لەژێر جلەكانیانەوە، پیاوانیش بە پانتۆڵ و قاچە خواروخێچەكانیانەوە دێن و دەچنو پۆز بەئەندامە نێرینە داوكەتوە برسیەكانیانەوە لێدەدەن كە لە گەدەیەكی نەخۆش دەچوو، ژنەكانیش بەكراسە بریق و باقەكانیان و چاوە سیس بوەكانیانەوە كە هەورێكیان لەسەر بو یادگاری بوكێنیەكی پەژاراویان دەشاردەوە كراسە ئاوریشم سپییەكە ، لەلای سنگەوە تەسك بو مەمكەكانی بەهیەی دەگوشیو، چەند پێچو قارسێك لەرانو قاچەكانی ئاڵاون كە لە كفن دەچێت، دواوەی كراسەكە وەك كلكێكی درێژ وایە بەسەر زەویەكە دادەخشێت، هەردوو پێیە شلۆقەكانی لەسەر پێڵاوێكی پاژنە بەرزن لەو كراسە گیر دەبێت، بەرەو كەژاوە بە گوڵ رازاوەكە دەڕوات. كەلە گۆڕی سەربازێكی نەناسراو دەچێتو، لێدانی تەپلەكان لە گوێكانیدا هێواش و قورسبوو لەلێدانی ئاوازەكانی پرسەیەك دەچوو، دەستە بچوكە ساردەكەی لە دەستە گەورەكەی (زاوا) دابو، پەنجە نامۆكانی وەك پەنجەكانی چارەنوس لە دەوری پەنجەكانی ئەو ئاڵاونو، قاچەكانی لەژێر پێچەكانی كفنەكەدا بەهێواشی دەجولێن وەك ئەوەی بەرەو كارەساتێكی نادیار بڕۆنو، چاوە رەشەكانی كراونەتەوەو بەرەو پێشەوە دەڕواننو، لە بۆشایدا لەسەر هیچ شتێك جێگیر بون. وەك دەنگی لێدانێكی گەورەی بەرز گوێی لە دەرگاكە بو داخراو، هەموو دەنگو وێنەكان بڕانو نەمان، سەیریكرد كەلەناو ئۆتۆمبیلێكدا دانیشتوە، لەلای راستەوە پیاوێك كە





(باوكێتی)و لەلای چەپیەوە پیاوێك كە (زاوا)بو، دەموچاویان لەلاوە توندو، ماسولكەكانیشیان گرژببوو، چاوەكانیان بەرەو پێشەوە دەیڕوانی كە بەدزیەوە وەك چاوی پیاوانی پۆلیس چاودێری ئەویاندەكرد. لەبەردەمی دەرگای ئاپارتمانە نوێ كەدا زاوا دیاریەكەی لەباوكی وەرگرت ، مۆڵكایەتی بەهیە شاهین لە محەمەد شاهینەوە گوێزرایەوە بۆ محەمەد یاسین، بەڵام هیچ كام لەو دوو پیاوە هێشتا نازانن كە ئەو بەهیە شاهین نییەو هەرگیز نابێت بە بەهیە شاهین.

بەتەنها خۆی دەیزانیو، كاتێك كە دەرگاكە لەسەر هەردووكیان داخرا چاوە رەشەكانی بەرزكردەوە و سمێڵێكی رەشی بینی كە خاڵێكی سپی لە چڵم لەسەربوو، موی سنگی زۆرو رەش بو چەند دڵۆپە ئارەقێكی پێوەبوو، دارستانێك لە موو بەخوار سكیەوە بو، بازێكی دایە سەر جێگەی نوستنەكە كەلە بازدانی مەیمون دەچو، بەهیە بەدەنگێكی بەرز پێكەنی، چاوەكانی زاوا بەسەر سامیەوە كرانەوە. بەهیە بە چەند هەنگاوێكی هێواش بەرەو دۆڵابەكە رۆیشت كە كردیەوە سەرسوڕمان بو. كراسەكانی نوستن كە لە سنگو پشتو سكەوە كراوەبون، جلەكانی ژێرەوە پەڕپەڕەو قردێلە و ئویەی پێوەبونو، شوشە بۆنەكان، قوتوی هاڕاوە سپیو، سەوزو، سورەكان و، فلچەی برژانگەكان و، ئەو پاپوچانەی پێشەكەیان بۆ سەرەوە بەرزببوەوە و گوڵێكی سوریان لەسەر بو ، خاولی گەرماو ، سابونی تەوالێتو، بۆدرەی لابردنی موو، گیراوەی لابردنی بۆن، رۆنی چەوركردن و شێلان. كەرەستەكانی ئافرەت لەژیانی ژنو مێردایەتیدا. هەموی كەرەستەی سێكسین. كچ لەماڵی باوكیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ماڵی مێردەكەی كە بەهێزو

توانای خودا لە بونەوەرێکی ناسێکسیەوە (بەبێ ئەندامە سێکسیەکان) دەبێت بە بونەوەرێکی سێکسی کە دەنوێتو هەڵدەستێت و سێکس دەخواتو دەخواتەوە. بەبێ ئەقڵیەکی سەیرەوە وا دەزانن ئەو ئەندامەی کە بە گوێزان بڕاوە دەتوانێت بگەڕێتەوە، یان ئەو ئارەزوەی کەسەر بڕاوە و مردوە و لە مردن تێربوە زیندو دەبێتەوە. زاوا بەخۆشیەوە زەردەخەنەگرتی، وایدەزانی کە ئەو حاڵەتە رەتکردنەوەی کچێکی پاکیزەیە کە هیچ دەربارەی پیاو نازانێت. لە نەزانی بوکێ وە متمانەی بە خۆی وەرگرتو بۆیە بە روتی بەبەردەمیدا رۆیشت و خوی بادەداو پیاوەتی خۆی نمایشدەکرد، بەهیە جارێکی دیکە پێکەنی، خوێن لە دەمارەکانی زاوادا بەشەرانگێزانەی نێرینەوە قوڵپیدا، بۆیە وەك دڕندەیەکی پەلاماردەر خۆیدا بەسەر بەهیەدا ئەویش بەپێی لەقەیەکی لەسکیداو فڕێیدایە سەر زەوی. زاوا بەسەرسامیو باوەڕنەکردنەوە چاوەکانی هەڵگڵۆفت. ئەو پێ بەهێزە پێی مێ نییە. پێی مێ کە( لەتاقیکردنەوەکانی لەگەڵ سۆزانیەکانەوە) دەزانێت پێیەکی بچوك و نەرمە، کە دەتوانێت بەیەك دەست بای بدات، بەڵام ئەم پێیە پتەو وبەهێزە وەك موشەك. زاوا بەخۆی وت ژن سۆزانی نییەو، بۆی دەرکەوت کچی پاکیزە چەندە پاك بێگەرد بێتو دەربارەی پیاو نەزان بێت رەتکردنەوە بۆپیاو ئەوەندە زیاترو بەهێزتر دەبێت. شانازی بە خۆبونی زاوا دوو ئەوەندە زیادی کردو دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو یەکەم کەسەکە دەچێتە لای بوکێ، دڵنیاشبوو لەوەی کەئەو ناتوانێت لاوازی ئەم بزانێت بۆیە بەدڕندانەیەکی بەهێزتر خۆیدا بەسەریدا، ئەویش بەهێزێکی قایمتر لە قەی لێدا.





زاوا بەئەقڵ هێواشی مێردەکانەوە بۆی دەرکەوت کە ئەو رەتی دەکاتەوە، بۆیە بە ترسەوە چاوەکانی کرانەوەو بە دەنگێکی توڕەوە هاواریکرد:

—چۆن رەتم دەکەیتەوە؟.

بەهیە بەدەنگێکی توڕەترەوە وەڵامیدایەوە:

—من سۆزانی نیم

بەدەنگی خاوەن موڵکێکەوە وتی:

—تۆ خێزانی منیت.

بەسەرسوڕمانەوە پرسیاریکرد:

—کێ ئەوەی پێ و تویت؟

—باوکت و من و مەلاکە.

بەتۆڕەیەوە هاواریکرد:

—بێ نرخترین رێکەوتنی پارەیە لە مێژودا.

زاواشەپازلەیەکی دابە رومەتی بەهیەدا کەچی پێکەنیو، بۆی دەرکەوت خەڵکی توڕە دەبن کاتێك پەردە لەسەر ئەندامەکانیان لادەبەین . زاوا روت بوو، چوکی رەش و ناشرین بوو، ئەویش بەسەیرکردنێکە قێزەونەوە سەیریکرد. زاوا نیوەی بەشی خوارەوەی بەشەرمەوە لەژێر چەرچەفەکەدا شاردەوە، وەك شەرمی کچە پاکیزەکان لەشەوی بوکێنیاندا(بەهۆی نەبونی متمانە بەخۆبونەوە)، بەڵام بیری کەوتەوە کە ئەو پیاوەو، پیاویش شەرم ناکات، بۆیە چەرچەفەکەی لابردو سەیری بەهیەی کرد، کەچی ئەو چاوە رەشەکانی کە بۆ سەرەوە بڵندکردبون نە تروکاند زاوا بە توڕەییەوە هاواریکرد:

—تۆ مێ نیت

ئەو تاوانە تەقلیدیانەی، کە پیاوان دەیدەن بەروی ژندا، وادەزانێت کە زەوی لەژێر بەهیەدا دەلەرزێتو، هیچ شتێکی بۆنامێنێتەوە، چی بۆژن دەمێنێتەوە (بەڕای پیاوان) ئەگەر بێتو چوکی پیاو نەپەرستێت؟

بەهیە بە جوڵەیەکی بێ بایەخانە شانەکانی راوەشاندو وتی:

—کێ پێی وتویت من مێ م؟

بە تورەیەوە وتی:

— ها... باوکت منی هەڵخەڵەتاندوە.

بەهیە پێکەنی:

پێویستە پارەکە لە باوکم بسەنیتەوە.

وتی:

—باوکت دەست برە !

وتی:

—پێویست بوو پێش ئەوەی مانگاکە بکڕیت بتپشکنیایە ! بەهیە وەك یەکێك وابوو کە بەدوای ئا برو چوندا بگەڕێتو تەنها ئابڕوچون رزگاری دەکات، خۆی وا دەکات کە هەموان لێی بێبەری بنو، خۆی دەیەوێت هەموان لێی بێبەری بن ، بێ باوکو بێ دایك و بێ خێزان بێت وکەس دەست بەسەریدا نەگرێت و نەیپارێزێت، چونکە پاراستن خۆی لە خۆیدا مەترسیدارەو، دەست درێژیکردنە سەر راستەقینەکەیەتیو، هەروەها دەست درێژیکردنە بۆسەر خواست وتوانا و بونی . بەهیە هەر لە شوێنی خۆیدا دانیشتبو، زاوای بینی چەرچەفەکەیدا بە خۆیدا و نوستو، پاش





ماوەیەك پرخەی بەرزبوەوەو،بۆی دەرکەوت کە پرخەی مێردەکان وەك پرخەی باوکان وایەو، لەسەر نوکی پێکانی بەدزیەوە بەرەو شەقامەکە رۆیشتو، کاتێك کە هێڵە سورەکانی بەرەبەیانی لەئاسۆدا بینی، بیری کەوتەوە کە ئەم بەیانیە(یەکەم رۆژی بوکێنییە)و، ئابرو چون چاوەڕوانی خێزانەکەیەتی و، باوکی دێتو بۆنی خوێن دەکاتو، دایکی چەرچەفی جێگاکە و کراسی نوستنەکە دەپشکنێتو، ئەندامانی خێزانەکەی بەماڵی زاوادا بڵاودەبنەوەو بێ سود بەدوای ناموسەکەیاندا دەگەڕێن کە نییە.

بەهیە بە دوو پێی راگیرەوە بەشەقامەکەدا رۆیشت کە بلوزە سپییەکەیو پانتۆڵە رەشەکەی لەبەردابوو، بە قایمی پێی دەکێشا بەزەویدا و، بەمتمانەوە قاچەکانی لێك جیادەکرنەوە، هەنگاوەکانی بلاو خێران وەك هەنگاوەکانی لاوێکی وەرزشکارو، پێڵاوەکانی نزم و بێ بنو، قژە رەشە کورتەکەی بەسەر گوێکانیو ملیدا لەدواوە پەرش و بلاوە، چاوە رەشەکانی زۆر رەشن و بۆسەرەوە بڵندکراون، لوتی بەرزو تیژەو بەبێ بەزەیی و بێ دوو دڵی گەردون دەکات بەدوولەتەوەو، لێوەکانی بەسوربون لەسەر شتێك وەك تورەیی یان تورەیی وەك سوربون لەسەر شتێك ، کرۆژراون، کاتێك گەیشتە شەقامی(قەسر ئەلعەینی) بۆی دەرکەوت کە ئامانجی خۆی دەزانێت.

یەکێك لە هاوڕێ کچەکانی بینی لە ترامەکە دێتە خوارەوە بۆیە گەڕایە دواوەو لەپشت دیوارەکەوە خۆی شاردەوە، سەیری کۆمەڵە قوتابیەکانی دەکرد کە لەترام یان لە پاسەکە دەهاتنەخوارەوەو بەرەو کولێج دەرۆیشتن. کاتێك شەقامەکە ئارام بوەوەو قوتابیەکان چونە ناو کۆلێجەوە

له‌پشت دیواره‌كه‌وه‌ هاته‌ده‌ره‌وه‌ و به‌ده‌وری دیواره‌كانی كۆلێجدا سوڕایه‌وه‌، له‌نێوان شیشه‌ ئاسنه‌كانه‌وه‌ سه‌یری ده‌رگای توێكارگه‌كه‌ی ده‌كردو، ده‌رگاكه‌ی به‌رامبه‌ریشی هه‌ر تابلۆ سپیه‌كه‌ی له‌سه‌رمابو كه‌ ناوی خۆی له‌سه‌ربوو، هه‌روه‌ها سه‌ری قوتابیه‌كانی له‌ دوای په‌نجه‌ره‌ی پلیكانه‌داره‌كان‌و توێكارگه‌كه‌وه‌ ده‌بینی كه‌ ده‌چولاّن.

به‌هیه‌ شاهین!

ده‌نگێك له‌ دوایه‌وه‌ درایه‌وه‌ داچڵه‌كی ده‌مو چاوی یه‌كێك له‌ هاوڕێ كوڕه‌كانی له‌به‌رده‌میدا بینی. ناوه‌كه‌ی بیركه‌وته‌وه‌. كه‌ ناوی ره‌ئوف قه‌دری بووو.

پرسیاری له‌به‌هیه‌كرد: حاڵی كۆلێج چۆنه‌؟

ووتی: له‌ كۆلێج نه‌ماوم.

پرسیاری لێكرد: تۆشیان ده‌ركرد؟

پرسیاری كرد: بۆكه‌س تۆی ده‌ركردوه‌؟

وتی: –چوار كه‌سیان ده‌ركرد به‌ منه‌وه‌ پێنج

وتی: منیشیان ده‌ركرد، به‌ڵام به‌ده‌سته‌ڵاتێكی دیكه‌.

پێكه‌نی: ده‌سته‌ڵاته‌كان زۆربون و هه‌ریه‌ك ده‌ركردن هه‌یه‌.

پرسیاری كرد: ئه‌ی دكتۆر فه‌وزی؟

ووتی: هه‌ر له‌ خه‌سته‌خانه‌یه‌. به‌هیه‌ پرده‌ بچوكه‌كه‌ی نێوان خه‌سته‌خانه‌ كۆن‌و نوێكه‌ی بڕی، له‌شیشه‌كانی پرده‌كه‌وه‌ به‌له‌مێكی رازاوه‌ی بینی كه‌ كوڕو كچێكی تێدابو سه‌وڵیان لێده‌داو سلاّویان بۆ ژنێك ده‌كرد كه‌له‌ باكلۆنی كۆشكێكدا وه‌ستابو، ئۆتۆمبیلێكی ره‌شی درێژ كه‌ له‌ ئۆتۆمبیلی پۆلیس





ده‌چو به‌لایدا تێپه‌ڕبو، ئۆتۆمبیلێكی فریاكه‌وتنی به‌دواداهات، به‌هۆڕینه‌ تیژه‌كه‌ی به‌ناو قه‌ڵه‌باڵغی به‌رده‌م ده‌رگای خه‌سته‌خانه‌كه‌و ریزێك له‌پیاوه‌ ره‌نگ زه‌رده‌هه‌ڵگه‌ڕاوه‌كاو، ئه‌و ژنانه‌ی جبه‌ی ره‌شیان له‌به‌ردا بوو، منداڵه‌ چاو زه‌قه‌كان‌و، بازرگانه‌كانی پرته‌قاڵ به‌ خۆیان‌و پیكابه‌كانیانه‌وه‌و، چه‌ند سه‌گ‌و پشیله‌یه‌ك كه‌له‌نێوان ته‌نه‌كه‌ی خۆڵه‌كاندا رایانده‌كرد، تێپه‌ڕبو به‌هیه‌ چوه‌ ناو هه‌یوانی خه‌سته‌خانه‌ نوێیه‌ گه‌وره‌كه‌وه‌ كه‌ ئۆتۆمبیلی مامۆستایانی كۆلێج و پزیشكه‌كانی لێ ریزببوو. وه‌ك ئه‌و كه‌شتیه‌ درێژانه‌ی له‌ به‌نده‌ردا نیشته‌جێن، یان ئه‌و فڕۆكانه‌ی له‌سه‌ر زه‌وی فرۆكه‌خانه‌كان وه‌ستاون، پشته‌ كه‌وانیه‌كه‌ی ئۆتۆمبیله‌كه‌ وه‌ك پۆڵا له‌به‌ر تیشكی خۆره‌كه‌دا ده‌بریسكایه‌وه‌و، سه‌ره‌كه‌ی وه‌ك گولله‌ی تۆپ نوك تیژبو، دواكه‌شی درێژوباریك وه‌ك كلكی مار وابون به‌هیه‌ به‌ توندی پێی كێشا به‌زه‌ویدا. وه‌ك ئه‌وه‌ پێ بنێت به‌سه‌ر هه‌موو كلكه‌ باریكه‌كان‌و، هه‌موو سه‌ده‌ نوك تیژه‌كان‌و، هه‌موو مامۆستاو پزیشكه‌كان به‌خۆیان‌و ئۆتۆمبیله‌ بریقه‌داره‌ درێژه‌كانیان‌و، سكه‌ به‌رزبوه‌وه‌كانیان له‌پێشه‌وه‌و، سمته‌ داكه‌وتوه‌كانیان له‌دواوه‌و، گوشنه‌ چه‌رمه‌ نه‌رم‌و شله‌كانیان‌و، ناوه‌كانیان كه‌له‌سه‌ر لافیته‌كانه‌ له‌شه‌قام‌و گۆڕه‌پانه‌كان‌و، ئه‌و بڕوانامانه‌ی به‌ده‌رزی به‌پشتیانه‌وه‌ هه‌ڵواسیوه‌و، هه‌روه‌ها بۆنی خوێن‌و ئاره‌قی نه‌خۆشه‌كان كه‌ له‌و پاره‌ كاغه‌زانه‌وه‌ دێن كه‌ له‌ گیرفانه‌ ئاوساوه‌كانیاندا بونه‌ته‌وه‌.

به‌هیه‌ به‌ره‌و لێتۆڕه‌گه‌ ده‌ره‌كیه‌كه‌ رۆیشت، سه‌ری دكتۆر فه‌وزی بینی كه‌ له‌پشت ریزێك له‌و جه‌سته‌ لاوازانه‌وه‌ دیاربو كه‌له‌ په‌یكه‌ر ده‌چون‌و، یه‌ك له‌دوای یه‌ك له‌ پاڵ یه‌كدا وه‌ستابون، كه‌ زۆر به‌ زه‌حمه‌ت قاچه‌ باریكه‌

خواروخێچەكانیان رادەوەستاو، زۆر بەزەحمەت تـر سـەریان لەسـەر ملیـان راگیردەبوو، چاویان قولّ و دەمیان كراوەوەو هەناسە برِكێیـان پێكـەوتبوو، بۆ نیشیان وەك بۆنی لاشەی مردوو بۆگەن و ناخۆش بو.

بەهیە بەناوی ئەو جەسـتانەدا رێگـەی بـرِی بـۆ ئـەوەی بـە دكتـۆر فـەوزی بگات. لێرەدا وشەی برِی راست نییە، لەراسـتیدا ئـەو بـەر هـەر جەسـتەیەك دەكەوت بەم لاولادا دەكەوت ، یان خۆی دەدایە پالّ دیوارەكە، یان دەكەوت بەسـەر جەسـتەی یـەكێكی دیكـەداو، چـاوە زەردهەلّگـەرِاوەكانی ئـەو نەخۆشانە بەگران دەجولاّنو سەیری ئـەویان دەكرد، وەك ئـەوەی لـە دوای هەورەوە بن، یان لە جیهانێكی دیكەدا بن، بەگێلیەك كە لـە گێلـی لـە هـۆش خۆ چون دەچێت دەزانـن كەلـە ریزەكـەدا وەسـتاون. دكتـۆر فـەوزی بینـی لەپێشەوەی ریزەكەدا دانیشتبووو، دەنگدەرە كانزاییەكـەی لـە ملـدا بـو كـە لەپەتی قەنارە دەچوو، قەلّەمەكەش لەدەستیدا بەسەر كاغەزەكەدا دەهـات كە ناوی تێكەلّەكانی وەك( رواندو سۆدە و ئاسنو زەرنیخ) یـان دەنوسـیو، ئـارەقێكی زۆریـش لەناوچـەوانیەوە دەهـاتو، دەنگیـشی لـەنێوان هەناسـە برِكێو، پژمەو كۆكـەی نەخۆشـەكانەوە دەهـات كـە دەیـوت، هەناسـە بـدە، هەناسە مەدە، بلّێ ئاه، بلّێ یەك دوو سێ چوار ! دەستت درێژبكە ! قاچـت درێژبكـە ! خـۆت رابگـرە. دكتـۆر فـەوزی بەهیـەی بینـی كـە راوەسـتاوە، كورسیەكەی جێهێشتو بەزەردەخەنەوە بەرەو لای هات.

–چۆنی بەهیە... دەمویست پەیوەنـدیت پێـوە بكـەن بـۆ ئـەوەی هـەوالّت بزانم، بەلاّم ناونیشانتم نەدەزانی... ئایا تۆ باشیت؟

بەهیە بە دەنگێكی هێمنەوە وتی: نەخێر





چاوەكانیان لە ساتێكی بی دەنگی دورودرێژدا بەیەك گەیشتن.

پاشان بەهیە پرسیاری لە دكتۆر فەوزی كرد: سەلیم چۆنە؟

وتی: لەبەندینخانەی میسرەوە گوێزایانەوە بۆ بەندینخانەی تەررە.

پرسیاری كرد: ئایا سەردانی هەیە؟

وتی: قەدەغەیە هەتا بۆ دایكشی .

بەهیە وتی: بیستومە هەندێك خوێندكاریان بەرەلّلا كردوە.

وتی: لەوانەیە، بەلاّم یەكێكی وەك سەلیم لە كاتی ئێستادا نایەتە دەرەوە.

وتی: ئەی كەی دێنە دەرەوە؟

وتی: كەس نازانێت، لەوانەیە چەند سالّێك بخایەنێت.

هاواریكرد: چەند سالّێك؟!

بەماتەمینیەوە وتی: سالاّنێكی دورودرێژ كەس نازانێت چەندە.

بەهیە بەدەستێكی لەرزیوەوە تەوقەی لەگەلّ دكتۆر فەوزیدا كـردو بـەرەو شەقامەكە رۆیشت. خەلّكی بینی كە وەك هەر رۆژێكـی ئاسـایی بـەرەو كـارو بەرەو مالّـەكانیان دەرِۆن. وەك ئـەوەی كـە هـیچ شـتێك روی نـەدابێت، وەك ئەوەی هیچ شتێكی ترسناك روی نـەدابێت. لەگـەلّ ئـەوەی كـە ترسـناكترین شـت رویـدا، ترسـناكترین شـت كەلەوانەیـە روبـدا رویـدا، كـەس نازانێـتو، كەسـیش بـە خەیالّیـدا نایـەت، بەهیـە وەك كەسـێكی سـەر لێـشێواو بەشـەقامەكەدا رۆیـشتو، كاتێـك گەیـشتە لای دیـواری كولێجەكـە لـە پەنجەرەكانەوە قوتابیەكانی بینی كەبەسەر لاشە مردوەكانـدا شـۆرِببونەوە. وەك چـۆن لـە هـەر رۆژێكـی ئاسـاییدا دەیـانبینی، وەك ئـەوەی هـیچ روی نەدابێت. لە رقدا دانەكانی لەیـەك ئـالّ كـردەوەو، پێكـانی كێـشا بەزەویـدا،

چەند ناشرینە ژیانی ئاسایی دوای ئەو روداوە مەزنە، چەند ناخۆش بەردەوام بونی ژیانی بێ بایەخانەو، ئاسمان هەر بە هەڵواسراوی لەسەرەوە دەمێنێتەوەو، زەوی هەر بەدرێژایی لەژێرەوە دەمێنێتەوەو، هەورەکان بە جوڵە ئاساییە بێ لایەنەکەیان دەجوڵێن‌و، خەڵکیش بەشەقامەکاندا بەرێشتنە رۆژانەییە بێ بایەخەکەیان دەڕۆن، بۆچی ئەم گاڵتەپێکردنە ناوەستێت، جارێکی دیکە پێی کێشا بەزەویدا بۆچی ئەو جوڵە بێ بایەخە لە جوڵە لەناو بەرەکەی ناکەوێت، بۆچی خەڵکی بۆ ساتێك ناوەستن‌و، سەریان بەرزکەنەوەو ئەو زنجیرە ئاسنە ببینن کە لەملیان ئاڵاوە؟

بەهیە!

لەدواوە گوێی لە دەنگێك بو راچڵەکی. دەمو چاوێکی بینی لە ئۆتۆمبیلێکی درێژی رەشەوە کەلە ئۆتۆمبیلی پولیس دەچو سەری دەرهێنا. یەکسەر ناسیەوە دکتۆر عەلوییە. کە بەخێرایی لە ئۆتۆمبیلەکە هاتە خوارەوەو بەرەو روی ئەو هات. بەپەرۆشیەوە پرسیاری لێکرد:

—بەهیە! ئەو هەموو ماوەیە لە کوێ بویت؟

وەڵامی نەدایەوە و بێ دەنگ بوو.

دکتۆر عەلوی دەستی بەهیەی بەرەو ئۆتۆمبیلەکە راکێشاو پێی وت:

—وەرە لە گەڵمدا.دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم. کات نیوەڕۆ بوو، تیشکی خۆرەکە بەهێزبو لەپەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە دەهاتە ژورەوەو بەهیە هەستی بە گەرمیەی دەکرد لەسەر قوڵی، لەدڵی خۆیدا دەیوت((چەند ساڵێکی دورودرێژ کەس نازانێت چەندە)). چاوەکانی بە تێڕوانینێکی خەیاڵ رۆیشتوی بێ ئاگایانە لە جەنجاڵیەکی بێ سنوردا بەرەو ئاسمان





بەرزکردەوە، ئەم کاتە دیاریکراو نییە، ناسراو نییە، وەك تەمەنمان، ئەو رۆژە نازانین کە تیایدا دەمرین‌و، بە رێگەیەکی ساناییەوە دەزانین کە ئەو رۆژە هەرگیز نایەت، یان بەسانایەکی زیاترەوە هەست دەکەین کە لە هەموو سات و لە هەموو کاتێکدا دێت.ئەو نەهامەتیە نادیاریکراوەو، ناکۆتایە، تیایدا دەژین‌و، وەك کۆڵێکە قورسی هەتا هەتایی بەسەر شانمانەوە.

ئەگەر دکتۆر فەوزی پێی بوتایە کە سەلیم پاش پێنج یان دە یان بیست ساڵی دیکە دێتە دەرەوە. لەوانەیە ئەو نەهامەتیە سوك ببوایە. لەوانەیە بەرگەی بگرتایە. چاوەڕوانی لە توانادایە ئەگەر بێتو کاتەکەی دیاریکراو بێت، کۆتاییەکەی دەزانینو، دەوانین بە نوکی قەڵەم دیاری بکەین، بەڵام ئەگەر لەنێوان دوو هێڵی تەریبدا بژین کەبەیەك ناگەن، یان لەنێوان دوو شەویلاکدا بین نەزانین کە کەی دادەخرێن، ئەمەیە کلۆڵیمان‌و، نهێنی خەمو پەژارە قوڵەکە لەکاتی خۆشیەکانمانداو، نهێنی شادی بێ بایەخمان لەکاتی پەژارەکانماندا. دەزانین کە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین‌و، ئێمە لە چنگی دەستەڵاتێکی دیکەداین نەك دەستەڵاتی خۆمان‌و، بێگومان و لەساتێکی داهاتودا لەناومان دەبات نازانین کە کاتێك ئۆتۆمبیلەکە بەزۆرترین خێرایی دەرۆیشت بەهیە هەستی کرد کە لەچنگی چارەنوسدایەو، یەك لادان لە ئۆتۆمبیلەکە دەیکاتە لاشەیەکی لەتو پەت لەبنی گۆمدا، ئاوڕی دایەوە بەلای دکتۆر عەلویدا بۆی دەرکەوت کەلە چنکی چارەنوسدا نییە، بەڵکو لەچنگی ئەو دوو دەستە گەورەیەدایە کە ئۆتۆمبیلەکە لێدەخوڕن‌و، یەك جوڵە لەودوو دەستەوە بەسە بۆ ئەوەی ئەو لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکەدا وردوخاش بکات. هەستێکی نامۆی بێ بایەخانەی پێداهاتو، لەپڕێکدا ئۆتۆمبیلەکە

لایداو خەریك بو بەر ئۆتۆمبیلێکی دیکە بکەوێت کە چی ئەو دانەچڵەکی. بێ بایەخانەی راستەقینە ئەوەیە کە کاتێك مرۆڤ گاڵتەجاری ژیانە خۆنەویستەکەی خۆیو، گاڵتەجاری مردنە کات نادیاریکراوەکەیو، گاڵتەجاری بەستنەوەی بە زنجیرەکانەوە بزانێت تا کۆتاییەکی نادیاریکراو بێ بایەخانەی راستەقینە ئەوەیە کاتێك کە مرۆڤ لە مردنەکەی خۆی دڵنیا ببێتەوە لە هەر ساتێکدا کەواتە بۆچی ئەم ساتە نەبێت؟

گوێی لەدەنگی دکتۆر عەلوی بو دەیوت:

–دەمەوێت ئەمڕۆ نانی نیوەڕۆ لەگەڵ تۆدا بخۆم، ئایا رازی دەبیت؟

ئەم قسەیەی زۆر بەرەوشت و زۆر بە دوودڵیەوە کرد بۆیە بەهیە سەری سوڕما. ئەگەر لەوساتەدا پێی بووتایە( دەمەوێت فرێت بدەمە بنی نیلەوە ئایا رازی دەبیت؟)

ئەوا پێی دەوت بەڵێ رازیم. بەڵام تەنها بۆ نانی نیوەڕۆ بانگێشی بکات.

بەلایەوە بانگێشکردن بۆ نانی نیوەڕۆ لەتەك بانگێش کردنیدا بۆ مردن هیچە و بێ مانایە بۆیە بە دەنگێکی ساردەوە وتی:

–رازیم

دکتۆر عەلوی ئۆتۆمبیلەکەی بەرێگەیەکی دورودرێژدا لێ خوڕی کە هەمووی سێبەری درەخت بو. بەهیە تەنها چەند بەشێکی کەمی قاهیرەی دەزانی، بۆیە وا هەستیکرد لە شوێنێکدایە کە لەوەو پێش نەیبینیوە. بەڵام پرسیاری نەکردو. هەر بە بێ دەنگی مایەوە، خۆی دایە دەست ئەو هەستە خۆشەی بێ بایەخدان ، گوێی لە دکتۆر عەلوی بو وتی:

–بۆچی وازت لە کۆلێج هێنا؟





بەدەنگێکی گاڵتەپێکردنەوەو وتی:

–دایانم بەشوو

دکتۆر عەلوی پێکەنی و دەستی درێژکردو دەستی بەهیەی گرت:

–ئایا نوکتەیە؟

وتی:نوکتە نییە ئەوە راستییە.

چاوەکانی بەسەرسوڕمانێکی دەستکردەوە کرانەوە:

–ئەی چیت لە زاوا کرد؟

بەهێمنیەوە وتی: رام کرد

دکتۆر عەلوی جارێکی دیکە پێکەنی وتی:

لەماڵە مێردا داوات دەکات.

بەهیە پێکەنی و دەمو چاوی بەلای خۆرەکەدا جوڵاند. دکتۆر عەلوی چاوە رەشەکانی بەهیەی بینی بڵندبونو، لوتی بەرزوتیژو، لێوەکانی کرۆژتبون.

پرسیاری لێکرد:

–ئەی چۆن دەژیت؟

قژە کورتە پەرش بوەکەی راوەشاندو وتی:

–ئیش دەکەم و دەژیم.

وتی: لەهەموو شوێنێکدا بە دواتا دەگەڕێن.

بەمتمانەوە وتی : نامدۆزنەوە.

وتی: خۆشاردنەوە لەشارێکی وەك قاهیرەدا کارێکی گرانەو، ئەوان چاوی زۆریان هەیەو، هەموو دەستەڵاتەکان دژی تۆن.

بەهیە بە نیگایەکی ئاگادارەوە سەیری شەقامەکەی کردو، بەدوو چاوی

پشکنەرەوە رویکردە دکتۆر عەلوی‌و وتی:

—هەروەها تۆش دژی منیت، وا نییە؟

زەردەخەنەگرتی‌و وتی: لەوانەیە دژی تۆ بومایە، بەڵام من تۆم خۆش دەوێت.

ئەو وشەیە نامۆیانە لە گوێی بەهیەدا زرنگایەوە (خۆشم دەوێیت)، لێوەکانی کرانەوە بۆ ئەوەی پرسیار بکات(مانای چییە؟) بەڵام لێوەکانی بە بێ دەنگی داخستەوە.

ئۆتۆمبیلەکە لەبەردەم خانویەکی بچوکدا وەستا کە چواردەوری باخ بو. دکتۆر عەلوی کلیلەکەی لە گیرفانی هێنایە دەرەوەو دەرگاکەی کردەوە. بەهیە چوە هۆلێکی گەورەوە کە دیوارەکانی بە کاغەزی رەنگاو رەنگ داپۆشرابونو، پەردەکانی پەمەیی بونو، ئاگردانێك کە پەیکەری ژنێکی قولە رەشی روتی لەسەر بووو، تابلۆی ئافرەتێکی روتی راکشاو بە دیوارەکەوە بو بەچوار دەوری خۆیدا بەسەر سورمانەوە ئاوڕی دایەوە.

دکتۆر عەلوی زەردەخەنەگرتی‌و وتی:

—بەدرێژایی رۆژ لە کۆلێج و لە خەستەخانەو لە لێنۆرگە رەنج دەدەم لەپێناوی چەند ساتێکی بەختیاریدا لەم ماڵەمدا.چاکەتەکەی داکەنی بۆنی پارەی کاغەز لە گیرفانی ناوەوەی دەهات، وەك بۆنی خەستەخانەوابو، تێکەڵەیەك لە خوێنو ئارەق و هەناسە بڕکێی نەخۆشەکان. بەهیە سەری بەلاکەی دیکەدا جوڵاند، دکتۆر عەلوی پەرداخێك لەشەرابی دایە بەهیە و وتی:

—ئەمە شەرابێکی میسریە پێی دەڵێن(عومەر ئەلخەیام). ئەمە باشترین





شەرابە لە جیهاندا. رات چییە؟

بەهیە بە دەنگێکی ساردەوە وتی:

—نازانم، من نەشەرابی میسری و نەهیچ شەرابێکی دیکەم تام نەکردوە.

دکتۆر عەلوی سەیری چاوە رەشە غەمبارەکانی بەهیەی کردو وتی:

—من فەلسەفەیەکی تایبەتیم هەیە لە ژیاندا، ئەویش کە رۆژ بەرۆژ بژیم، بیر لە دوێنێ و لە سبەینێ نەکەمەوە. پێویستە تۆش وەك من بکەیت.

بەهێمنیەوە وتی:

—من فەلسەفەیەکی دیکەم هەیە لە ژیاندا.

بەدەنگێکی بەرز پێکەنی:

ژنی جوان پێویستی بە فەلسەفە نییە.

بەهیە پێنەکەنی. دکتۆر عەلوی دەستی درێژکردو دەستی بەهیەی گرتو لێستیەوە:

—بەهیە من تۆم خۆش دەوێت، ئایا مانای خۆشەویستی نازانیت؟

بەدەنگێکی ئاشکراوە وتی:نەخێر

دکتۆر عەلوی باوەشیکرد بە بەهیەداو سنگی نوساند بە سنگیەوە، هەستیکرد لێدانەکانی دڵی بەهیە خێرانو، بەدەستی چەپی هەردوو دەستی بەهیەی گرتو بە دەستی راستی دەستی کرد بە کردنەوەی قۆپچەکانی کراسەکەی بەهیە. بەهیە بەپێ بە هێزەکەی پاڵی بەدکتۆر عەلویەوە ناو فرێی دایەو سەر زەوی.

دکتۆر عەلوی هەستایەوەو بەسەرسورمانەوە سەیری بەهیەی دەکرد. سەرسوڕمانەکەی بەهیە زیاتربو. دکتۆر عەلوی لەسەر کورسیەك لە تەنیشت

ئاگردانەكەوە دانیشتو ساتێك بێ دەنگ بوو پاشان وتی:

—لەوە دەچێت من هەڵەبم. وام دەزانی تۆ منت خۆشدەوێت.

بەهیە بەسەرسوڕمانەوە وەڵامیدایەوە.

—لەكوێوە ئەو هەستەت بۆ هات؟

بەشێوە زمانی مامۆستاوە وتی:

—من لەژن تێدەگەم.

پرسیاری كرد: بە چ ئەقڵێك لێی تێدەگەیت؟ بەپەنجەی ئاماژەی بۆ سەری كردو بەزەردەخەنەوە وتی:

—پیاو یەك ئەقڵی هەیە لەسەریدایە. ئەوەم فێر نەكردیت لە توێكارگەدا؟

بەدەنگێكی گاڵتەپێكردنەوە وەڵامیدایەوە .

—توێكارگە شتێكەو راستیش شتێكی دیكەیە.

وتی: راستی چییە؟

وتی: ئەقڵی پیاو لە سەریدا نییە.

پرسیاری لێكرد: ئەی لە كوێدایە؟

بــە جوامێرانــەوە وەڵامیدایــەوە: لــەنێوان قاچــەكانیدایە چــاكەتەكەی لەبەركردو وتی:

—تۆ كچێكی سروشتی نیت.

بەزەردەخەنەوە وتی

—تۆش پیاوێكی ئاسایی نیت.

بەهیە بەشـانازیەوە پێـی دەكێـشا بەزەویـدا (كـچێكی ناسروشـتی)، كـچی سروشـتی لەدیـدەی ئەوانــەوە چـییە؟ ئەوەیــە كــە بــەدوو چـاوی شـۆڕەوە





سەیردەكات، ئەوەی بەدوو قاچی بەیەكەوە نوساوەوە دەڕوات، گوێرایـەڵ و بــێ دەســتەڵاتە، ئەندامــە سێكــسیەكانی بــڕاوە، ئارایــشت دەكــات و بــۆ نەخۆشەكان بەكاردێنێت، شەو رۆژ گوێ لە گۆرانی دەگرێتو سەیری فلیمـی سێكـسی دەكـاتو لێیــان تێربــوەو، چــیرۆكەكانی دڵــداری و خۆشەویــستی بەباشی لەبەرەو، دەستەوسانە لەوەی كە ئـەزمونێكی خۆشەویـستی بكـات، پاكو بێگەردو پاكیزەیەو بەدرێژایی تەمەنی سـەقاڵی پەخـشكردنەوەی قـژی و سەرنج راكێشانی نێرە.

بەهەنگاوە بڵاوە خێراكانی رۆیشت، بەلای راستو چەپدا ئاوڕی دەدایـەوە. دەموچاوی خەڵكەكەی دەپشكنی. شەقامەكەیان قەڵەباڵغ كردبو.

دەمو چاوی هەمویان لێكدەچوو، جوڵەیان لێكدەچو، دەنگیـان لێكدەچـو، چاوەكانیشیان كەسە یری ئەویان پێدەكرد نەیاندە بینی. وا هەستی دەكـرد لە دەریایەكدا نقوم دەبێت بێ ئـەوەی كـەس بیبینێـتو، بـێ ئـەوەی كـەس بیناسێتەوەو، دەموچاویشی وەك دەمو چاوی عەلیە یان زەكیە یان نەجیبە یان ئیڤۆنی لێهاتوە.

بەبێ ئاگایانە بەرەو شەقامی ئەلموقەتەم رۆیـشت، چـاوەكانی لـە زەوی و درەختەكانو ئاسماندا بەدوای دوچاودا دەگەڕان كە توانـای بینینـی ئـەویان هەیە، بەدوای ئەو دەموچاوە باریكە روخـسار مانـدوە دادەگـەڕا كـە هـەموو خەم پەژارەی مرۆڤایەتی هەڵگرتوە، بەدەنگێكی بەرز هاواریكرد:( سـەلیم!) بەڵام شاخەكە دەنگو دەنگدانەوەكەی قوتدا.

جارێكی دیكە بـە دەنگێكـی بـەرز هـاواریكردەوە(سـەلیم!) كـەس وەڵامـی نەدایەوە، بەڵام ئاوڕی نەدایەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتـەوە. دەیزانـی كـە سـەلیم

بونی هەیە وەك ئاسمانو هەواو خۆرو مانگو ئەستێرەكان. دیاردەیەكە لە دیاردەكانی گەردون. وەك هەوا هەموو كاتێك هەڵی دەمژێتو، هەست بە دەست لێدانی لەسەر جەستەی دەكات كاتێك كە دەڕوات یان دانیشتوە یان نوستوەو كاتێك كە سەیری ئاسمان دەكات لەشینیەكەیدا چاوەكانی سەلیم دەبینێتو، لەهەموو كەوانێكی بەرزی تیژدا لوتی ئەو دەبینێتو، لەهەموو هەنگاوێكدا كەبەسەر زەویدا دەینێت گوێ بیستی تەپەی پێكانی ئەو دەبێت. خەریك بوو ئاوڕبداتەوە بۆ ئەوەی ئەو ببینێت بەڵام ئاوری نەدایەوە. دەیزانی كەلەوێ نییەو، لە ئاسمانیشدا نییەو، زەویش هیچ مرۆڤێكی تێدا نییەو، گەردونیش بۆشە وەك سندوقێكی بەتاڵ، كە بەبادەركێشێكی خەیاڵی هەواكەی ناوی بەتاڵ كراوەتەوە. بەهیە ! دەنگی سەلیم لەدوایەوە زرنگایەوە داچڵەكی كەسی نەبینی. بەقایمی تەكانی دایە خۆی. لەم جوڵە بەهێزەدا دەیزانی كە بۆ لای سەلیم دەچێتو، ژیانی بەخت دەكات لەپێناوی ئەوەی بۆلای ئەو بچێتو، هیچ شتێك لەیەكیان جیاناكاتەوە، نە مردنو نە گوللەی فیشەك و نە لەبەر رۆیشتنی خوێنو، نەچەقۆی تیژ كە گۆشت دەبڕێتو، نەدەرگای ئاسنی بەرزو نەقفڵیش.

بەچەند هەنگاوێكی خێراو بڵاو رۆیشت وەك ئەوەی ئامانجی خۆی بزانێت. بەڵام پاش چەند ساتێك وەستا. نەیدەزانی بۆ كوێ دەڕوات. لەپڕدا بەچواردەوری خۆیدا ئاوڕی دایەوە سەری باوكی لەپشت پەنجەرەی تەكسیەكەوە بینی، كە سەری مامی لەتەنیشتیەوە بوو، سەری سێیەم كە نامۆبو لە تەمێكی چڕدا لەبەردەمیدا دەركەوتن، شەوی بوكێنی یەكەی بیركەوتەوە، بەهەناسەبڕكێوە خۆی لە پشت دیوارێكەوە حەشاردا.





تەكسیەكە كە هەر سێ سەرەكەی تێدابوو لەنێوان دەریای ئوتۆمبیلەكاندا تێپەڕبو و جەنجاڵیەكە قوتیدا. لەپشت دیوارەكەوە هاتەدەرەوەو بە قاچە بەهێزە توندو تۆڵەكانی بەشەقامەكەدا رۆیشت. تەپەی پێكانی لە گوێكانیدا دەناسێتەوە، پێ بەدوای پێدا، دەكێشێت بەزەویداو، بەرەنگاری زەوی دەبێتەوە، پێیەكی بۆ سەرەوە بەرزدەكاتەوەو پاشان دەكەوێتە سەر زەوی، وەك ئەوەی كە زەویەكە ببڕێتو، بەرەنگاری هەموو جیهان ببێتەوە لە چواردەوریدا، ئەوەی لێی نزیك بێتەوە لەقەی لێدەداتو، ئەوەی دەستی بەریبكەوێت یان هەواكەی دەوروپشتی بجوڵێنێت دەتوانێت پەنجەكانی بكات بەچاویداو، ئەو كەسەی لەرێگەیدا بوەستێتەوە دەتوانێت سكی بە چەقۆ بدڕێت و بیكوژێت. بەڵێ دەیكوژێت. لەوساتەدا دەیتوانی هەر تاوانێكی كوشتن ئەنجام بدات، بەڵكو هیچ شتێك ئەو ئاگرە بڵێسە دارەی ناخی ناكوژێنێتەوە تەنها تاوانی كوشتن نەبێت.

كاتژمێر سێی سەر لەبەیانییە، ئەو كاتژمێرەی كە پێش دەركەوتنی یەكەم هێڵی بەرەبەیان دەكەوێتو، تاریكی باڵی كێشا بو بەسەر كۆڵانە قوڕینە تەسكەكانداو، خانوە كۆنە بەیەكدانوساوەكان كە وەك پەیكەری جەستەی نەخۆشەكان بەپاڵ یەكەوە بوون، هەناسەكانی گەڕەكی (ئەلدراسە)ی قەڵەباڵغ لە ژورە تەسكەكاندا لەدرزی پەنجەرەكانەوە دەهاتن كە گەرم بون و بۆنی خۆڵی شاخ و بۆنی ئارەق و پیازو سیرو ماسی برژاویان لێدەهات، ئەو گەڕەكەی كە بەرۆژ وەك خانەیەكی هەنگ وایە ئێستا لەشیرین خەودایە، نوستنی جەستە ماندوە تێك شكاوەكان كە لە مردن دەچێتو، ئەو

بێدەنگیەش جار بە جارێك وەڕەوەڕی سەگ، یان گریانی منداڵێکی ساوا، یان میاوە میاوەی پشیلەیەك دەیبڕێت. لەو کاتژمێرەدا جوڵە لەناو ژوری ژێر زەمینەکەی خانوە کۆنەکەدا زۆر بوو جمەی دەهاتو، دوگمەی چاپەمەنیە بچوکەکە پیتە ڕەشەکانی لەسەر لاپەڕە سپیەکە دەنوسیو، کاتێك لاپەڕەکە پرشدە بوەوە هەڵدەگێڕدرایەوەو دوگمەکە کاغەزێکی نوێی رادەکێشا، کە خێرا بەدێڕە ڕەشەکان پڕدەبوەوەو، خێرا هەڵدەگێڕدرایەوە و لاپەڕەیەکی سپی نوێ جێی دەگرتەوە، هەر سێ دەمو چاوە باریکەکە ماندو ڕەنگ زەردهەڵگەڕاو بونو، هەر شەش چاویان سەیری جوڵە بازنەییەکەی لاپەڕەکانیان دەکرد، لەنێوان ئەو لاپەڕانەدا دوو چاوی ڕەش بۆ سەرەوە بەرزبونەوە، کە بەرزیەکەیان زانراوەو، ڕەشیەکەیان زۆرەو، لوت بەرز و تیژە و گەردون دەکات بەدوو بەشەوەو، لێوەکانیش بە تورەیی و سوربون کرۆژراون.بەهیە! دەنگەکە لە گوێکانیدا دەزرنگێتەوە، بە چواردەوریدا ئاوڕدەداتەوەو، ڕەئوف دەبینێت کە لاپەرەکان لەناو جانتا چەرمەکەدا سەفتەدەکاتو، فەوزیش چاپەمەنیەکە دەخاتە ناو چاڵێکەوە لە زەمینەی ژورەکەداو، چاڵەکە بەچەند لەوحەیەکی تەختە دادەپۆشێتو زەویەکە وەك خۆی ئاسۆیی و تەخت دەبێتەوە، لەو بێدەنگیەدا جیڕەی دەرگا بچوکەکە دێت کە دەکرێتەوەو، هەرسێ جەستەکەی، یەك لە دوای یەك لێدێتە دەرەوە، کە بەهیە لەناویاندا ناناسرێتەوە، تاریکیەکە دەمو چاوەکان دەشارێتەوەو، روخسارەکانی لەش لەتاریکیدا لێکدەچن، قاچەکانی بەهیە لەناو پانتۆڵەکەدا ماسولکەکانی بەهێزو پتەونو، جانتایەکی چەرمی هەلئاوساو لەدەستی راستیەوە شۆڕبۆتەوە. لە گۆڕەپانە





بچوکەکەدا ڕەئوف بەلای راستدا لادەداتو لە شەقامە تاریکەکەدا ون دەبێتو، فەوزی بەردەوامە لەسەر ڕۆیشتنو بەرەو گۆڕەپانە گەورەکە دەڕوات، بەڵام بەهیە بە هەنگاوە بڵاوە خێراکانی بەرەو ئەو پاسە دەڕوات کە لە ویستگەکەدا راوەستاوە، سنگی بەرزو نزم  دەبێتەوەو، هەناسە بڕکێی پێدەکەوێتو، جانتا چەرمە هەڵئاوساوەکە لەسەر سنگیەتی، کە بەقۆڵەکانی باوەشی پێداکردوە وەك قوڵەکانی دایکێك کە باوەش بە منداڵەکەیدا دەکاتو، لە ویستگەکە دادەبەزێتو،ئامانجی خۆی دەزانێتو، دەشزانێت لە کوێدا پیتە ئاگراویەکانی لاپەڕەکان فڕێ بدات بەسەر سەری خەڵکەکاندا، ئەی خەڵکینە هەڵسن لەخەو، پەنجەرەکان بکەنەوەو، چاوتان بکەنەوە و سەیری ئەو زنجیرانە بکەن کە لە ملتان ئاڵاوەو ئەقڵو هۆش پەیدا بکەنو بزانن کە ئارەقی ناوچەوانتان بەتاڵان دەبرێتو، کشتوکاڵەکەتان دەدزرێتو، گۆشتەکەتان دەخورێتو هیچتان بۆ نامێنێتەوە ئێسکەکانتان نەبێت، کە وەك چەند پەیکەرێکی گەورە لە ریزەکاندا راوەستاونو، پاڵپشتی یەکتری دەکەنو، هەناسەکان کۆکەیەکی بچڕبچڕ دەیبڕێتو، خوێنی سور لە برینێکی قوڵی ناو سنگەوە دێتە دەرەوە.

بەهیە پیت و وشەکانی سەر لاپەڕەکان دەدات بەسەر دەمو چاوەکاندا و بەجانتا بەتاڵەکەوە دەگەڕێتەوە، ئەو بارەی سەرشانی سوك بوە، وەك چۆلەکەیەك بەسەر زەویدا باز دەداتو، لەبەر خۆیەوە گۆرانیەکی کۆن دەڵێتەوەو بە جوڵەی ئەو منداڵە دڵخۆشانەی لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە جانتا بەتاڵەکەی رادەوەشێنێتو، بەئاسماندا هەڵی دەدات، پاشان بە هەردوو دەستی دەیگرێتەوە،ئەو پیاوە دەبینێت کە بەدوچاوە

سیخوڕیكەرەكانیەوە بەرۆیشتنە ئاگادارەكەیەوە بەرەو روی دێت، ئەویش بەلاچاو سەیری دەكاتو، كاتێك هەست دەكات كە بەدواوەیەتی دەچێتە رێگایەكی دیكەوەو، خۆی لێ ون دەكات پاشان دێتە دەرەوە بۆ شەقامە گەورەكە، قەڵەباڵغیەكە وەك زەریایەك قوتی دەداتو، بەشەقامەكەدا بەدووچاوە بڵندكراوەكانی دەڕواتو، سەیری خەڵكی دەكات كە بەئاشی ژیانی رۆژانەیاندا دەسوڕێنەوە لەپێناوی پارویەك نانداو، ترامەكە بە پلیكانە لێژەكەیەوە لەژێر جەستەكاندا لەتاو قورساییان جیڕە جیڕەی دێتو، تایە ئاسنەكانی دەخولێنەوەو دەمیان كردۆتەوە بۆ هەر قاچێك كە بكەوێتە خوارەوەو، لەسەر شۆستەكە پیرەژنێكی كوێر دانیشتوەو دەستی بۆ پێشەوە درێژكردوەو، منداڵانیش بەچاوە زەردەكانیانەوە سەیری جیهان دەكەنو دەمیان كراوەتەوە بۆ هەر پارویەك كە بكەوێتە خوارەوەو لە پەنجەرەی ترام و پاسەكەوە سەرە لێكچوەكانو، ئەو ملانەی كە بە بۆینباخەكان خنكێنراونو هەروەها چاوە زەقە تۆقیوەكان دەبینێتو، گوێی لە ورتە ورتی ئایات ئەلكورسی و سورەتی ئەلنەفاساتو فی ئەلموقەد دەبێت. جاربەجاریش ئوتۆمبیلێكی درێژی رەش وەك ئوتۆمبیلی پۆلیس تێپەڕدەبێتو لەپشت شوشە بریقەدارەكەیەوە دەموچاوە قەڵەوە گۆشتنەكان بەچاوە تەسكە بزەكانیانەوە دەبینێت.

كاتێك كە تاریكی دادێت بەهەنگاوە بڵاوە خێراكانی دەگەڕێتەوە بۆژورە بچوكەكەی لەسەر سەربان، گوێی لە دەنگی هەناسە بڕكێی خۆی دەبێت كە وەك گریانێكی بچڕبچڕوایەو، دەزولەی ئارەق بەسەردەمو چاوو بن باخەڵیدا دێت، دەرگاكە لەدوای خۆیەوە بە شیشێكی ئاسن دادەخاتو، پەنجەرەكان





بەباشی دادەخاتو، لەسەر جێگە نوستنە ساجە بچوكەكەی رادەكشێتو، سەیری تاریكیەكە دەكان. دەموچاوە باریكە ماندوەكەی دێتەوە بەرچاو،كە دوچاوی رەشی شین باویان هەیەو دەتوانن ئەمی پێ ببینن، بەدەنگێكی هێواشەوە بانگ دەكات( سەلیم) بەڵام كەس وەڵام ناداتەوە، دەزانێت كە هەر خۆی بە تەنیایە هەڵدەستێت و تابلۆكە لەژێر جێگەكەوە رادەكێشێت، دەیداتە پاڵ دیوارەكە پەنجەكانی لەفڵچەكە دەئاڵێنێتو پەستانی دەخاتەسەر، هەست دەكات كە پەستان خستنە سەر تامێكی نائاشكرای هەیە لە پەنجەكانیەوە بۆ قۆڵیو بۆ ملی و بۆسەری دەڕوات وەك تەزویەكی كارەبایی بەوایەرێكی راكێشراودا بڕوات. هەر كەسێك لەو ساتەدا بیبینێت كە لەتاریكیدا دانیشتوە سەرسام دەبێت. ماسولكەكانی جەستەی رەقن وەك یەكێك لە خاچ درابێتو، چاوە رەشەكانی لەسەر هێڵەكانی جێگیرنو، سەری لەسەر ملی جێگیرەو، قۆڵی جێگیرەو، پەنجەكانی دەوری فڵچەكە جێگیرنو، قاچو پێكانی وەك پەیكەرێكی لە گرانیت دروست كراو راگیرن.

چەند لە كات تێپەڕدەبێت ئەو هەر بەوشێوەیە دەمێنێتەوە. كەس نازانێت، لەوانەیە شەو رابوێرێتو ئەو هەر بەدانیشتنەوە بمێنێتەوەو نەجولێتو یەك هێڵ لەسەر تابلۆكە نەكێشێت، بەڵام چاوەكانی لەسەر هێڵەكانی لانابات، جارێكی دیكە ژیانی دەژیو، ساتەكانی تەمەنی دەبینێت كەسات بەدوای ساتدا وەك شریتێكی سینەمایی لەبەردەم چاوەكانیدا تێپەڕدەبێت.

نزیكی بەرەبەیان، دەستی درێژدەكات و فڵچەكە بەسەر تابلۆكەدا دێنێت، هێڵەكان دەگۆڕێت چەند ساتێكی دیكە لەژیانیدا دروستدەكات، چەند

ساتێكی نوێ كە بە خواستی خۆی دروستیان دەكات، بەو جوڵە خۆویستەی سەر لاپەڕەكان، بەهەر ئاڕاستەیەكو بە هەموو ئاڕاستەكان ، جوڵەیەكی بەهێزی سەربەست ، كە هەموو دەستەڵاتەكانی دیكەی پێ لەناودەباتو، بەدەستی خۆی هێڵەكانی ژیانیو، شێوەی روخساری دروست دەكات، والە چاوەكانی دەكات رەشتربنو، لوتی تیژترو بەرزتر بێتو، لێوەكانیشی بە توڕەیەكی زیاترو سوربونێكی زیاترەوە كرۆژرابن. كاتێك كە هەست بە ماندوێتی دەكات، جەستەی فڕێدەداتە سەر جێگەكەی لەسەر سیسەمە ساجەكەو پاڵ دەكەوێت. لەژێر تاقە بەتانیە شڕەكەدا هەڵدە لەرزێت، كەرایدەكێشێتو دەیدات بەسەریدا و لە دەوری قاچە تەزیوەكانی دەئاڵێنێتو، دانەكانی دەدات بەیەكدا، بەو دەنگە بچڕبچڕە هێواشەی كە لەجریوە جریوی زەرنەقوتەیەك دەچێت كە لەهێلانەی دایكیەوە كەوتۆتە خوارەوە بۆ سەر زەویەكەی روت كە بەخێرایی دوا هەناسەكانی هەڵدەكێشێتو، چاوە بچوكە فرمێسكاویەكانی بە نیگایەكی هەتیوانەی تۆقیوەوە لەتاریكیەكەدا دەبریسكێنەوە. فرمێسكێكی گەرم لە گۆشەی چاویەوە كەوتە سەرسەرینەكە، هەستی بەشێداریە گەرمەكەی كرد لەژێر رومەتیداو سەری لەژێر بەتانیەكەوە هێنایە دەرەوە بۆ ئەوەی دایكی ببینێت ، كە دەم وچاوی درێژو باریكە وەك دەمو چاوی خۆیو، چاوە رەشە گەورەكانی لە چاوەكانی خۆی دەچنو، هەروەها سنگی دایكی گەرمونەرمە. سەری خستە سنگی دایكیەوەو بۆنی دەكردو، لەجەستەیدا بۆ دەرچەیەك یان كونێك دەگەڕا كە جێی بكاتەوەو، دوور لە جیهان تیایدا بمێنێتەوە، دور لەو هێزانەی كە چاویان تێبڕیوە، وەك كۆرپەلەیەكی ئارام





تیایدا دەسرەوێت، سۆزێكی زۆر توندو سەیر بۆ دڵنیایی جەستەی رادەتەكێنێت، سۆزێك بۆ لول بون و خڕبونەوە لەناو منداڵداندا. لەناو دڵنیایی و ئارامیدا. لەناو سرەوتندا بەبێ دەنگو بەبێ جوڵە قۆڵە گەورەكانی دایكی بەهێزێكی سەیر باوەشیان پیاكردوەو، جارێكی دیكە رایدەكێشنو، بەهەموو هێزی هەوڵ دەدات هەردوو جەستەیان بكاتە یەك شت، بێ سودە، چونكە جیابونەوەی هەتاهەتایی لەساتێكی رابردودا رویداوە ناگەڕێتەوە.

بەهیە! دەنگەكە لە گوێكانیدا زرنگایەوە چاوەكانی كردەوە. كەسی نەبینیو، تیشكی خۆر لەشیشی پەنجەرە داخراوەكەی دەهاتەژورەوە.

گوێی لەو لێدانە هێواشانە بو كە هەموو بەیانیەك لە پشت دەرگاكەوە دەهات، پیرەمێردێكی بینی كە عەگالی بەسەرەوە بوو، چاوە خاكیەكانی رەشێنەكانیان لە سپێنەكانیاندا تواوبوەوە و، پەنجە ئەستورە بۆرەكانی لەدەوری تەزبیحێكی زەرد ئالابون كە بەخێرایی و بەرێكوپێكی وەك لەرزینێكی هەمیشەیی دەجولان، هەمان لەرزین لەسەر لێوە باریكە زەردەكانی بو، كە تەتەڵەیان دەكردو فسەفسی دەهات، بە چەند وشەیەكی بچڕبچڕو چەند پیتێك كە تەنها پیتی سینی بەدرێژكراوەیی لێدەبیسترا وەك فیكەیەك لەگەڵ هەناسە هەڵكێشانو هەناسەدانەوەدا. كاتێك كە بەهیەی بینی لێوە وشكهەڵاتووەكانی زیاتر كرانەوەو سەری ددانە زەردە داخوراوەكانی دەركەوتن، بەدەنگێكەوە كەلەفیشكەی مارێكی نوستو دەچو چرپاندی:

((ئایا هەستاویت لە خەو؟)).

بەهیە بە دەنگێكی بێزارەوە وەڵامی دایەوە : نەخێر.

دەرگاكەی داخست. گوێی لە دەنگی هەناسەی پیرەمێردەكە بو كەلەپشت دەرگاكەوە خیزەخیزی سنگی دەهاتو لەبەرخۆیەوە بۆڵە بۆڵی دەكرد، پیرەمێردێك بو  كە دوكەڵ سنگی دارزاندوەو، هەموو تەمەنی لەجێگادا لەگەڵ چوار ژنی ساردوسڕی پاكیزەدا بەسەر بردوە كە هەریەكە لەو ژنانە ژمارەیەك كوڕو كچیان بوە، نیوەیان مردون و نیوەكەی دیكەش ژنیان هێناوە یان شویان كردوەو، تەنهایەك پیرەژنی لەگەڵدا ماوەتەوەكە دەست بەدیوارەوە دەگرێت كاتێك كە دەڕواتو، چای  رەشی بۆ لێدەنێتو، لەئێوارادا قاوەی بۆ ئامادە دەكاتو، لەسەر جێگە تەختە شەقوشڕەكە لەپاڵیەوە دەنوێتو، ئەویش پەنجە ئەستورەكانی دەخاتە نێوان مەمكەدا كەوتوەكانیەوەو، جەستە لەڕو لاوازەكەیان لەرینەوەیەكی كەم دەلەرێنەوەو، هەناسە سارده بۆن خنكاوەكەیان گەرمیەكی كەمیان لێدەدات كە خێرا نامێنێت وەك غەرغەرەكردنی گیان كێشانو، وەك دوو لاشەی ساردو سڕیش لەسەر جێگە تەختە كۆنەكە بەجێیان دێڵێت. بەهیە بە كاغەز تابلۆكە دەپێچێتەوەو، بەجەستە رێكو باڵا بەرزەكەی و بەقاچە توندوتۆڵەكانی ناو پانتۆڵەكەی، لە دەرگایەكی تەختەی بچوك دێتەدەرەوەو، بەگەڕەكەكەدا دەڕوات، پێ بەدوای پێدا دەدات بەزەویدا و قاچەكانی بەدوریەكی بینراو لێك جیادەكاتەوە، چاوی پیاوانی گەرەكەكە لەناو دوكانەكانەوەو، هەروەها چاوی ژنەكانیش لەدەرچەی دەرگاو درزی پەنجەرەكانەوە لێی دەڕوانن، ژنە یان پیاوە؟ ئەگەر لەبەردوو مەمكە بچوكەكەی نەبوایە كە لەژێر بلوزەكەوە قوت بونەتەوە ئەوا سوێندیان دەخواردو دەیان وت پیاوە.





مادەم ژنە ئەوا سەیركردنی رێپێدراوەو، جەستەی بۆچاوە برسیە بێ بەشكراوەكان والایە، كە سەیری دەكەنو، فسكە فسكە دەكەن و یەكێكیان لەخۆی رادەبینێت و بەدەنگێكی ناسازەوە قاقایەكی قایم لێدەدات و، یەكێكی دیكەیان توانجی تێدەگرێتو قسەی ناشرینی پێدەڵێتو، منداڵانی گەرەكەكەش گورج دەبنەوەو بەدوایدا رادەكەن، قنیان بادەدەنو، لەبەردەمیدا سەما دەكەنو، كوڕەكانیشیان گونیان دەردێنن و پیشانی دەدەنو، یەكێكیان بەرد بەدوایدا فڕێدەداتو، یەكێكی دیكەیان دەستی دەخاتە دەمیەوەو فیكەیەكی دورودرێژ لێدەداتو، ئەو پیاوانەی كە لە چایخانەكەدا دانیشتون بە دەنگێكی گڕەوە قاقا لێدەدەنو بەدەستە زبرە قڵیشاوەكەیان كە لەزەوی دەچێت لە تینیۆتیدا  قڵیشابێت دەكێشن بەڕانی یەكترداو، ژنەكانیش لەپشت پەنجەرەكانەوە دەكێشن بەسنگە داكەوتوەكانیاندا و بەدەنگێكی زیقنی نوساوەوە هاواردەكەن ، سەیری ئەو ئافرەتە بێگانەیە بكەن:_

بەهیە رێگەكەی بەناوی ئەو تێڕوانین و غەڵبە غەڵبو توانجو قسە ناشرینانەدا دەبڕێتو، چاوە رەشەكانی بۆ سەرەوە بڵند دەكاتەوەو، بەتوڕەییەوە كە بەرەنگاری چارەنوس دەبێتەوە لێوەكانی خۆی دەگەزێتو، كاتێك كە جەستەی لەشەقامە گەورەكەدا وون دەبێتو دیار نامێنێت گەڕەكەكە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانە سروشتییەكەی خۆی، تەقەتەقی ئاسن لەدوكانی ئاسنگەرەكەوە بەرزدەبێتەوەو، تەقەتەقی پەرداخو تاوڵەی ناو چایخانەكەو، قیژەو هاواری منداڵ و كرِوكاڵ وشەڕی ژنەكان لەپشت درزی دەرگاو پەنجەرەكانەوەو، دەنگە گڕەكانی پیاوەكان كاتێك كە بە

گەورەترین باوەڕو بەسێ بەسێ تەلاق سوێند دەخۆن و، بۆنی ماسی برژاو فەلافل و کوسەری بڵاودەبێتەوەو، دەنکۆڵەکانی تەزبیحێك لەنێوان پەنجەکانی پیرەمێردێکدا سەمادەکەن، کە بەرماڵێك لەبەردەم پەنجەرەکەدا رادەخاتو، کاتێك سوجدە دەباتو دادەنەوێتەوە لەشی بەر خوری بەرماڵەکە دەکەوێت و حەزو ئارەزویەکی متکراو بەجەستەیدا دێتو، بەچاوە داخوراوەکانی سەیری ناو گەرەکەکە دەکات چاوەڕێی هەر جەستەیەکی پێچراوە کە دەربکەوێت.کاتێك بەهیە چووە شەقامە گەورەکەوە هەستی بە هەوایەکی ساردکرد وەك شەپازلەیەکی کتوپڕ دەیدات لە روومەتە گەرمەکانی، ماسولکەکانی دەموچاوی گرژبون و ئەو هەستە سەیرەی نزیکبونەوەی لە مەترسی بەجەستەیدا هات، بەلاچاوی سەیری ئەو پۆلیسەی کرد کەڕاوەستا بوو پاشان چوە دوکانێکی بچوکەوە. کاغەزەکەی لە تابلۆکە کردەوە، پیاوە پیرەکەش وەك هەموو جارێك کەسەیری تابلۆکانی بەهیەی دەکردو لێی وردە بوەوە زەردەخەنەگرتیو، دەستیکرد بە گیرفانیدا و سێ جونەیهی دەرهێنا، یەك بەیەك ژماردی و، پاش ئەوەی جارێکی دیکەش ژماردیەوە دایە دەست بەهیە.

بەهیە هاتە دەرەوە بۆ سەرشەقامەکە یەکسەر هەستی کرد کە دووچاو بەدوایەوەنو سەیری دەکەنو، دوو پێش بەدوای پێکانیوەن، بۆنی نانەواخانەکە بە لووتیدا هات، چوە ژورەوە و پارچەیەکی لەو کێکە خواردکە حەزی لێیەتی. لەبەردەم خەزێنەی پارەکەدا وەستا بۆ ئەوەی پارەکە بدات لە ئاوێنەکەی بەرامبەریدا دوو چاوە بچوکەکەی بینی، هاتە دەرەوە بۆ شەقامەکە. دەستی راگرت بۆ ئەوەی تەکسیەك بگرێت





کاتژمێرەکەی لەسەر مەچەکی بینی. تەکسیەکە لەبەردەمیدا وەستا ئەویش سواربوو، لە سەرسوچی شەقامەکەدا ئاوڕیدایەوە بۆ دواوە دوو چاوە بچوکەکەی بینی کەلەدواوە بوو لەناو تەکسیەکەدا، لە گۆڕەپانی عەتەبە دابەزی. دەیزانی کە رەئوف و فەوزی لەژێر زەمینەکەدا چاوەڕێی دەکەن، بەڵام بۆئەوێ نەڕۆیشت، هەر بەشەقامی ئەلموسکیدا پیاسەی دەکردو دەسوڕایەوە، سەیری ژنو کچەکانی دەکرد کەبەقاچەقەڵەوە بەیەکدا نوساوەکانیانەوە دەڕۆیشتنو، بەجەستەو بەسمتە بەرزەکانیان لەژێر کراسە بریقەدارەکانیانەوە شەقامەکەیان دەهەژاندو،بەچاوە رێژراوەکانیان و بەنیگایەکی تینوانەو،برسی بۆ کڕینی جلو بەرگ و کراسە روتەکانی نوستن ، پاپوچە کراوەکانو کەرەستەکانی جوانکاریو،بۆن و رۆنەکانی چەورکردنی پێست سەیری قاترینەکەیان دەکردو، دەنگە تیژەکانیان لە دوکانەکانەوە دەزرنگانەوەو، دەنگی چەقەچەقی بنێشتەکانیانو،ئاخ هەڵکێشانیان بۆ مۆدێلە نوێکانو، تەقەتەقی بنە بەرزو تیژەکانی پێڵاوەکانیان لەژێر ئەو جەستانەوە دەهات کە لە هەموو جۆرو رەنگێك شتومەکیان کڕیبوو هەڵیان گرتبوو.

بەهیە بە تورەییەوە لێوەکانی دەگەزێت، حەزو ئارەزوی برسی بۆ بەکارهێنان قەرەبویە کە بۆ بێبەشکردنی هەتاهەتاییو، چاوە باشقاڵەکانیان لەژێریاندا ساردو سڕیەکی وەك سەهۆڵ هەیەو، ئەو قژە لولانەی وەك ئاوریشمن لەژێریاندا مێشکێکی ساف و لوسی وەك مێشکی کەروێشکییان هەیە کە هیچ دەربارەی ژیان نازانن تەنها خواردنو زاوزێ کردن نەبێت.

بەهیە چوە دەرەوە بۆ گۆڕەپانە گەورەکە کاتێك کە خۆر خەریك بوو

ئاوادەبوو، کەئاسمان و زەوی و خانوو و درەختەکانی بەسوریەکی رەنگ هەڵبڕوزکاو داگرتبوو، رەنگ هەڵبڕوزکانەکەی سات بەدوای ساتدا زیادیدەکرد وەك دەم و چاوێك کەلەروح کێشانێکی دورودرێژی هێواشدا خوێنی لەبەر بڕوات، پاشان گڵۆپەکانی شەقامەکە هەڵکرانو، سەدەها بازنەی سپی لەسەر قیرو قاترینەی دوکانەکانو شوشەی ئۆتۆمبیلەکانو دەموچاوی خەڵکەکە دەدرانەوە، هەموو شتێك لەو روناکیە سپییەکەدا دەدرەوشایەوەو، گوێ لەدەنگی پێکەنینێکی ناسك بوو کچێکی بینی کە قۆڵی لاوێکی گرتبوو، لاوەکەش بە قوڵەکەی دیکەی باوەشی بە کچەکەدا کردبوو، بەهیە بەڕوویاندا پێکەنی و هەستێکی کتوپڕ لە چالاکی بەجەستە ماندوەکەیدا هات، سنگی پڕبوو لە هەوای شێداری شەوو، چاوە ڕەشەکانی وەك دوو نقێمی ئەڵماس دەبریسکانەوەو، بەشادمانی منداڵەوە سەیری ئەو گڵۆپانەی دەکرد کە بەسەر دوکانەکەوە هەڵواسرا بون کە لە میزەڵدانە رەنگاو رەنگەکان دەچونو، ئۆتۆمبیلەکان بەسەر قیرە بریقەدارەکەدا دەرۆنو، شوشەی پەنجەرەکان وەك ئاوێنە دەبریقێنەوەو، خەڵکی بە جلو بەرگە رەنگاو رەنگەکانیانەوە وەك پۆلێك لەئاسك بەناو تیشکە سپییەکەدا دەجولێنو، منداڵێك موشەکێکی سپی هەڵدا کە بەئاسماندا وەك ملیۆنەها گەردی بریسکەداری رەنگاورەنگ فڕی.

گوێی لەدەنگی پێکەنینەکەی خۆی بوو وەك پێکەنینەکەی کاتێك کە منداڵ بوو لە گوێکانیدا دەزرنگایەوە، خەریك بوو وەك بازدانی منداڵان بەسەر زەویەکەدا بازبدات، بەڵام دووچاوە بچوکەکەی لەبەردەمیدا بینی ، ئاوڕی دایەوە دووچاوی دیکەی بینی کەسەیریان دەکرد، بەلای شەقامە





تەنیشتیەکەی لای راستدا لایدا کەچی دووچاو رێگەیان لێگرت، بەهیە بەخێرایی بەرەو گەڕەکەکە بەرەو لای چەپ رۆیشت لەتاریکیەکەدا جەستەی پۆلیسێکی قەڵەوی بینی کە بە قۆپچە بریسکەدارەکانو چەکە تیژەکەی کەلەپشتێنە چەرمەکەیەوە شۆڕببوەوە لەبەردەمیدا قوت بوەوە.بەهیە وەستا،بە جوڵەیەکی خێرا بەچوار دەوری خۆیدا ئاوڕیدایەوە،ئەو جوڵەیەی کاتێك کە مرۆڤ هەڕەشە لێکراو دەبێتو، هێزە دیارو نادیارەکان چاوی تێدەبڕن کە فرسەتی لێبێنو لەناوی بەرن، ئەم جوڵە خێرایە لەچاوەکاندا، بەهەموو لایەکدا بەدوای ئەو دەستەدا دەگەڕێت کە لەدواوە یان لەپێشەوە یان لەلای چەپ یان راستەوە چەقۆی لێدەدەنو، ئەو جوڵە بەردەوامە لەسەردا، هەموو خانەیەك لەسەردا دەجولێت، بیردەکاتەوە ، چۆن مرۆڤ لەو مەترسیە رزگاری دەبێت کە خۆی بۆماتداوە، چۆن جەستەی لە چەقۆلێدانەکان دەپارێزێتو، بەئاگاداریەوە دوری دەخاتەوە، ئەو گرژبونە ئاگادارەی لە جومگەکاندایە، ئەو لێدانە دڵەراوکێیەی لەسنگدایە، لێدانی خوێنی سەرکەوتوو و خوێنی دابەزیو، ئەو جوڵە خێرا هەمیشەییە رێكو پێکە، لێدانی دڵەڕاوکێ ، لەگەڵیدا لێدانی هەستکردن بەژیان و پەنجە درێژە باریکەکانی دەلەرزین، لەرزینێکی خێراو نەبینراوو، قاچەکانی لەسەر زەوی جێگیرن و هێڵەکانی جەستەی جێگیرن، ئەو خۆڕاگریە بەهێزەی، وەك خۆڕاگری زەوی وایە لەژێر پێکانیدایە، بەڵام لەژێر ئەم خۆڕاگریەدا جوڵەیەکی هەست پێکراوی خێرا هەیە، وەك لەرەلەرەکانی هەوا لەگوێداو، لەرەلەرەکانی خوێن لەژێر دیواری خوێنبەرەکاندا، لەرەلەرێکی خێرا کەلەدەرەوە ئارامو سرەوت دیارە، بەڵام لەژێر ئەم سرەوتنەدا جوڵە توندو

بەهێزە ترسناکەکە خۆی شاردۆتەوە، جوڵەی ململانێ لەنێوان بەرەنگاربونەوەو چۆك داناندا، کە تەنها جوڵەیە بە هۆیەوە مرۆڤ، دەتوانێت جیاوازی لەنێوان ژیانی و مردنیدا بزانێت ساتێکی ترسناکە، کە چەند دەیترسێنێت ئەوەندەش حەزی لێیەتی،و چەند لێی هەڵدێت ئەوەندەش هەوڵی بۆ دەداتو، تەنها ساتەکە تیایدا هەست دەکات کە بەراستی زیندووە، هەستکردن بەژیان روونادات تەنها بەڕوبەڕوبونەوەی مردن نەبێت، وەك سپی کە سپی نانوێنێت تەنها لەبەرامبەر رەشدا نەبێت.

بەهیە لێوەکانی بەزەردەخەنەوە کرانەوەو، چاوەکانی دەبریقانەوە، ئەوساتە ئامانجی ئەوەو، لەسەرەتاوە دەیویستو، بەخۆڕاگری و بەسوربونەوە بەرەوڕوی دەڕوات، دەزانێت کە ئەو تەنها بۆ مەترسی دەڕوات، لێواری مەترسی، ئەو روبەرە بچوکەی کە تەنها بەشی تاکە رێیەك دەکات، لەفەزادا هەڵواسراوە، لەسەریەوە ئاسمان و لەژێریشیەوە چاڵێکی قوڵ، کە مرۆڤ لەنێوان دوو هێزی مەزندا کێش دەکرێت، هێزێك رایدەکێشێت بۆ ئەوەی فڕێی بداتە بنی گۆمەوەو، هێزێك رایدەکێشێت بۆ فڕین بەئاسماندا. لەڕاستیدا دەیزانی کە ئەو ناکەوێتە بنی گۆمەوە چۆك دانادات، نابێتە بەهیە شاهین و، ناگەڕێتەوە بۆ دەموچاوە ئاساییەکانو، لەدەریای جەستە لێکچوەکاندا نقوم نابێت یان بکەوێتە گۆڕێ رۆژە ئاساییەکانەوە.

چاوە ڕەشەکانی بۆ سەرەوە بڵندکردەوە، و ماسولکەکانی پشتو قاچەکانی توندو تۆڵ کردەوە،بەهەنگاوە بڵاوەکەی بەرەو روی پۆلیسەکان رۆیشت، هەر پێیەکی بەجیادەدا بەزەویدا و، بەمتمانەو بە سەربەستییەوە قاچەکانی لێك جیادەکردنەوە. کاتێك گە گەیشتە بەردەمیان و روو بەڕویان





بو بە دەنگە هێمنە متمانە بەخۆکەیەوە وتی:

– یاڵڵا بابڕۆین.

یەکێك لەو پۆلیسانە بەرەو روی هاتو، کە لەپەچەی کردە هەردوو مەچەکەکانیەوەو بەکلیلیك دایخست و کلیلەکەی خستە گیرفانیەوە، بەهیە بەچەند هەنگاوێکی خێرا لەپێشیانەوە رۆیشت، چاوەکانی پێش پێکانی دەکەون و لەنێوان دەمو چاوەکاندا بەدوای دەموچاوێکی باریكو روخسارماندودا دەگەڕا کە غەمو پەژارەی هەمو مرۆڤی هەڵگرتبو، هەروەها ئەو دووچاوی کە دەتوانن دەموچاوی ئەم لەنێوان دەموچاوەکاندا بدۆزنەوەو جەستەشی لەنێوان ملیۆنەها لەو جەستانەدا هەڵبگرێتەوە کەلە گەردوندا دەسوڕێنەوە.

کاتێك کە بەهیە سەلیمی لەبەردەمیدا بینی بەدەنگێکی شادمانەوە وەك دەنگی منداڵ هاواریکرد:

– سەلیم:

بەهیە قۆڵەکانی درێژکرد بۆ ئەوەی باوەش بەسەلیمدا بکات، بەڵام قۆڵەکانی درێژ نەبوون، دەستەکانی لەژێر ئەڵقە ئاسنە داخراوەکەدا لەرزین...